دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٩٤، هەینی ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی، ٥ی مارسی ٢٠٢١

www.kurdistanmedia.com


## پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی

زمانمان شادەماری کوردبوونمانە

کۆماری ئیسلامی، خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی کوردستان قەدەخە دەکات و هەوڵی تواندنەوەی دەدات، بەڵام باکمان نییە. بە بوونی زاراکان، کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بووەتە قوتابخانەیەکی گەورە و بەرین بۆ فێربوونی زمانی کوردی. ڕۆژی ٢١ی فێڤرییە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی لە هەموو نەتەوەی کورد و مامۆستایانی ئەمەگناس و منداڵانی وریا و قوتابییانی چاوکراوەی قوتابخانەی گەورەی کوردایەتی پیرۆز بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

لێپرسراوی گشتی، مستەفا هیجری

٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی


٢٠ی فێڤرییەی ٢٠٢١ی زایینی




ڕێژیمی درۆ! ٤


تابووتی فاشیزم دوابزماری دەوێ ٦


گەلی بەلووچ و تێکۆشانێک بۆ ئازادی ٨


دیمانەی کوردستان ١٠


# ئاگرباران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست




سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٣ی ڕەشەمە بنکەی سەربازی «عەینولئەسەد» لە پارێزگای «ئەنبار»ی عێراق کە شوێنی مانەوەی کۆمەڵێک لە هێزە سەربازییەکانی ئامریکایە، کرایە ئامانجی ١٠ مووشەکی جۆری «ئارەش» کە بەهۆیەوە پەیمانکارێکی مەدەنی گیانی لە دەست دا؛

ئەمە سێهەمین حاڵەتی هاوچەشن لە چەند حەوتووی ڕابردوو بوو کە مردنی کەس یان کەسانێکی لێکەوتەوە.

پێشتریش لە سەرەتاکانی مانگی ڕەشەمە و کۆتاییەکانی ڕێبەنداندا هێرشێکی هاوشێوە کرایە سەر هەولێری پێتەختی کوردستانی باشوور. هێرشی ئەمجارە لە وڵامی کوژرانی ٢٢ کەس لە میلیشیاکانی «کتائب حزباللە»ی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئەنجام درا کە حەوتووی ڕابردوو لەلایەن ئامریکاوە کوژران.

ئەم ڕووداوە هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دانپێدانان و ئێعترافی میلیشیایەکی سەر بە گوردانەکانی «کتائب سیدالشهدا» کە گرووپێکی میلیشیایی عێراقی سەر بە کۆماری ئیسلامییە؛ ئەم کەسە کە ناوی «حەیدەر ئەلبەیاتی»یە ڕایگەیاندووە: هێرش بۆ سەر فڕۆکەخانەی هەولێر لە ٢٧ی ڕێبەندان و هەروەها هێرش بۆ سەر هێزەکانی هاوپەیمانان دژ بە داعش بە سەرکردایەتی ئامریکا لە عەینولئەسەد لەلایەن گوردانەکانی کەتائب و بە پیلانی تاران ئەنجام دراون. ناوبراو دانی بەوەشدا ناوە کە باری لۆجستیکی هێرشەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دابین کراوە.

هاوکات ئەرتەشی سووریە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی ڕەشەمە ڕایگەیاند کە ئیسرائیل چەند شوێنی لە باشووری دیمەشق کردووەتە ئامانجی هێرشی ڕاکێتیی خۆی.

بەپێی ئەو بەیاننامەیەی ئەرتەشی سووریە، ئەم هێرشە لە بەرزاییەکانی گوڵان ئەنجام دراوە و پەدافەندی هەوایی سووریە توانیویەتی وڵامی ئەو هێرشە بداتەوە و هێندێکیان لە ئاسمان بکاتە ئامانج.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوە ئیسرائیلییەکان باسیان لەوە کردووە کە ئەم هێرشانە بنکەکانی میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە ڕێژیمی ئێرانی کردووەتە ئامانج و ئەمە بەشێکە لە وڵامی ئیسرائیل بەنیسبەت هێرش بۆ سەر کشتییە ئیسرائیلییەکە.

پێشتر ئیسرائیل ڕایگەیاندبوو کە بەڵگەی تەواوی لەبەر دەستدایە کە نیشان دەدات ئێران لە هێرش بۆ سەر کەشتیی ئیسرائیلی لە ئاوەکانی دەریای عەمان دەستی هەبووە.

‹›بێنی گانتز›› وەزیری بەرگریی ئیسرائیل وتبووی:

بەراورده سەرەتاییەکان نیشان دەدات کە ئێران بەرپرسی هێرشکردنی سەر ئەو کەشتییە کە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو تووشی ڕووداوی تەقینەوە هات.

لەلایەکی ترەوە بێنیامین نەتانیاهوو سەرۆکوەزیرانی ئیسراییل لە وتووێژێکدا لەگەڵ فاکس‌نیوز کە ڕێکەوتی ١٤ی ڕەشەممە بڵاو کرایەوە ڕایگەیاندووە:

وەک سەرۆکوەزیرانی تەنیا وڵاتی یەهوود ئیزن نادەم تاقمێک ئاخوند ئێمە لە سەر نەخشەی جیهان بسڕنەوە.

قسەکانی ناوبراو هاوکاتە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەندێک ڕاپۆرت لەپێوەندی لەگەڵ هەوڵەکانی ئامریکا بۆ دەسپێکردنەوەی وتووێژەکان لەگەڵ تاران لەسەر بەرنامەی ناوکی.

هەر لەمبارەوە شەوی ڕابردوو جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ئیسراییل لە پێوەندییەکی تێلێفۆنیدا پرسی پێوەندییەکانی دوو وڵات و پرسە هەرێمی و ناوچەییەکان و بەرنامەی ناوکی ئێران و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامییان تاوتوێ کرد کە تێیدا کامالا هەریس وێڕای پێشوازی کردن لە ڕەوتی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئیسراییل و وڵاتانی عەرەبی، بەڵێنی وڵاتەکەی لەهەمبەر پاراستنی ئەمنیەتی ئیسراییل دووپات کردەوە .

ئەم لێدوان و هەڵوێست گرتنانە هاوکاتن لەگەڵ خۆئامادەکردنی زیادتری ئیسراییل بۆ هەر ئەگەرێک لە بەرامبەر ئێراندا؛ وەزیری بەرگری ئیسراییل وتوویەتی: ئەرتەشی ئەم وڵاتە بەردەوام سەرقاڵی خۆتەیارکردن لەبەرامبەر هەڕەشە و مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامییە و ئەگەر بێت و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی سەبارەت بە بەرنامەی ناوکی ئێران هەنگاوێکی دڵنیاکەرەوە هەڵنەگرێت، ئیسراییل تاکلایەنە کاری بۆ دەکات و ئەمنیەتی خۆی دەپارێزێ.

بەپێی ڕاپۆرتێک کە فاکس‌نیوز بڵاوی کردۆتەوە ئیسراییل کۆمەڵێکی بەرچاو ئامانجی لە خاکی ئێراندا دیاری کردووە کە لە ئەگەری بەردەوامبوونی تاران لەسەر هەڵوێستە پێشووەکانی دەیانکاتە ئامانج.

ئەم سەرچاوە خەبەرییە باس لەوە دەکات کە کۆماری ئیسلامی لە ساڵی نوێدا و لە ڕێگەی هەندێک گرووپی نیابەتییەوە لە سووریە و لوبنان دژ بە ئیسراییل جووڵەی سەربازی دەکات.

ڕاگەیەنە نێوخۆییەکانی ئیسراییلیش ڕایانگەیاندووە کە ئەگەر بێت و شەڕ لە نێوان ئیسراییل و گرووپە میلیشیاییەکانی سەر بە ئێران لە لوبنان و بە ڕوونی حیزبولڵای لوبنان بێتە ئاراوە ڕۆژانە تێلئاویو ٣ هەزار ئامانج لە لوبناندا لەنێو دەبات چونکە هەموو پلانەکانی حیزبولڵا کەوتووەتە دەستی هێزە ئەمنیەتییەکانی ئیسراییل.

## پەیڤ

### خۆسازدانی بۆ تەسلیمبوون

کەریم پەرویزی

لە نێوەڕاستی هاوینەوە ئیدی ناوەندە فیکری و لێکۆڵینەوەکان بۆیان ڕوون ببوویەوە کە دانڵد ترامپ و کۆمارییەکان هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئامریکا دەدۆڕێنن و سەرۆکی داهاتوو بایدێن دەبێ. وڵاتانی جیهانیش خۆیان بۆ دەورەی دوای ترامپ ئامادە دەکرد. بەتایبەت ئورووپاییەکان زۆر گرینگییان بە لێدوان و قسەکانی ترامپ نەدەدا و خەریکی خۆسازدان بۆ دوای ترامپ بوون.

بەڵام کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی دیکە خۆی بۆ دوای ترامپ ساز دەکرد، کە جیاوازە لە هەموو سیاسەت و تێگەیشتنی مرۆڤایەتی!

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەیزانی کە هاتنە سەر کاری هەر دەوڵەتێکی دێموکرات بە واتای ئەوە نییە کە لەناکاو هەموو دەرگایەکی بەڕوودا بکەنەوە و هەموو گەمارۆکان لابەن، بەڵکوو لابردنی گەمارۆکان دەخرێتە نێو لیستی دانوستانەکانەوە، بۆیە پێویستی بەوە هەبوو کە بە دەستی پڕەوە!! بڕواتە دەورانی دوای ترامپ و پشتی مێزی وتووێژ، هەر بۆیە هەڕەشە و گوڕەشە و ئاژاوەگێڕییەکانی لە ناوچە زیاد کرد و هەنگاوە دژەیاساییی و دژەڕێککەوتنەکانی لە بواری ناوکی توندتر کرد و تەنانەت فلێزی ئۆرانیۆمیشی بەرهەم هێنا کە تەنیا بۆ چەکی ناوکی بەکار دێ و هیچی دیکە. ئەمانە بۆ سەر مێزی وتووێژ و دانوستاندن بوون تاکوو لە کاتی تەسلیمبوونی بە ئامریکا و ئورووپای دووبارە لێکنزیکبووەوەدا، هەندێ ئیمتیازیش وەربگرێ.

بەڵام هەم ئورووپا و ئامریکا، مەرجی زۆرتری بەسەردا دەسەپێنن و هەم دونیاش گۆڕاوە. کۆماری ئیسلامی ناچار دەکرێ لە هەندێ بەشی دیکەش پاشەکشە بکا و لەڕاستیدا دەبێ بڕواتە پشت مێزی تەسلیمبوون، بەڵام ئەم تەسلیمبوونەی بە جیهان، لە کاتێکدایە کە سەدان میلیارد دۆلار زەرەری بە خەڵك و ئابووریی ئێران گەیاندووە و وڵاتی بەتەواوی وێران کردووە و تەسلیمبوونی درەنگوەختی، پرسیاری زۆر لە نێوخۆ دروست دەکا. ئەو پرسیارە گەورانەی کە لە نێو خەڵکانی ئێران و نەتەوە ستەملێکراوەکاندا دروست دەبن، ڕێژیم دەترسێنێ و بۆ پێشگرتن بەو پرسیارانە و ترسی لە وەکوڵهاتنی کۆمەڵگا لە داهاتوویەکی نزیکدا، لە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی

کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان!
ناوەند و ڕێکخراوە فەرهەنگییەکان !
مامۆستایانی نیشتمانپەروەر و سەرجەم خەڵکی کوردپەروەری کوردستان!

سەرەتا بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ئەو بۆنە فەرهەنگی و گرینگە جیهانییە لە سەرجەم خەمخۆرانی زمانی نەتەوەیی و مامۆستایانی دەروەست و فێرخوازانی تینووی زمان و شوناسی نەتەوەیی پیرۆزبایی دەڵێین.

وەکوو ئاگادارن مەبەست لە دیاریکردنی ڕۆژە جیهانییەکان لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە وەبیرهێنانەوەو گرینگیدان و ئاوڕدانەوەیەکی ڕژد و جیدییە لەو پرسە گرینگانە و یەکێک لەوانیش کە ٢ی ڕەشەمەی بۆ دەستنیشان کراوە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک-ەو هەربۆیەوە ئەمساڵیش بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە ڕووبەخەڵکی مافویستی کوردستان پەیامێکمان هەبێ و پێکەوە ئەویادە پیرۆزە بەرزڕابگرن. ئەمساڵ لە کاتێکدا پێشوازی لەو بۆنە دەکەین کە لە ڕەشبگیرییەکانی وەرزی زستانی ٩٩ی هەتاوی چەند کەس لە مامۆستایانی فێرگەکوردییەکان دەستبەسەر و چارەنووسیان ناڕوونە و هەروەها یەکێک لە کچانی ئازای نیشتمان تەنیا بە تاوانی فێرکردنی زمانی دایک کە مافێکی دانپێنراو و پەسندکراوە و لەلایەن دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامییەوە بە توندی سزا دراوە. کەتمانکردن و پێشێلکردنی زمانی دایک لە سیستەمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی تەنیا بۆ زمانی کوردی ناگەڕێتەوە و گەلانی دیکەی نێو جوغرافیای ئێران وەکو بەلووچ و عەرەب و ئازەری و لوڕ و تورکەمەن و... لەو مافەدا بێبەش و چەوساوەنەتەوە.

حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە هەموو کات هەوڵیداوە بە سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزی و جێنسیەتی لە پرۆسەی خوێندن و خۆپێگەیاندن قوتابییان دوور بخاتەوە. بەڵام بە هەوڵ و تێکۆشانی خەڵکی خۆڕاگر لە چوار دەیەی ڕابردوودا پێچەوانەی هەوڵەکانی ڕێژیم بووە و ئەم ئاواتەی ڕێژیم کە ئاسمیلەکردن و تواندنەوەی گەلان دیکە لە فەرهەنگ و زمانی زاڵ واتە فارسییە پووچەڵ کراوەتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ بەتایبەتی لە کوردستان شاهیدی سەرهەڵدان و گەشەی زمانی دایک و ویستە نەتەوەییەکانین لەو بارەوە و نموونەکەشی ئەوەیە کە لە ڕۆژانی ڕابردوو خەڵکی کوردستان بەتایبەتی ژنان و کچان و دایکانی دڵسۆز و چاونەترسی کورد بە بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆ و ئامادەکردنی پەیام باسیان لەوە کردووە کە «خوێندن و نووسین بە زمانی دایک ئەگەر تاوان بێ! ئەوە ئێمەش تاوانبارین و بەتاوانی پیرۆز». پاراستن و پشتیوانیکردن لە پرسی زمانی دایک لە کاتێکدایە کە بەپێی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، هەر کەسێک ئەو مافەی هەیە بە زمانی خۆی بخوێنێت و بنووسێت و بە زمانی خۆی پرۆسەی پەروەردە تێپەڕێنی، بەڵام منداڵانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەم مافە بێبەرین. تەنانەت ڕێژیم ئامادە نییە ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی وڵاتەکەی جێبەجێ بکات. هەر چەند ئەم ماددەیە بەپێی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی ئینسان، دەرخەری پێشێلکردنی مافە کەلتوورییەکانی نەتەوەکانە لە ئێران. لە ئێران تەنیا زمانی فارسی بە فەرمی ناسراوە و باقی نەتەوەکانی دیکە جگە لە (فارسە) کان لە مافی خوێندن و چالاکی کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بە زمانی دایك نە تەنیا بێ بەش کراون، بەڵکوو هەر جۆر چالاکییەك بۆ ئازادی زمانی دایك بە تاوان بە ئەژمار دێت و زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی پڕن لەو کەسانەی تەنیا تاوانیان هەوڵ بۆ بەرگری لە زمانی دایك و کولتووری خۆیان بووە. ئێستاکە یەکێك لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نیزامی پەروەردە و ڕاهێنانی ئێران دیاردەی دواکەوتن لە خوێندن و برینی قۆناغەکانی خوێندنە، بە پێی ئامارەکان زۆرترین ڕێژەی دواکەوتنی خوێندن لە ئێران لەو ناوچانەیە کە زمانی دایکی ئەوان زمانی فارسی نییە و هەر لە سەرەتای منداڵی ناچار دەکرێن ئەلفوبێی ئەوان فێر بن(فارسی) و لە ئاکامدا ئەم گرفتە ساڵانە بە هەزاران منداڵ واز لە خوێندن دێنن. خوێندن و نووسین بە زمانی دایک مافێکی ڕەوای هەموو کەسە سەر بە هەر نەتەوەییەکی جیاواز و شارەزایانی پەروەردە بەردەوام باس لە گرینگی خوێندن دەکەنەوە بە زمانی دایک، بەڵام خوێندکاران و قوتابیانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەم مافە سەرەتاییە بێبەرین . سەرەڕای هەموو هەوڵەکان تا ئێستە ڕێژیم ئامادە نەبووە بە شێوەی شایستە وەڵامی خواستی خەڵک بداتەوەو ئەو دەرفەتە بچووکانەش کە کراوەتەوە ، تەنیا بە تێچووی خەڵکی خۆڕسک و خەمخۆر بووەو جێی پەنجەشیان سەرەڕای کۆسپ وتەگەرەکان لەسەر پرسی گەشەی زمانی دایک لە کوردستان بە بەراوەرد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی نێو ئێران دیارو زیندووترە.

چەندین ساڵە ڕێژیم بە هەموو تواناکانییەوە هەموو کات هەوڵی بە پەراوێزخستنی هێزی کۆمەڵگا دەدا. ئەرکی مامۆستایان و وانەبێژانی زمانی کوردییە لە سەرانسەریی کوردستان کە لەگەڵ جێبەجێ کردنی ئەرکی ڕاهێنان و پەروەردە کردن و خوێندنی بە زمانی دایک ، خۆیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان ئامادە بکەن. بە پەروەردە کردن و بە ڕێکخراو بوون شکست بە سیاسەتی دژە زانستی ڕێژیم بهێندرێ، واتە ئەو سیاسەتەی کە دەیهەوێت هێزی ئێوە پرش و بڵاو بێت. بە پێی پەسەندکراوی یوونسکۆ مافی خوێندن بە زمانی نەتەوەکان مافێکی سروشتییەو پێویستە کاری بۆ بکرێت و حکوومەت و دەوڵەتەکانیش لەسەریانە هەموو ئامادەکارییەک بکەن بۆ خوێندن و کارکردن بە زمانی دایک. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای جەختکردنەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجمان لە داهاتوودا بە شێوەیەکی دیمۆکراتیکی فێدراڵ ئەتوانین پێکەوە بژین کە هەر نەتەوەو مافی ئەوەی هەبێت بە زمانی خۆی بخوێنێت و بنووسێت و کار بکات و هەروەها لەسەر پشتیوانی کردنی کۆڕوکۆمەڵی قوتابییان، خوێندکاران و مامۆستایان بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان، هەموو هەوڵە سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم لە سەر ئەو توێژانە مەحکووم دەکەین و هیواخوازین خۆری ڕووناکی بەخشی زانست بە سەر تاریکی جەهل و دیکتاتۆری‌دا سەرکەوێ.

**ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢١ی فێڤرییەی ٢٠٢١ی زایینی**
**٣ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# ناوەندی هاوکاری بەنیسبەت ڕەشبگیرییەکان لە کوردستان نامەیەکی بۆ هەموو ڕێکخراو و حیزبەکانی ئاڵمان نارد

پاش هەڵکوتانی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر چالاکانی مەدەنی، ژینگەیی و سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە مەبەستی ئیدانەکردن و لەقاودانی ئەو هەوڵەی ناوەندە ئەمنییەکانی ڕێژیمی ئێران، نامەیەکی بە زمانی ئاڵمانی بۆ هەموو ناوەندەکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتی ئاڵمان، هەموو حیزبە ئاڵمانییەکان، پارلمان و سەرۆک پارلمانی ئاڵمان نارد. لەو نامەیەدا، وێڕای ناوی هەموو ئەو چالاکانە کە لەم دواییانەدا دەسبەسەر کراون و وێڕای مەحکوومکردن و لەقاودانی ئەو هەوڵەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کۆمەڵگای مەدەنی، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوای لە هەموو حیزبەکانی ئاڵمان، ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و پارلمانی ئاڵمان و سەرۆک پارلمان لە وڵاتی ئاڵمان کرد کە وێڕای مەحکوومکردنی میلیتاریزەکردنەوەی کۆمەڵگای مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوای ئازادیی بێ قەید و شەرتی دەسبەسەرکراوان بکەن و گوشار بخەنە سەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران. نامەکەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ: «وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی ئاڵمان، سەرۆکی پارلمانی ئاڵمان و جێگرەکانی، کۆمیسیۆنی چاودێریی مافی مرۆڤ و هاوکارییە مرۆییەکانی پارلمان، حیزبی سوسیال مەسیحیی ئاڵمان و فڕاکسیۆنی ئەو حیزبە لە پارلمان، حیزبی سوسیال دێموکرات و فڕاکسیۆنی پارلمانی ئەو حیزبە، حیزبی سەوزی ئاڵمان و فڕاکسیۆنی ئەو حیزبە لە پارلمان، حیزبی چەپی ئاڵمان و فڕاکسیۆنی ئەو حیزبە لە پارلمان، حیزبی لیبراڵی ئاڵمان و فڕاکسیۆنی ئەو حیزبە لە پارلمان، چەندین پارلمانتاری دۆستی کورد لە هەموو حیزبەکانی بەشدار لە پارلمان، هەموو ئەو ئەنیستیتۆیانەی کە چالاکن لە وڵاتی ئاڵمان، هاین ڕیش بۆل شتیفتونگ، فریدریش ئەبرت شتیفتونگ، کۆردناد ئادەناوە شتیفتونگ و فرێدریش ناومان شتیفتونگ» نێردراوە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران . کۆمیتەی ئاڵمان**
**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران . کۆمیتەی ئاڵمان**
**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران . کۆمیتەی ئاڵمان**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان . کۆمیتەی ئاڵمان**

# لە فێرگەی سەروان «چەکۆ» پۆلێک لە لاوانی نیشتمان پەیوەست بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بوون




ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٠ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی ڕێوڕەسمی کۆتایی دەورەی ٢٤٧ی سەرەتایی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چیاکانی کوردستان بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، فەرماندە نیزامییەکان، کادر، پێشمەرگە و میوانان بەشدار بوون.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر بەشداربووانی دەورە بە ئەنجامدانی ڕژەی نیزامی و پیشاندانی ڕاهێنانەکانی خۆیان لە ماوەی دەورەکەدا، ئامادەیی جەستەیی و نیزامیی خۆیان خستە ڕوو.

پاشان «سەلیم زەنجیری»، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکی بەم بۆنەوە پێشکەشی بەشداربووان کرد. زەنجیری» لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد: «ماوەی ٤٢ ساڵە ئەم ڕێژیمە بە زۆر و زۆرداریی خۆی بە سەر گەلانی ئێراندا سەپاندووە. لە ئاستی نیوخۆییدا لە ئەشکەنجە، ئێعدام، سەرکوت و ئاسیمیلاسیۆن بەردەوام بووە.

لە ئاستی دەرەوەدا باجگیری، دەست بەسەرداگرتن، پشتیوانی لە تیرۆریزم، تەقاندنەوە و هەوڵدان بۆ چەکی ئەتۆمی لە چالاکییەکانی ئەو ڕێژیمە بووە».

ناوبراو باسی لەوەش کرد:

«ڕەنگە ڕێژیمی ئێران لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەدا هەندێک سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت بەڵام لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا نەیتوانیوە ئیرادەی خەبات و بەرخۆدانی خەڵکی کورد شکست بدات و هەروەها نەیتوانیوە جێگەی خۆی لە نێو خەڵکی کوردستاندا بکاتەوە».

لە درێژەی مەڕاسمەکەدا پەیامی فێرگەی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن «خەلیل میلان دودکانلوو» پێشکەش کرا.

پەیامی دەورەی ٢٤٧ی سەرەتایی پێشمەرگە لەلایەن بەشداربووی دەورە «یەزادن فەرهمەند»ەوە پێشکەش کرا.

ئەو دەورەیە وەک باقیی دەورەکانی دیکە دوو بەشی سیاسی و نیزامیی لەخۆوە گرتبوو.

لەو دەورەیەدا کەسانی سەرکەوتوو لە بەشی سیاسی و نیزامیدا خەڵات کران.

لە بەشی سیاسی و نیزامیدا:
«ئاسۆ ئەسعەدی››، پلەی یەکەم
«موعین بازانی»، پلەی دووەم
«ئاکۆ عەلیزادە»، پلەی سێیەم
خەڵاتیان بەدەست هێنا و لەلایەن «لوقمان عەبدوڵڵازادە» یەکێک لە فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەوە خەڵاتەکانیان پێشکەش کرا.

لە بەشی نەزم و دیسیپلیندا:
«دیلان کەریمی»، پلەی یەکەم
«مورتەزا یەگانە»، پلەی دووەم
«عیسا خالیدی», پلەی سێیەم
خەڵاتیان بەدەست هێنا و لەلایەن «موختار سۆهرابی» بەرپرسی فێرگەی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە خەڵاتەکانیان پێشکەش کرا.

لە کۆتاییدا بەشداربووانی دەورە مانۆڕی نیزامی و شەڕی تاکەکەسییان ئەنجام دا.

# پێشمەرگەکانی کوردستان لە چیاکانی کوردستان بەبۆنەی ٢١ی فێڤرییە چالاکییان بەڕێوە برد




پێشمەرگەکانی کوردستان لە چیاکانی کوردستان بەبۆنەی ٢١ی فێڤرییە ڕۆژی جیهانیی زمانیی دایکی بە هەڵگرتنی پلاکارد و دروشمی تایبەت بەو ڕۆژە چالاکییان بەڕێوە برد. لەو چالاکییەدا پێشمەرگەکان جەختیان کردووەتەوە کە خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی مافی نەتەوەی کوردە. پێشمەرگەکان باسیان لە گرینگیی زمانی دایکیی کردووە کە پاراستنی زمان، پاراستنی شوناسە و ئەرکی هەر تاکێکی کوردە. پێشمەرگەکان ڕایانگەیاندووە دوژمن دەیهەوێ ناسنامەی ئێمە بسڕێتەوە و مێژووی ئێمەش چەواشە بکات بەڵام ئێمە بە هاوکاریی یەکتر لە شاخ و لە شاردا ئیزن نادەین دوژمن بە ئامانجەکانی بگات. لە کۆتایی ئەو چالاکییەدا یەکێک لە پێشمەرگەکانی کوردستان پارچە شێعرێکی لە بارەی زمانی دایکی پێشکەش کرد.

# سێمینارێک بەبۆنەی ٢١ی فێڤرییە لە جێژنیکان بەڕێوە چوو

لەلایەن کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کەمپی جێژنیکان ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی ٢١ی فێڤرییە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکیی بەڕێوە چوو.

ئەو مەڕاسمە بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو. سەرەتای ئەو ڕێوەڕسمە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و چەند ساتێک بە بێدەنگیی ڕاوەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا «شەهلا کاوە» چەند وتەیەکی لەبارەی مەراسمەکە و زمانی دایکیی پێشکەش کرد. لە دوای قسەکانی ناوبراو، مامۆستا «بێبەش» کادری حیزبی دێموکرات لەسەر گرینگیی زمانی دایکیی و هەروەها پەروەردەی منداڵان بە زمانی دایکیی قسەی کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕسمەدا «ئەوین حەکیم پوور» پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات وتارێکی لەبارەی چۆنییەتی دیاریکردنی ئەو ڕۆژە پێشکەش کرد. لەو ڕێوڕسمەدا «سروور ڕێواس» وتارێکی لەسەر زمانی دایکیی پێشکەش کرد. لەنێوئاخنی بەرنامەکەدا «سیبەل خوبایی» وتارێکی لەسەر بەها و گرینگیی ڕۆژی ٢١ی ڤێڤرییە پێشکەش کرد.

لە درێژەی بەرنامەکەدا «ساحل خادمی» پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات شێعرێکی بەم بۆنەوە پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

لە کۆتایی مەراسمەکەدا «عوسمان ڕەحمانی» پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات گۆرانییەکی لەژێر ناوی «دایە مەگری» پێشکەش کرد.

## یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا کوشتنی هاووڵاتییانی «بەلووچ»ـیان مەحکووم کرد



یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا کوشتنی هاووڵاتیانی «بەلووچ»ـیان محکووم کرد و و داوایان لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە جیهان کردووە کە بەرامبەر بەم جینایەتە کە زیاتر لە ٤٠ ساڵە ڕێژیم بەسەر نەتەوەکانی ئێرانیدا سەپاندووە، هەنگاو هەڵبگرێت.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

ڕێژیمی ئێران جارێکی دیکە، وەک هەمیشە، دەستی داوەتە کوشتنی خەڵکی بێتاوان.

ئەم ڕێژیمە مرۆڤکوژە ئەمجارە نەتەوەی بەلووچ و بەلووچستانی بە ئامانج گرتووە و بە باڕووت و ئاسن و ئاگری ڕاستەوخۆ، کۆمەڵێک لاوی بەلووچی کە بۆ بژێویی ژیان پەنایان بردووە بۆ پیشەی پڕمەترسیی «سووختبەری»، شەلاڵی خوێن کردن و گیان و ژیانیان لێ ئەستاندن.

نەتەوەی ژێردەست و هەژاری بەلووچیش یەکێک لە نەتەوە بندەستەکانی ژێر دەسەڵاتی نگریسی ئاخوندەکانە کە لە داهات و سامانی نەتەوەکانی ئێران، وەکوو نەتەوەی کورد و باقیی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، بەشی مەینەتی و هەژارییە و لە ڕێگەی پیشە مەترسیدارەکانی وەکوو سووختبەری، ژیانی پڕ لە هەژاریی خۆیان هەڵدەسووڕێنن.

سووختبەریش ڕێگەیەکی مەترسیدار و هات و نەهاتی وەکوو کۆڵبەریی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردە و تاکە ڕێگەی دابینکردنی بژێویی ژیانە کە تێیدا کاتێک لە ماڵ و لەلای ژن و منداڵ دەڕۆیە دەرێ، یان بژێویی ئەو ڕۆژەی ژیان لەگەڵ خۆت دەبەیەوە ماڵەوە، یاخود پێش چوونەدەرەوە، دوادیدارت بووە و هەرگیز بە زیندوویی ناگەڕێیەوە باوەشی بنەماڵە و کەسوکار.

ئێستا و لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا، دوای کوشتنی هۆڤانەی سووختبەرانی بەلووچ، نارەزایەتی و بێزاریی خەڵکی بلووچستان لە بەرانبەر دڕندەیی ڕێژیم سەری هەڵداوە و لە بری بەدەنگەوەچوون و هەوڵدان بۆ چارەسەریی کێشەی خەڵکەکە، بەداخەوە هەمدیسان وەڵامی خەڵکی نارازی بە تەقەی ڕاستەوخۆ درایەوە و دەدرێتەوە و هەتا ئێستا بە دەیان و بگرە سەدان ژن و پیاوی بەلووچ بوونەتە قوربانی و باس لە شەهید و بریندارێکی زۆر لە ئارادایە.

ئێمە وەکوو ڕێکخراوەی ژنان، هەموو ئەو جینایەت و توندوتیژییانەی کە بەرامبەر تاکی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران و لە سەرووی هەموویان خوشک و برا بەلووچەکانمان، کە بۆ دابینکردنی بژێویی ژیان گیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە، شەرمەزار دەکەین و داوا لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە جیهان دەکەین کە بەرامبەر ئەم کوشت و کوشتارەی کە زیاتر لە ٤٠ ساڵە ڕێژیم بەسەر نەتەوەکانی ئێرانیدا سەپاندووە، بێدەنگ نەبن و هەنگاوی بە کردەوەیی بۆ هەڵبگرن.

**یەکیەتیی ژنانی**
**دێموکراتی کوردستانی ئێران**

## یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی پشتیوانیی لە زارا محەممەدی کرد



پێشگرتن لە پەروەردە و خوێندن بە زمانی دایک وەستان و دژایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە»

خودای مەزن بێ جیاوازیدانان لە نێوان نەتەوە و گەلان، تەنیا بە تەقوا نەبێت، ڕەنگین‌کەمانێکی لە زمان و ڕەنگ و ڕەگەز دروست کردووە و مافی وەک یەکی بۆ دابین کردوون بە مەبەستی یەکترناسین و ڕێزدانانی دوولایەنەی مرۆڤانە.

یا ایهاالناس انا خلقناکم من ذکر وانثی، وجعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا ان اکرمکم عنداللە اتقکم.

واتە ئەی مرۆڤایەتی ئێمە ئێوەمان لە نێرە و مێیەک دروست کردووە و دابەشن کردوون بە سەر گەل و هۆز و نەتەوەی جیاواز بۆ ناسینی کلتووری یەکتر، ئەو کەسە بەڕێزترە کە لە خوداترستر بێت.

زمان یەکێک لەو نیعمەت و بەخشانەیە کە بە نەتەوەکان بەخشتراوە، دیارە بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازی هێز و توانایییە جۆراوجۆرەکان بۆ پێشگرتن لە پەروەردەیی زگماکی و زمانی خۆجێیی و دایکی لە ڕاستیدا دژایەتی ئەو بەخششەی خودای مەزن دەکردرێت.


هەرچەند لە یاسای کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئاماژە بە خوێندن و ڕاهێنان بە زمانی دایکی کراوە بەڵام لە کردەوەدا دژایەتی دەکرێت و چالاکوانانی ئەم بوارە دەسبەسەر و سزا دەدرێن، بۆ وێنە سزای پێنج ساڵ زیندانی بۆ خانمی زمانی کوردی خاتوو زارا محەممەدی ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ڕژیمی ئێران لە دژایەتی تەواوی گەلانی ئێران و یەک لەوان گەلی کوردە کە بە هیچ جۆرێک ڕێگا نادات ئەم نەتەوەیە لەو بەخششەی خودای مەزن بەهرەمەند بێت.

زیاتر لە ٤٢ساڵ دەسەڵاتی بە ناو ئایینیەکەی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئامرازێکی سەرکوتکردن، کۆمەڵگای کوردی لە کوردستاندا خاپوور و لە ژێر چاوەدێرێکی چڕ و بێ بەزەییانە ڕاگرتووە و بە ڕێگری کردن لە خوێندن بە زمانی کوردی و سووتاندنی ژینگەی کوردستان و دزین و بە تاڵان بردنی کانگا ژێر زەوییەکان و سەرچاوە ئاوییەکانی ئەم نیشتیمانە دژایەتی خۆی هەم بە ڕووی خودای گەورە و هەم دانیشتووانی ئەم جوگرافیەی زاکرۆس نشینەکان نیشان داوە.

یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران وێڕای پشتیوانی خۆی لە خاتون زارا محەممەدی سزای پێنج ساڵ زیندان بە سەر ئەو بەرێزەدا ئیدانە دەکات و لە ڕۆژی زمانی دایکیدا داوا لە سەرجەم خەڵکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکوانانی زمانی دایکیی و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان دەکات پشتگیری لە زارا محەممەدی و هەموو ئەو کەسانە بکەن کە لەم بوارەدا چالاکن.

**یەکیەتیی زانایانی ئایینیی**
**کوردستانی ئێران**
**۳ی ڕەشەمەی ۱۳۹۹ی هەتاوی**

## کێبڕکێی نێودەوڵەتیی «کیک بۆکسینگ» لە هەولێر بەڕێوە چوو



ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٨ی ڕەشەمە کێبڕکێی نێودەوڵەتیی کیک بۆکسینگ لە شاری هەولێر بە بەشداریی چەندین وەرزشوان لە وڵاتانی ناوچەکە بەڕێوە چوو.

لەو کێبڕکێیەدا وەرزشوانانی وڵاتانی «عێراق، تورکیە و ئێران» بەشدار بوون.

ڕێکخراوی «کووبۆ»(KUBO) بەڕێوەبەری ئەو کێبڕکێیە بوو.

لەو کێبڕکییەدا ئەندامێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بەشداریی کردبوو.

«ئەمیر پوویا» ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی شاری ورمێ لەو کێبڕکێیە نێودەوڵەتییەدا بەشداریی کرد و سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

ناوبراو لە کێشی ٨٠ کیلۆدا بەشداریی لەو کێبڕکێیەدا کردبوو. ناوبراو هەتا ئێستا سەرجەم لە ١٨ کێبڕکێ لە ئاستی کوردستان، ئێران و جیهاندا بەشداریی کردووە کە براوەی سەرجەم کێبڕکێیەکان بووە. «ئەمیر» ساڵی ١٣٦٧ لە گوندی «موانا»ی ورمێ لەدایک بووە.

لەو کێبڕکێیەدا چەندین یاریزان لە ئێران و عێراق لەگەڵ ڕکەبەرەکانیان کێبڕکێیان ئەنجام نەدا. هەر لەو کێبڕکێیەدا یاریزانێکی عەرەب بەهۆی سیاسەتی فاشیستیی خۆی لەگەڵ بەرانبەرەکەی خۆیدا کە یاریزانێکی کورد بوو کێبڕکێی نەکرد.

## لە «سنە» بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو



ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە «سنە» بۆ پشتیوانی لە خەباتی حیزبی دێموکرات چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

پێشمەرگەکانی شار لە «سنە» لە بەرزاییەکانی «ئاویەر» ئارمی حیزبیان هەڵ کرد.

لەو چالاکییەدا تێکۆشەرانی دێموکرات ڕایانگەیاندووە: «هەتا دوایین ساتەکانی ژیان وەفادار بە ڕێبازی حیزبی دێموکراتین و بۆ ڕاپەڕاندنی هەر ئەرکێکی حیزبی و نیشتمانی ئامادەین».

پێشمەرگەکانی شار لە شار و گوندەکانی کوردستان بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی پشتیوانی لە خەباتی حیزبی دێموکرات دەکەن.

## خەڵک لە ئێران بە چەک وڵامی سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم دەدەنەوە



چەندین کەسی چەکداری نەناسراو لە پارێزگای ئیلام هێرشیان کردە سەر هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و چەند کەسیان لێ کوشتوون و بریندار کردوون.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٩ی ڕەشەمە، کەسانێکی نەناسراوی چەکدار لەسەر پردی «گامێشان» لە شاری «دەڕەشار» لە پارێزگای ئیلام هێرشیان کردە سەر هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم.

بەپێی زانیاریی کاناڵە خۆجێییەکان چەندین کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژراون و بریندار بوونە، بەڵام ماڵپەڕەکانی سەر بە ڕێژیم تەنیا باسی کوژرانی یەک کەس و برینداربوونی کەسێکی دیکەیان کردووە.

پردی «گامێشان» لە مەودای نێوان دوو پارێزگای ئیلام و لوڕستان لە شاری «دەڕەشار» لە ١٣٠ کیلۆمەتریی ناوەندی پارێزگای ئیلامە.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا خەڵکی پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام و لوڕستان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی بەلووچ دژ بە کردەوە سەرکوتکارانەکانی ڕێژیم وەستاونەتەوە و هەتا ئێستاش ئەو تێکهەڵچوونانە لەنێوان هێزەکانی ڕێژیم و خەڵک بەردەوامە.

## سنە بۆ سێیەمین کەڕەت لەسەر یەک وەک گرانترین پارێزگای ئێران دیاری کرا



زۆرترین هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵ لە مانگی سەرماوەز هەتا مانگی ڕێبەندان، تایبەت بە پارێزگای سنە بووە، کە نێونجیی داهاتی ئەو پارێزگایە نیوەی نێونجیی داهاتی ئێران بووە.

بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی ئاماری ئێران، هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵ لە مانگی ڕێبەندانی ئەمساڵ بۆ هەر بنەماڵەیەک لە ئێران ٤٨،٢ لەسەد بووە، بەڵام لە پارێزگای سنە ئەم نرخە لە سەدا ١٠ بەرزتر بووەتەوە و گەیشتووەتە ٥٨،٣ لەسەد، کە زۆرترین نرخی هەڵاوسانی لەو مانگەدا هەبووە.

پارێزگای سنە لە هەڵاوسانی ساڵانەش دۆخێکی باشی نییە و نرخی هەڵاوسان لەو پارێزگایە هەڵاوسانی نێونجی ئێران زیاترە، نێونجیی هەڵاوسانی ١٢ مانگی ئێران بە گشتی ٣٤،٢ لەسەد بووە، بەڵام ئەم نرخە لە پارێزگای سنە ٣٥،٧ لە سەد بووە، واتە ١،٥ لەسەد لە نێونجیی ساڵانەی ئێران زیاترە.

زۆرترین هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵی لە پارێزگای سنە لە مانگی ڕێبەندان تایبەت بە گرانیی خۆاردەمەنی، خواردنەوە، توتن ، تەنباکۆ و سیگار بووە، هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵی گشتیی ئێران لەم گرووپەی خواردن و خواردنەوەدا لە مانگی ڕێبەندانی ئەمساڵ، ٦٦،٨ لەسەد بووە، بەڵام لە کوردستان ئەم نرخە ٧٤،٨ لە سەد بووە.

هەروەها نرخی هەڵاوسانی ١٢ مانگەی پارێزگای سنە لە گرووپە خۆراکی، خواردنەوە، توتن و تەنباکۆ لە مانگی ڕێبەندان ٣٧،٩ لەسەد بووە، ئەمە لەحاڵێکدایە کە نرخی هەڵاوسانی ئێران ٣٤،٧ لەسەد بووە.

## درێژەی پەیڤ

چەند مانگ پێشەوە دەستی کردووە بە سەرکوت و دڕندەیی ڕووتتر لە جاران و لە نێو نەتەوەی عەرەب و لە بەلووچستان و لە کوردستان بەوپەڕی هارییەوە هەڵسوکەت دەکا.

کۆماری ئیسلامی هەر وەك هاوینی ١٣٦٧ کە تەسلیمی مەرجەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو، لە نێوخۆ دەستی کرد بە کوشتاری زیندانیانی سیاسی، لە ئێستاشدا کە خۆی بۆ تەسلیمبوون بە دونیای دەرەوە ساز دەکا، ئامادەسازییەکانی لە نێوخۆ بەوە دەزانێ کە هەم خەڵك زیاتر سەرکوت بکا و هەم خۆی یەکدەستتر بکاتەوە.

بەڵام ئەوەی کۆماری ئیسلامی لێی تێنەگەیشتوە ئەوەیە کە نە جیهان و ناوچە لە دۆخی سەردەمی ڕێککەوتنامەی بەرجامدان و تەسلیمبوونی دیکەیان لێی دەوێ، هەم دۆخی نێو ئێران و لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا وەکوو سەردەمی ساڵی ١٣٦٧ نییە و کۆمەڵگا بە توندی خەریکە دەکولێ!

# ڕێژیمی درۆ!




**شەماڵ تەرغیبی**

درۆکردن لە نێو مرۆڤایەتیدا یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی کە هەر لە دێرزەمانەوە هەبووە؛ واتە درۆ خەسڵەتێکە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیە. مرۆڤ لەو ڕۆژەی ئاوەز دەکاتەوە و دەوروبەری خۆی دەناسێت تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت، ئامادەیی تێدایە بۆ درۆکردن.

کەم کەس هەیە لە ژیانیدا درۆی نەکردبێت.

ئیدی لە هەر قۆناغێکدا بێت کە مەبەست لێی، خۆدەربازکردنە لە حاڵەتێک یان دۆخێک، یان بۆ دوورکەوتنەوەیە لە سزا یاخود بۆ خۆبردنە پێشەوە و خۆخۆشەویستکردنە لە مەسەلەیەکدا یان بۆ فریودانی کەسێک یان کۆمەڵەکەسێک،نەتەوەیەک، پەیڕەوانی ئایدۆلۆژیا و ئایینێک. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کاتێک درۆ لەلایەن کاربەدەستێکی حکومەتی یان چەند کەسێک لە سەرانی دەسەڵاتدارییەک بێتە ئاراوە ڕوونە کە درۆکردن بۆ هەڵخەڵەتاندن و فریودانی خەڵکی وڵاتەکەیانە بۆ کۆمەڵێک ئامانجی دیاریکراو بەڵام نادیار کە ئەم شێوازە لە درۆکردن لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە زۆری بوونی هەبووە و وەک دەڵێن کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای درۆ (کە خۆیان پێی دەڵێن تقیە) دامەزراوە، گیانی گرتووە و تەمەنی درێژ کردووە.

لێرەدا چەند نموونەیەک لە درۆکانی سەرانی کۆماری ئیسلامی و دامودەزگاکانی سەر بەو ڕێژیمە وەبیر دێنینەوە:

(خومەینی، نوفللۆشاتۆ، ١٨ی سەرماوەزی ١٣٥٧: «خەڵک ڕاپەڕینیان کرد تاکوو ئازاد بن، نابێ خامەکانیان بشکێنین تاکوو نەنووسن!»

خومەینی، قوم، ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٥٨: «ئەگەر قەڵەمی تەواوی ڕاگەیەندنەکانمان شکاندبوو ئەم گرفتانەی ئێستە دروست نەدەبوون! دادستان ئەرکدارە کە تەواوی گۆڤارەکان دابخات.»)

(خومینی، نوفلۆشاتۆ، ١٤ی خەزەڵوەری ١٣٥٧: «کابرای یەهوودی چوو لەدژی ئیمام عەلی سکاڵای کرد، دادوەرەکە ئیمامی بانگ کرد و بە قازانجی یەهودییەکە حوکمی دا! ئێمە کە باسی ئیسلام و حکومەتی ئیسلام دەکەین مەبەستمان وەها حکومەتیکە.»

خومەینی، قوم، ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٥٨: «ئیمام عەلی لە یەک ڕۆژدا بە شمشێر ٧٠٠ یەهوودی کوشت! ئێمەش دەبێ ئاوها بین»)

(حەسەن ڕوحانی، ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٩: «بارودۆخ لە سیستان و بەلوچستان سپییە. هیچ کیشەیەک بوونی نییە و خەلک و بەتایبەت ئیدارەی پەروەردە و بارهێنان دەتوانن کاروباری ئاسایی خۆیان درێژە پێ بدەن.»

قاسم میری، جێگری زانستە پزیشکییەکانی زاهێدان، ٢٢ی خاکەلیوەی ١٣٩٩: ڕێژەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە سیستان و بەلوچستان بەبەراورد لەگەڵ سەرەتای خاکەلیوە ٣قات و نیو زیادی کردووە.»)

(حەسەن ڕوحانی، ١٣ی خاکەلیوەی ١٣٩٩: بێ هیچ دڕدۆنگییەک ئاماری تووشبووان بە کۆرۆنا لە تەواوی پارێزگاکانی ئێران ڕەوتی پێچەوانەی هەبووە.»

ڕەحمانی فەزڵی، هەمان ڕێکەوت: ڕێژەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە ٤ پارێزگای ئێران ڕەوتی خێرایی دەپێون و حاڵەتەکە مەترسیدارە.»)

(ئاخاوتنی ڕوحانی سەبارەت بە ئەرتەش، ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٨:دوای شۆڕش توندرەوەکان درووشمی هەڵوەشانەوەیان دەدا. من و ڕێبەر ئەرتەشمان سازمان دایەوە.»

ڕوحانی، ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٥٩: دادگا دەبێ بڕیار لەسەر ئەرتەشییەکان بدات و وەک زیناحکارەکان لە پێش چاوی ڕای گشتی هەڵیانواسێت.»)

(دەنگوڕەنگی ڕێژیم، ٣١ی پووشپەڕی ١٣٩٩: «جەواد زەریف بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ڤێلادیمێر پووتین چووە ڕووسیە.»

دەنگوڕەنگی ڕێژیم، ١ی گەلاوێژی ١٣٩٩: «زەریف لەڕێگەی تێلێفۆنەوە لەگەڵ پووتین قسەم کرد و پەیامی سەرکۆمارم پێ ڕاگەیاند!»)

(لێدوانی خامنەیی لەسەر هۆلۆکاست، ١٨ی ڕێبەندانی ١٣٨٤: «هۆلۆکاست ئەفسانەیە.»

لێدوانی زەریف لەسەر هۆلۆکاست، ٧ی ڕەزبەری ١٣٩٢: «هۆلۆکاست جینایەتێک دژ بە مرۆڤایەتی بوو و ئەفسانە نییە!»)

ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکن لە هەموو ئەو درۆ و دەلەسانەی کە سەرانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریانەوە بۆ خەڵکانی ئێران و گەلانی دیکەی دنیا کردوویانە کە سەرچاوەکەی بۆ فتوایەکی خومەینی لە سەرەتای هاتنە سەرکاریدا دەگەڕێتەوە؛ ئەو فتوایەی کە دەڵێ: «درۆکردن بۆ ڕاگرتنی «دین» واجبێکی شەرعییە»! کە بە وەبیرهێنانەوەی ئەم قسەیەی خومەینی کە دەڵێ: «پاراستنی نیزام لە هەموو شتێک پێویستترە» (حفظ نظام از اوجب واجبات است) ڕوونی دەکاتەوە بۆمان کە «دین» لەلای خومەینی و باقی شوێنکەوتووانی هەمان دەسەڵاتی سیاسی خۆیەتی کە لەژێرناوی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیە پێناسەی بۆ کراوە. کەواتە درۆ زۆر و زەوەندەکانی سەرانی ڕێژیم لە ئەساسدا بۆ ئامانجێکی دیاریکراو کە هەمان لەدەسەڵاتمانەوەی خۆیانە دەگەڕێتەوە؛

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین هۆکاری سەرەکی بۆ درۆکردنەکان لەنێو سیستمی سیاسی ئێراندا هەیە کە بە کورتی دەتوانین ئاماژە بەم ١٠ خاڵە بکەین:

١. هاندان و جۆشدانی هەست و سۆزی ئەو بەردەنگانەی کە دەیانهەوێ لەگەڵیان بکەون؛ لێپرسراوانی کۆماری ئیسلامی لەڕێگەی ئاوەز و لۆژیکەوە ناتوانن و نەیانتوانیوە ڕای گشتی کۆمەڵگای ئێران لەگەڵ خۆیان بخەن بەڵام لە تەواوی ئەم ساڵانەدا کە حوکمڕانییان کردووە توانیویانە بە هەڵخەڵەتاندن و درۆکردن و کەڵکاوەژوووەرگرتن لە هەست و سۆزی خەڵک دنەیان بدەن و بیانکەنە لایەنگری خۆیان. نموونەی بەرچاویش لەم پێوەندییەدا دەتوانێ درۆکردنی بەردەوامیان لەڕاستای بە دوژمنناساندنی دنیای ڕۆژاوا بێت لەحاڵێکدا کە ڕێژیم بۆ خۆی بە ئاکار و هەڵسوکەوتەکانی «دوژمن»ی بۆ ئێران دروست کردووە.

٢. بێدەنگ کردنی دژبەران؛ کۆماری ئیسلامی جیا لە هێرش و پەلاماری فیزیکی بۆ سەر جیابیر و دژبەرانی خۆی لە ڕەهەندێکی تریشەوە هەوڵ دەدات کە بێدەنگیان بکات، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بووبێ، ئەویش بریتییە لە دانی وادەی ناڕاست و درۆ.

٣. وەرگرتنی پاداشت و دەسخۆشانە؛ وردەبەرپرسەکانی ڕێژیم کە بەردەوام لەژێر چاودێری ناوەند و دەزگا ئەمنیەتی و سیخوڕییەکانی ڕێژیمن، بۆ خۆشخزمەتی و وەرگرتنی پاداشت و کەمکردنەوەی زەختی ناوەندە ئەمنیەتییەکان، کە ڕوونە مەبەست لە پاداشت وەرگرتنی هێز و دەسەڵاتی زیادترە، ڕوو لە خەڵک درۆ دەکەن تا ڕەوایی، هەرچەند ناڕاست و نێوبەتاڵ، بە دەسەڵاتی ناوەندی ببەخشن و بەمشێوەیە لای بەرپرسانی گەورەتر جێگەی خۆیان قایمتر دەکەن.

٤. خۆدوورخستنەوە لە سزادران؛ بەرپرسە بچووکەکان دەزانن کە هەمیشە لەژێر چاودێریدان و ئەگەر بێت و ڕاستییەک باس بکەن کە لە قازانجی گشتییەتی ڕێژیم نەبێ دەکەونە بەر لۆمە و سزادان؛ کەواتە هەوڵ دەدەن درۆ بکەن و بە درۆ ڕاستییەکان پێچەوانە دەکەنەوە.

٥. هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەرە بچووکەکان؛ هەندێک جار گەورەلێپرسراوانی ڕێژیم بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی وەفاداربوونی کەسانی ژێردەستیان درۆ دەکەن و ئەگەر بزانن کە بەڕێوەبەرە بچووکەکان وەفادار نین پێیان بەرەبەرە حەزفیان دەکەن.

٦. ئەندازیاری کردنی کۆمەڵگا؛ سەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ یەکدەست کردنی کۆمەڵگا هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی درۆوە ویستەکانی خۆیان بکەنە سەرباشقە و ئۆلگووی ژیان و لە ڕێگەی دامودەزگا پێوەندیدارەکانی وەک دەنگوڕەنگ و وەزارەتی پەروەردە هەوڵی تێخزاندنی درۆکانیان لە مێشکی تاکەکانی کۆمەڵگا دەدەن و بە سازکردنی ئۆلگووی ڕەفتاری درۆیین ئاراستەی بیرکردنەوە ژیانیان دەگۆڕن. هەروەها بۆ یەکدەستکردنی سیستمی بەڕێوەبەریی لە بەناو هەڵبژاردنەکاندا درۆ دەبێتە ڕەمزی مانەوە و بەردەوامییان و بەردەوام درۆ دەکەن.

٧. دامرکاندنەوەی هەست و گرێ دەروونییەکانیان؛ سەرانی کۆماری ئیسلامی زۆر نەخش و ڕۆڵ لە ژیانیاندا دەگێڕن و بۆ ئەوەیکە خەنیان کەمڕەنگ نەبێتەوە ناچارن درۆ بکەن؛ بۆ نموونە ئەشکەنجەگەرێکی وەزارەتی ئیتلاعات دەبێ کاتێک دەچێتەوە بۆ ماڵ ڕۆڵی ئەشکەنجەگەربوونەکەی لەبیر بکات و ببێتە باوکێکی میهرەبان یان هاوسەرێکی بەڕێز! یان ئەو بەڕێوەبەرەی کە بڕیاری تاڵانکردنی سامانی گشتی دەدات و خۆی پێ زل و زلتر دەکات کاتێک دێتە سەر شاشەی تەلەفزیۆن دەبێتە مامۆستای ئەخلاق و باس لە ڕەوشتپاکی بۆ خەڵک دەکات! کە ڕوونە ئەم نەخشگێڕانە لە سەرەوەتری خۆیانەوە فێر بوون، واتە فێر بوون کە بە درۆکردن ڕواڵەتی ڕاستەقینەیان بشارنەوە.

٨. هەوڵدان بۆ سازکردنی ڕێزێکی گشتی و کۆمەڵایەتی؛ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هاوشێوەی هەموو سیستمێکی دیکتاتۆری دیکە لەباری کەسایەتییەوە خاوەنی لاوازیگەلێکن کە ڕیشەی لە دەورانی منداڵییان هەیە و ئەویش بریتییە لە نەبوونی کەرامەت و ڕێز و پێگەی کۆمەڵایەتی؛ بۆیە کاتێک دەگەن بە کورسی دەسەڵات، هەوڵ دەدەن کە ڕێز و پێگەی بەهێزی کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن و ئەم گرێ ڕۆحییە لە ناخییاندا دامرکێننەوە بەڵام چونکە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم ڕێزە نین و هیچ بوارێکیان بۆ وەرگرتنی لەلایەن کۆمەڵگاوە نییە پەنا دەبەنە بەر درۆکردن!

٩. هەوڵدان بۆ وەدەستخستنی شوناس؛ بەرپرسانی ڕێژیم، هەر لە بچووکترینیانەوە تاکوو زەلامترینیان، خاوەنی شوناسێکی تایبەت بە خۆیان نین و لەباری کەسێتییەوە زۆر لاوازن؛ ئەمەش وا دەکات کە بەردەوام لە هەوڵدا بن کە شوناسێکی خەڵکپەسند بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن بۆیە بە هەڵبەستنی درۆ لەسەر ڕابردوویان چەواشەکاری دەکەن.

١٠. بێ‌تێچووبوون: درۆکردن تێچوویەکی ماددی نییە و تا ئەو کاتەی کە ئاشکرا دەبێت خاوەنی تێچووی مەعنەویش نییە، هەر بۆیە ئاسانترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە ئامانج!

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم کەتوارانەی کە باس کران دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە لە بنەڕەتڕا «درۆ» بۆ کۆماری ئیسلامی ڕۆڵی داینەمۆی ژیانی هەیە و بەبێ درۆ کۆماری ئیسلامی ناتوانێ درێژە بە ژیانی پڕنەگبەتی خۆی بدات؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرسێکی گرینگی دیکە کە بوونی هەیە و ناکرێ باس نەکرێت ئەوەیە کە کاریگەری و ئاسەوارەکانی ئەم «درۆکردنانە» لەسەر کۆمەڵگا چییە؟

ئایا کۆمەڵگای ئێران بەو فرەچەشنییە کە هەیەتی کاریگەری لە درۆ سیستماتیکەکانی ڕێژیم وەرگرتووە؟

پێش لە وڵامدانەوە بەم پرسیارانە ئاماژەیەکی کورت بە قسەکانی «والری لێگاسۆف» سەرۆکی هەیئەتی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە سەبارەت بە ڕووداوی چێرنۆبیل دەکەین کە لە ساڵی ٢٠١٩دا بڵاو کرایەوە؛ ناوبراو دەڵێ: «تێچووی درۆ چییە؟ ئەوە نییە کە درۆ و ڕاستیمان لێ تێک بچێ.

مەترسی ڕاستەقینە لە درۆکردن ئەوەیە کە ئەگەر بە ڕێژەی پێویست درۆ ببیستین، ئیتر هیچ کاتێک ڕاستییەکان نابینین! کەواتە چی دەکەین؟

چ ڕێگایەک دەمینێتەوە جگە لەوەیکە هیوا بە وەدەستخستنی ڕاستییەکان لە کیس بدەین و دڵمان بە چیرۆکەکان خۆش بکەین!؟ چیدیکە بۆمان گرینگ نابێ کە قارەمانی داستان و چیرۆکەکان کێن؟ تەنیا بە دوای وڵامی ئەوەدا دەگەڕین کە «کێ بەرپرسیارە؟!!»

وەک لە سەرەتادا ئاماژەی پێکرا ئامانجێکی سەرەکی کۆماری ئیسلامی لە درۆکردنە بەردەوامەکانی بریتییە لە «مانەوە»ی خۆی لە دەسەڵات، بەڵام هاوتەریب لەگەڵ ئەم درۆکردنانە پێویستە کە کۆمەڵگاش ببێتە بەشێک لەم پڕۆسە! واتە کۆماری ئیسلامی تەنیا بە درۆکردن ناتوانێ و نەیتوانیوە خۆی لەسەر پێ ڕابگرێ بەڵکوو بە تێخزاندنی فەرهەنگی درۆکردن لە ناخی کۆمەڵگا بەستێنی ئەوەی خۆش کردووە کە کۆمەڵگاش درۆ بکات و بەمشێوەیە ببێتە بەشێک یان پاژێک لەو پازڵەی کە سیستمی سیاسی زاڵ دەپارێزێ! کاتێک دەسەڵات، کە لێرەدا مەبەست کۆماری ئیسلامییە، لە ڕێگەی ئامرازەکانی بەردەستی وەک دەزگای تەبلیغات، دەنگوڕەنگ، سیستمی پەروەردە، بەڕێوەبەرە وردیلەکانی نێو پارێزگا و شارەکان، بە بەردەوامی درۆ دەخزێننە نێو مێشکی بەردەنگەکانیان، بەرەبەرە درۆ دەبێتە شتێکی ئاسایی لە ژیانی ڕۆژانەی ئەو خەڵکە و خەڵک چیدیکە وەک تاوانێک یان لادانێکی ئەخلاقی سەیری ناکەن بەڵکوو وەک هەموو شتە ئاساییەکانی دیکەی ژیانیان لێی دەروانن کەواتە بەرەبەرە لە ئەخلاق و ڕەوشتپاکیش دوور دەکەونەوە بێ ئەوەیکە هەست بە تاوانباربوون بکەن. بەمشێوەیە، قوتابی لەگەڵ مامۆستاکەی درۆ دەکات و بۆ خۆدەربازکردن لە کەمکارییەکانی درۆ دەکات، کارمەندێکی دەوڵەت بۆ پاساوی نەچوونە سەرکارەکەی یان درەنگ چوونەکەی بەرامبەر بە بەڕێوەبەری ئیدارەکەی درۆ دەکات چونکە پێشتر ئەم بەڕێوەبەرە درۆی لەگەڵ کردووە، ژنێک بەرامبەر بە هاوسەرەکەی درۆ دەکات چونکە پیاوەکەی ناڕاست بووە لەگەڵی و ....؛ ئەم درۆکردنانە لە بازنەی بەرفراوانی کۆمەڵگا بەردەوام دێن و دەچن و بەردەوامیش خۆیان بەرهەم دەهێننەوە و لە ئەنجامدا مەیلی دەسەڵات بۆ درۆکردن زیادتر دەکەن.

ئەمەش ئاواتە لەمێژینەکەی دەسەڵاتە چونکە بەو شێوەیە کۆمەڵگا بەخۆیەوە سەرقاڵ دەبێت و بیر لەوە ناکاتەوە کە کێ درۆکان سازمان دەدات بەڵکوو خۆی سەرقاڵ دەکات بەوەوە کە کێ بەرپرسیارە؟ من؟ تۆ؟ ئەو؟ یان .....؟؟؟

# ژیان لە تەمدا، نیعمەت و نیقمەتەکانی سنوورنشینی

مام سەعید

هێڵی سنووری دوو وڵات بۆ دانیشتووانی هەر دوو بەری وڵاتەکە، هێندێک لایەنی پۆزەتیڤ و گەلێک جار نیگەتیڤی هەیە کە بەستە بە بارودۆخی هەرێمی و ناوچەیی و وڵات و دەسەڵاتدارانی لە ئاڵوگۆڕدایە، هێندێ جار دانیشتووانی دەتوانن لە داهات و دەسکەوت و هەلەکانی بە شێوەی گونجاو کەڵک وەربگرن و لە بەرەکەت و نیعمەتەکانی بەهرەمەند بن بەڵام زۆر جاریش بوونی ئەو هێڵە تووشی نارەحەتی و شەڕ و ئاژاوە و ماڵوێرانی و ئاوارەییان دەکا. ئەگەر بە تێبینییەوە چاوی لێ بکەین دەبینین لایەنی نیقمەتەکانی زۆر زیاتر بەسەر لایەنی نیعمەتەکانیدا زاڵە و هەموو کات تای تەرازووی نیقمەتەکان لایەنی نیعمەتەکانی وە هەڵلاژێن خستووە و لە هەردی بڕیوە. هەم مەترسی دەرەکی زۆر بووە و هەم بەربەستی ناوخۆیی بە ناوی مەترسی دەرەکی لە سەر دانیشتووانی چەندقات بووە! ئەو لەمپەڕانەش هێندێک بە یاسا ڕێک خراون و هێندێک بەپێی کەشی ناوچەکە ڕێوشوێنی بۆ دامەزراوە. هێندێ جاریش ئەو بەربەستانە ئاو و تامیان لێ زیاد کراوە.

ئەوەی دەرەکی پێوەندی بە باری دیپلۆماسی و ڕامیاری دەرەوەی وڵاتە لەگەڵ دراوسێیەکان بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە باری یاسایی هەیە یەکەم: بەربەرەکانی لەگەڵ هێنان و بردنی کەلوپەلی قاچاخە لە سەر سنوورەکان. دووهەم: پتەوکردنی سنوور بۆ ڕێگری کردن لە دزەی دوژمن؛ کە ئەوە ئەرکەکەی بە هێزەکانی نیزامی و ئاسایش و تەناهی وڵات ئەسپێردراوە. سێهەم: لەبەر ئەوەی سنوور شوێنێکی نائەمن و ناسەقامگیرە ناکرێ هێندێک کارخانە و کارگەی زەبەلاح و مامناوەندی کە بە ناوی گەڵاڵەی نەتەوەیی (طرح ملی) لێ دابمەزرێ. هەروەها لەبەر دووربوونی سنوور لە ناوەندی دەسەڵات و گرینگینەدان بە ناوچە سنوورییەکان لە زۆریەک لە خزمەتگوزارییەکان و هەل و دەرفەتەکان بێبەش دەبێ یان هەر نایگاتێ. بۆنموونە ئەگەر چاو لە خەریتەی ڕێگاوبانەکان لە ئێران دەکەی هەموو گەورەڕێیەکان و ئوتوبان و شاڕێ و ئازادڕێیەکان لە ناوەندەوە دەستیان پێکردووە و پەلوپۆی بۆ ڕاست و چەپ و خوار و ژوور هاویشتووە و هەتا بۆ لای سنوورەکان دێی ڕێگاکان باریکتر و باریکتر بوونەتەوە و لە سنوور بۆتە مووڕێ! جا بۆخۆت بێنە بەرچاو، لە زۆر شتدا هەر بەم شێوەیەیە.

سنووری پیرانشار یان خانێ لەباری جوغرافیایی ناسراوە و لەباری مێژوویی تەمەنی بۆ ۱۰۰ هەتا ۱٥۰ساڵ پێش دەگەڕێتەوە . خانێ بە مانای کانی و بە مانای کاروانسەراش هاتووە. لە دەوروبەری کانی کۆنەخانێ شارۆچکەیەک بووە کە پێدەچێ شوێنی حەسانەوە و ئیسراحەتی کاروانچیان بووە.

ئێستاش شوێنەواری مێژوویی لە دەوروبەری کانییەکە لە دڵی هەردی دێنەدەر. جا ئەگەر بێینە پێشتر لە کاتی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە موسڵ و دەسەڵاتی میرانی سۆران سەر بەو ئیمپراتۆرییەتە ئەم ناوچەیە سەر بە دەسەڵاتی میرەکانی موکری سەر بە ئێران بووە. قەت ئەو سنوورە بەو مانای ئەوڕۆ حیسابی لە سەر دەکرێ نەبووە، لە ڕابردوودا ئێرە بە ناوی کوێستان و بەری سەر بە دەسەڵاتی عوسمانی بە گەرمێن ناو دەبران. پاش لەنێوچوونی عوسمانییەکان و دامەزرانی وڵاتی عێراق ئەو سنوورە وردەوردە بەهۆی کێشەی نێودەوڵەتی توند کراون کە لە زەمانی بە دەسەڵات گەیشتنی بەعسییەکان گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی عورووس (تیزار) بەو ناوچەیەدا تێپەڕیوە و کوشتوکوشتارێکی زۆری کردووە و پاش ئەویش گرانییەکی سەخت ناوچەکەی گرتۆتەوە و کاڵەموونە هاتوون. لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا دیسان لەلایەن ڕووسەکان (سۆڤییەت) دەستی بەسەردا گیراوە و لە زەمانی ڕەزاشا هێندێک یەکانی هێندراونەتە خانێ لە نێوان زەرگەتەن و کۆنەخانێ نیشتەجێ کراون و دوکان و بازاڕیان کردۆتەوە و کاری هاوردە و هەناردەیان لەو سنوورە کە بە کردەوە مانای هێڵی نێوان دوو وڵات بەخۆوە دەگرێ، دەکەن. هەم لە زەمانی دەسەڵاتی محەممەدڕەزاپاڵەوی و هەم پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران سەدام دوژمنایەتی ئێرانی کردووە ئەو سنوورە بەستراوە بەڵام هەموو کات بە شێوەی نافەرمی بە قاچاخی کاری لێ کراوە و هامووشۆی پێدا کراوە. لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق پیرانشار و ناوچەکەی هەموو کات لە ژێر ڕەهێڵەی تۆپ و تەیارەی ڕێژیمی بەعسدا بوو. ئەو شەڕە بۆ خەڵکی ناوچەکە ئاوارەیی و ماڵوێرانی و کاولکارییەکی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا. وەک کورد گوتەنی دەبێ بە داستان بیگێڕییەوە. لەگەڵ زەبروزەنگی دەسەڵاتدارانی بەعس لەو دیو سنوور زۆر کەسی دەکوشت یان بە دیلی دەگرتن. هەموو کات ڕێگر بوو لەبەرامبەر کاسبکارانی ئێرانی (لەو دیو دیلە کاسبکارەکان وەک دیلەکانی شەڕی دەهاتنە ئەژمار و حیسابی دیلی شەڕیان لەسەر دەکرا) بەو حاڵەش ئاڵوێر و هامووشۆ قەت بە تەواوەتی نەبڕاوەتەوە.

هەتا ساڵی ۱۳۷۰ هەتاوی؛ ئەو کات کە خەڵکی کوردستانی عێراق هەستانەوە و پاشان لە ترسی دڕندەیی ڕێژیمی بەعس تووشی ئەو کۆڕەوە گەورە بوون. ئەو کات دەروازەکانی سنووری خانێ و هەموو سنوورەکانی تریش بە سەر خەڵکی لێقەوماو و ئاوارەدا کرایەوە و پاش ئەو کارەساتە هاتووچۆ و ئاڵوێر لەو سنوور وردە وردە بڕوەی پەیدا کردەوە و لە ساڵی ۱۳۷٥ بازاڕچەیەک بە ناوی ( بازارچە مبادلات مرزی و پیلەوری ) بۆ خەڵکی کەمداهات و فەقیری سنوورەکە کرایەوە. گەلێک کەس کارتی پیلەوەرییان پێدراو و کاری هەنارده و هاوردە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ برەوی پێدەدرا و ئەوجار کارتەکانی پیلەوری لە قالبی (تعاونی مبادلات مرزی) و (تعاونیهای پیلەوری) یاسامەند کران. لە هەوڵ مانگی بەهاری ساڵی ۱۳۸۷ لە کۆبوونەوەیەکی بەربڵاوی بەرپرسانی ناوەندی و پارێزگایی ئێران و شاری پیرانشار و هەروەها کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان لە خاڵی سنووری تەمەرچیان، فەرمیبوون و بەنێودەوڵەتیبوونی ئەو سنوورهیان ڕاگەیاند و دامودەزگای گومروگ و وردە وردە بنکەکانی دیکەیان لێ دامەزراند. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بەڵێنی درا کە ڕێگای هەولێر - حاجی ئۆمەران بە دووسایدی بکرێ و شاڕێی تاران - تەورێز و تەورێز — ورمێ - نەغەدە بۆ تەمەرچییان هەتا زووە دەست پێبکەن و پێکەوەی گرێ بدەنەوە. کارتی تیجاری کاری پێدەکرێ و یاساکانی گومرگ بەشێوەی فەرمی کاری پێدەکرێ و گومرگ لە بازارچە جودا دەکرێتەوە و پاشانیش سایتی هاتوچۆی موسافر و میوان بە پاسپۆرت دادەمەزرێ و دوایی دەکرێتە ۲٤ کاتژمێری و گەلێک دامودەزگای پەیوەندیدار لەو سنوورە جێگیر دەکرێن.

هەر لە تەنیشت ئەم دامەزراوەیە هێندێک کەلوپەلی ڕێگەپێنەدراو و پێویست و ناپێویست و لوکس ... لە ڕێگای نائاسایی و بەشێوەی نایاسایی بە پشت و بە یەکسم هاوردە و ئاودیو دەکرا کە جۆر و شێوەی کاڵا و کەلوپەلەکان بەپێی ویستی خەڵک و بازاڕی نوێی ئێران یەکجار زۆر بوو بەڵام گەلێک مەترسی دیار و نادیار لە سەر ڕێگای ئەوانە لەبۆسەدا بوون. ڕێگای سەخت و دژوار، مین و کەمین، سەرما و شەختە، دز و جەردە ببوونە قاتڵی سەری کاسبکارانی سەر ئەو سنوورە. بە دەیان کەس بە گوللەی هێزە ئینتیزامییەکان کوژران و وەسەر مین پەڕین و لە کڕێوە و باراندا ڕێگایان لێ ون بوو و لە سەرما ڕەق بوونەوە و هەڵدێران و وەبن ڕنوو کەوتن و ماڵیان لێ ئەستێندراو زەوت کرا و خوراو ئەوان مافنگی مانەوە. بەڵام دەستیان هەڵنەگرت و دیسان تێهەڵبوونەوە. هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەیکە شورای دەورەی هەوڵ بۆ سەروساماندان و ڕێکوپێککردنی ئاڵوێری مەرزی ناوەندێکی بۆ ڕانان و لێککۆکردنەوەی کاسبکارانی هاوردەکاری کەلوپەلی ناو ماڵ و ئێلێکترۆنی و دەنگوڕەنگ و پۆشاک و لامپ و ... دیاری بکا. یەکەم بازاڕچەی کەلوپەلی هاوردە لە شەقامی ئیمام کە ماوەیەک بوو بە تەواوی چۆڵ ببوو کرایەوە. توانی بە ماوەیەکی کەم گەشەیەکی باش بستێنێ. بەو کارە لەلایەک شار گەشەی سەند و لە هەموو شارەکانی دەوروبەر بۆ کار و کاسبی خەڵک ڕوویان تێکرد، هەم بە هۆی زیادبوونی هێنانی کەلوپەلی هاوردە و ڕووتێکردن و پێشوازی خەڵکی شارەکانی دیکەی ئێران لە کڕینی ئەو کەلوپەلانە، بەرپرسان بۆ سەروساماندان بەو کارە کەلەبەرێکیان بۆ کردنەوە کە هەم بە هاسانی بتوانن هاوردە بکەن، هەم چاوەدێری بکرێ و هێندێک کەلوپەلی دیاریکراو و ڕێگەپێدراو ئیزنی هاوردەکردنیان هەبێ و هەم ئەم کەلەبەرە لە وەرگرتنی باج و خەرجی گومرگی مەعاف بوو.

پاشان ئەو کەلەبەرەش ڕێوشوێنێکی بۆ دیاری کرا و کارتی کۆڵبەری و سرە و نۆبەی بۆ دامەزرا و سەنگ و تەرازوو و کیلۆ و باتمان هاتنە گۆڕێ و هەرکەس زیاتری هەڵبگرتایە دەسحەقی زیاتری وەردەگرت! ئەوەش بووە هۆی ئەوەیکە گەلێک کەس تووشی قەوەرێکەوتن و سەقەتی و لاق شکان و پشت وەرگەڕان بن. هەتا ساڵی ڕابردوو بە بیانووی بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاخ و داکۆکی لە بەرهەمی ناخۆیی و وەبەرهێنەران ئەو کەلەبەرە بۆ ماوەیەک داخرا! پاش هەراو کێشەیەکی زۆر لە نێوان نوێنەر و بەرپرسانی شار و پارێزگا و ناوەند و خەڵک دیسان ئەو کەلەبەرە کرایەوە بەڵام ئەو جار زۆر جیاوازتر بوو لە جارانی پێشوو! بەشێوەیەک کە قەت وەک ئەو ماوەیەی ئاڵۆز و پڕکێشە و بە قسەوباس نەبووە!! ئەوەش لەو کاتەوە سەرهەڵدەدا کە هێندێک بەرپرس و ئیدارەی شارستانی و پارێزگایی کیسەیان بۆ هەڵدووری! ئەو کەلەبەرە بۆ هەژار و بێدەرەتان و گەشەی شار کرابۆوە ئەگەر وەک ڕابردوو بۆ ئەوانی بەجێبێڵن و دەستی هێندێک بەرژەوەندخوازی دەرەکی کورت بکرێتەوە دەتوانی دیسان بۆ خەڵک و شارەکە بەسوود بێ.

ئەوەی ئەمڕۆ بە ناوی داهاتی مەرزی و مجەوز و پسولە لەگۆڕێدایە هیچ یارمەتییەکی خەڵک و شار نادا، نەک هی خەڵک و شار بگرە خەڵکی ئێرانیش نادا! چوونکە لە ناو شار وەک دەڵێن بازاڕی ئازاد و ڕەقابەتی بۆ دۆزینەوەی بازاڕ و وردکردنەوەی کاڵا و کەلوپەلەکان زۆر بەهێزە، کاتێک ئەو ڕەقابەتە بەهێزە هەیە ئیتر پێویست بە باج خستنە سەر کابرای بازرگان مانای نابێ! لە حاڵێکدا باش دەزانین ئەوەی لە زیادبوونی ئەو باج و خەراجە زەرەر دەکا تەنیا خەڵکی هەژار و فەقیری هەموو ئێرانە،تاجر یان مامەڵەچی لە پێشدا سەرمایە و پاشان تێچوو و خەرجەکان جیا دەکاتەوە ئەوجار خێری خۆی داوێتە سەر کاڵا و کەلوپەلەکە، ئەوەی دەوڵەت بە ناوی باج لێیدەستێنێ ئەو لە گیرفانی خەڵکی فەقیر و کەمداهات کە لە بەر هەرزانییە دەکڕی، دەیدا!! زۆر باوە و دەگێڕنەوە ساڵانی سەرەتا کە تازە ئەو هاتووچۆیە ئەوا گشتگیر ببوو ئەو کات کابرا دەچووە حاجی ئۆمەران و تلویزیۆنێکی بە پشتێ دادەدا و هەزار تمەنی باج دەدا و هەتا نێو شاری بە پێیان دەهاتەوە لە نێو شاری دەیفرۆشت، هی وا هەبوو خۆی لە پێشمەرگە و ئاسایش دەشاردەوە و هەزار تمەنە باجەی نەدەدا، کە بە ماندوو و شەکەتی دەگەیشتەوە نێو شاری بە هەزار تمەن کەمتر لە بازاڕ دەیفرۆشت!! پێیان دەگوت بۆ وا دەکەی دەیگوت هەرزانم بۆ ڕاوەستاوە!! ئەوەیە بازاڕی ڕەقابەت و کێبەرکێی زوو وردکردنەوە. نابێ ڕێگە بدرێ ئەو سنوورە بە ئینحیساری بکرێ، دەبێت بۆ ئەم سنوورە ڕێکارێکی گونجاو بدۆزینەوە و مۆڵەتیش نەدرێ کە سوودی گواستنەوەی کەلوپەل تەنیا بچێتە گیرفانی چەند کەسێکەوە.

لەم بابەتەدا دەبێ جەخت لەسەر دۆخی نالەباری ژیانی سنوورنشینەکان و کۆڵبەران بکرێتەوە. کارێک بکرێ کە هەم هەلی کار بڕەخسێ هەم ڕێژەی هەناردە ببەرێتە سەر. هەر بە تەنیا کۆڵبەری هیچ گەرەنتییەکی نییە و نابێ تەنیا کۆڵبەری بەشی خەڵکی بێبەشی سەر سنوور بێ.

بەڵام ئەوەی بۆ داکۆکی لە بازاڕی ناوخۆ و وەبەرهێنەران و کارخانە و کارگاکانی خۆماڵی بەڕێوە چوو بووە هۆی ئەوەیکە چەند مانگ سنووری کۆڵبەری ببەسترێ و ئەو تەوژمەی بۆ بازاڕی نێوخۆ بۆ بازاریانی شارە گەورەکانیان هێنا و پاشانیش ساخ بۆوە کە ئەو زەخت و زۆرەی کە بۆ ناوچە سنوورییەکانیان دەهێنا تەنیا نان بڕینی خەڵکی هەژار و بەشمەینەت و دەستەوەستانە، بۆیان دەرکەوت کە کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە!! قاچاخچییەکان ئەوانن کە بە کەشتی و کانتینێر و ماشێنی گەورە ترانزیت دەکەن ماڵی خەڵک و بەرهەمی ناوخۆیان خراپ کردووە!! گیرفانی خۆیان پێ پڕ کردووە. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی نەبوونی چاوەدێر و پاشان لێپێچینەوە و لێپرسینەوە و بەدواداچوون بازاڕی ناوخۆیی بووە بە پاشاگەردانی و کەس سەنەی کەس ناخوێنێتەوە و کاڵاکانیش هەم لە بواری چەندایەتی و چۆنیایەتی، هەم لە بواری ڕانان (عرضە) و هەم لە بواری کوالێتی دابەزینی زۆری هەبووە و لە بواری نرخەوە گەلێک بەرەوژوور چووە. هەر لەو شارە چکۆلەی خۆمان چەند مانگ لەمەوبەر هەموومان دەماندیت کە بەر دەرگا و جامی فرۆشگا و کۆگای فرۆشتن و نوێنەرایەتی کەلوپەلی بەرهەمی ناوخۆیی پڕ ببوو لە بەنێر و کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ کە پروپاگەندەی داشکانی نرخیان لێ نووسرابوون. ۳۰٪، ٤۰٪، هەتا ٥۰ و ٥٥٪ یشی لێ درابوو! ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەو فرۆشگا و ناوەندی فرۆشانە نەک هەر بەرهەمهێنەر نەبوون بگرە بریکاری و بریکاری بریکاریش نەبوون دەستی سێ و چواری بازار بوون. ئەوانیش پاش دەستی دووهەم و سێهەم کە خێری خۆیان دەهاویشتە سەر و بەهرەی خۆی لێهەڵدەگرت بە ٥۰ هەتا ٥٥٪ داشکان دەیفرۆشی !!یانی چی؟ ئەوە ناراستی نییە، ئەوە پاشاگەردانی و ئەوە هەرجومەرج و شێواوی نییە! ئەوە بێمتمانەیی و هەژاری زیادکردن نییە! ئەوە مەودای چینایەتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر ناکا ! داکۆکی لە وەبەرهێنەری ناخۆ بەبێ چاوەدێر و لێپێچینەوە و بەدواداچوون سەرکەوتوو نابێ. بۆ مەگەر کابرای وەبەرهێنەر بەپێی یاسا دەتوانێ چەند بەهرەی باوێتە سەر کاڵاکەی ۷۰یان ۸۰٪ زیاد خستنە سەر کاڵا چ مانایەکی هەیە! ئەو بازاڕییەی دەستی سێ و چوارە و بەو مەزەندەییەی داشکانی دەبێ دیارە قازانجی خۆشی جیا کردۆتەوە کە بە لانیکەمی ۱۰ هەتا ۲۰٪ دەبێ قازانجی دەستی دوو و سێ وەرەسەرێ خۆ لە هەشتا نەوەدی دەدا.

ئەدی کەرەستەی سەرەکی (مواد اولیه) و تێچووەکانی! بۆ ! ئەوەی ڕاستی بێ بار گرانکردن لە سەر خەڵکی فەقیر و هەژار کارەسات و کێشەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە و ئارامی و تەناهی لە کۆمەڵگا بار دەکا و گۆڕخەو و کارتۆنخەو و سبەی سەدان بەڵای دیکە سەر هەڵدەدا.

لەگەڵ ئەو هەموو هەوراز و نشێوەی تووشی کاسبکارانی سەر سنوور دەبێتەوە کە لە ڕێگەی نائاسایی کەلوپەل هاوردە دەکەن، قەت دڵی پێخۆش نەبووە قەت ئەرخەیان نەبووە چوونکە نە قەت تێری کردووە و نە قەت پێی پشتگەرم بووە و نە قەت ئەرخەیان بووە؛ نە توانیویەتی وەک کار و شوغڵ چاوی لێ بکا، لەبەر ئەوەی هیچ داهاتوو و دڵگەرمییەکی بەو کارە نەبووە. هەمیشە لەڕووی ناچاری و لەبرسان و لەبەر دابینکردنی بژێوی ڕۆژانە و ڕووسپی بوون لە نێو ماڵ و منداڵی دەستی داوەتە ئەو کارە. لەگەڵ ئەوەی تەواوی مەترسییەکانی ڕێگای لە بەر چاو بووە هەمووی بە گیان لە ڕێگەی ژیانێکی ئابڕومەندانەدا کڕیوە. سینگی خۆی بە گوللەوە ناوە و بە شەوی تاریک بەفری هەتا بەژنیی بڕیوە و وەسەر مین پەڕیوە و هەزاران مەترسی دیکەی لە ڕێگەی وەدەستهێنانی نانی ماڵ و منداڵ بەزاندووە؛ بەڵام دیسانیش ئەوەی لەگەڵ کۆڵبەر و کاسبکار لەو سنوورە دەکرێ بێڕێزییە بە ڕێزی ئینسانییەتی ئەو ئینسانە هەژار و بێدەرەتانە. ئەمڕۆ ئەو کەلەبەرە کە کراوەتەوە تا ڕادەیەکی زۆر ئەو مەترسیانەی لە سەر کەم بوونەتەوە بەڵام کۆتاییان نەهاتووە! بەشێوەیەکی دیکە و جۆرێکی دیکە بەربینگیانی گرتۆتەوە. لەوەتەی کیلۆ و باتمان لەو سنوورە هاتۆتە ئاراوە هەموویان زۆر زیاتر لە تاقەت و سەنگایی خۆیان بار هەڵدەگرن کە ئەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جەستە و لەشی ئەوان دەبێ و زۆربەیان تووشی لاق-شکان و پشتشکان و قەوەرێکەوتن دەبن. ئەگەر ئەوڕۆش هەستی پێنەکەن سبەی بەسەری پیری لێیان وەدەردەکەوی.

ئەمڕۆ کە توانای دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی نییە، سبەی کە لە کار کەوت چۆن توانای دابینکردنی تێچووی داوودەرمانی نەخۆشییەکانی دەبێ؟! لەحاڵێکدا هیچ چارە و فکرێک بۆ پاشەڕۆژی ئەو بێدەرەتانە نەکراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵبەر هیچ یاسایەکی داڕێژراو و پەسندکراوی بۆ کارکردن لە سنوورەکان لە دەسەڵاتی یاسادانانی ناوەندەوە نییە، یانی یاسا ئەو حەقەی ئەو بە فەرمی ناناسێ و چوارچێوەیەکی دیاریکراو کە بتوانێ لەم ڕێگەیەوە دابینی بژێوی ژیانی خۆی و بنەماڵەی بکا لەئارادا نییە. بۆیە کۆڵبەری بە شوغڵ نایەتە ئەژمار و هیچ گەرەنتی و پشتیوانێک نییە بۆ متمانە و پاڵپشتی بواری ژیانی سبەی! ئەوەی ئێستا وەک بڕیارات و ڕێوشوێنی کۆڵبەری لە ناوچە سنوورییەکان کاری پێدەکرێ، هیچی لە ڕوانگەی یاساییەوە ڕێگەپێدراو نییە! لەگەڵ ئەوەش ڕاستە یاسا ڕاستەوخۆ لە ڕێگای دەزگای یاسادانان واتە مەجلیس کۆڵبەری پێناسە نەکردووە بەڵام مافی ئەوان بە فەرمی دەناسێ و بە هەر شێوەیەک بێ ڕێگەیان پێدراوە کە لە چوارچێوەی ئەو ڕێوشوێنەی بۆیان دیاری کردووە هامووشۆی ئەودیو سنوور بکەن و لەو ڕێگەیەوە بژیوی ژیانی دابین بکا. کۆڵبەری کارێکی کاتییە. هیچ گەرەنتی و متمانەیەک نییە بۆ بە پیشەیی بوونی ئەم کارە! کەسیش ناتوانێ داکۆکی لێبکا! جا بۆیە پێویستە گەڵاڵە و بەرنامەی لەبار و شیاوی بۆ بدۆزرێتەوە، کار و پیشە بۆ خەڵکی سەر سنوور ڕەچاو بکرێ کە بتوانێ جێگای متمانەی ئەمڕۆ و سبەی خەڵکی ناچەکە بێ. کارێک کە هەم خەڵک پێوەی سەرقاڵ بێ و هەم یارمەتیدەری پەرەپێدانی سنوور و بردنەسەری هەناردەی بەرهەمی ناوخۆیی بێ. هەتا ئەو خەڵکەش لەو ژیان و گوزەرانەی لەناو تەمدا هەیانە بێنەدەرێ.



# تابووتی فاشیزم دوابزماری دەوێ




چەکۆ ئەحمەدی

تایبەتمەندیی هاوبەشی هەموو فاشیستەکان گشتخوازبوون و خۆ لەسەروو هەمووانەوە بینینە. فاشیست لە ڕوانگەی خۆیەوە لە هەموو بوارەکانی ژیان و کولتووردا باشترینە و ئەوی دی لەژێر سێبەری ئەواندایە کە دەتوانن وەک مرۆڤ ژیان بکەن؛ کەواتە هەرچی ڕوو دەدات لەلایەن ئەوانەوە ڕەوایە و یاساییە و ئەوی دی دەبێ شوکرانەبژێری دەرگای باڵادەست بێ. لێرەدا و لە وڵاتێکی وەک ئێران کە دەسەڵاتداران خۆیان بە بان کولتور لە ئاستی جیهانیدا دەبینن و میراتگری «هنر نزد ایرانیان است و بس»ن، بە جۆرێکی دیکەش هزری فاشیستیی مەزهەبیی لە سیستمەکەیاندا زاڵ کردووە. دەسەڵاتدارانی تاران بە درێژایی سەدان ساڵ لەڕووی نەتەوەییەوە خۆیان بە باڵادەست دەزانن و لە ١٩٧٩وە تا ئێستاش هەموو کردەوەیەکی فاشیستانەی مەزهەبییان لە یاسادا گونجاندووە و ئەو کردەوانەی کە لە ڕابردوودا تەنیا لە گوتار و دەقی ئەدەبی و پەرتووک و دیوانە شێعرەکاندا بوو، ئێستا بووەتە یاسا و دەسەڵاتدارانی تاران بەپێی یاسا هەموو چەمکەکانی ژیانیان قەدەغە کردووە چونکە لە ڕوانگەی ئەوانەوە «ئەوی دی» تەنیا دەبێ گوێڕایەڵ بێ.

هەواڵی دەستڕێژی چەکدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کوژرانی نزیک بە چل کەس لە دانیشتووانی بەلووچستان، لە بەشێک لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاو کرایەوە. تاوانی ئەم مرۆڤانە کاسبییەک بووە کە هەم ڕێژیم خۆی دەرفەتی دابوونێ و هەم یەکێک لەو کارانەیە کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر کەسایەتیی تاک دادەنێ. ڕێژیم بەشێوەی سیستماتیک لە دوو ناوچەی سەر بە سنوورەکانی ئێران کە لە ڕووی نەتەوەییەوە و خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان چالاک و زیندوون، واتە کوردستان و بەلووچستان، بە زۆر هۆکار خەڵکی ناچار کردووە پیشەیەک هەڵبژێرن کە هەم مەترسیی گیانیی هەیە و هەم پیشەیەکی گونجاو بۆ مرۆڤ نییە و کاریگەری لەسەر کەرامەت و کەسایەتیی تاک دادەنێ و ڕێژیم زۆر زانایانە نزیک بە ٢٥ ساڵە پەرە بەم بەناو پیشەیە دەدات.

دۆخی ئابووریی ئێران بە هۆی سیاسەتی زێدەخوازیی فاشیستییانە و نەزانی لە بەڕێوەبەریی وڵاتدا، لەگەڵ قەیرانێک بەرەوڕووە کە بینەقاقای خەڵکی هێندە گووشیوە کە لە ڕووی ناچارییەوە پەنا بۆ هەموو کارێک دەبرێ تاکوو سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان دابین بکەن. یەک لەو پیشانە کۆڵبەرییە کە لە ناوچەی بەلووچستان «سوخت بری» یا سووتەمەنی بردنی پێدەگوترێ و نزیک بە هەموو فاشیستەکانی ناوەندیش پێی دەڵێن قاچاخ. ئەوە لەکاتێکدایە کە ڕێژیم خۆی، وەک باس کرا، بە فەرمی ئەم کارەی داناوە بۆ ئەو ناوچانە.

لە هەردوو ناوچەی کوردستان و بەلووچستاندا ئەم پیشە سەرەڕای نامرۆیی بوونی، بەردەوام لەگەڵ مەترسیی کوژران بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکان بەرەوڕووە. ئەگەر چاو لە ئاماری ناوەندەکانی مافەکانی مرۆڤ بکرێ، ناوی سەدان و بگرە هەزاران مرۆڤی تێدا دەبینرێ کە تەنیا بە «تاوانی» کۆڵبەری و ڕاگواستنی شمەکی ئاسایی ژیان کوژراون. ئەوە لەکاتێکدایە کە لە زاری سەرکۆماری ڕێژیمەوە زۆرجار بیستراوە کە تیرۆریستەکانی سپای پاسداران بە دەیان سەکۆی نایاسایی هێنان و بردنی هەموو جۆرە کاڵایەک بە کەشتییان هەیە و بەرامبەر هیچ یاسا و ڕێسایەک وەڵامدەر نین و ڕاستەوخۆ وەک برایانی قاچاخچی ناویانی بردووە. بەبەراورد لەگەڵ ئەم ئاستە لە قاچاخی تیرۆریستانی سپای پاسداران، دەبێ ڕێژەی ئازوگوێزی شمەکی کۆڵبەران چەندە بێ کە تاوانەکەی کوشتنی کۆڵبەر و تاڵانی کۆڵەکەیان بێ؟

پاش ئەوەی لەم ڕۆژانەی دواییدا ڕێژیم لە بەلووچستان خەڵکی کۆڵبەری بەلووچی دایە بەر دەستڕێژی گوللە و بە واتای ڕاستەقینە کۆمەڵکوژی کردن و بە گوتەی بەشداران و چاوەدێرانی ئەو کارەساتە نزیک بە ٤٠ کەس (یەکێک لە کۆڵبەرەکان کە لەو شوێنەدا بووە و لەگەڵ بی بی سی وتووێژی کردووە، ئەو ڕێژە لە کوژراوانی باس کردووە) کوژران، خەڵکی بەلووچستان لەسەر ڕژانی خوێنی ڕۆڵەکانیان هاتنە دەنگ و ناڕەزایەتییان دەربڕی. لەو ناڕەزایەتییەدا چەند شوێنی وەک فەرمانداری و بەخشداریی ڕێژیم لەلایەن خەڵکی خەباتکاری بەلووچەوە داگیر کرا و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو ناڕەزایەتییانە کەم و زۆر بەردەوامە.

ئەوە لەکاتێکدایە کە جگە لە فاشیستەکانی گشتخواز، هەموو مرۆڤێک دەزانێ ئەوەی ڕێژیم و هێزە چەکدارەکانی لەو کارەساتەدا کردوویانە نامرۆڤانە و تاوان بەرامبەر مرۆڤە، بەڵام نەک هیچکام لە ناوەندگەراکان هەستی هاوسۆزییان بۆ ئەو چل مرۆڤە نەبزوا، بەڵکوو بە جۆرێکیش یا دەستخۆشییان لە تاوانبارانی ڕێژیم کردووە یا بایکۆتی هەواڵەکەیان کردووە و هەوڵیان دەدا ڕێژەی کوژراوان بە کەم پیشان بدەن کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە تەنیا کاتێک بایەخی لالێکردنەوەی دەبێ کە خوێن لاشە ببات بەڵام لەم نێوەدا دیسان ئەوە تاکی کوردە چ لە نێوخۆ (ئیلام و کرماشان بە ئاشکرا) و چ لە تاراوگە هەست بە هاوسۆزی دەکات و خۆی وەک هاوچارەنووس پیشان دەدا و پشتیوانی لە بزاوتی بەلووچستان دەکات.

نەتەوە داگیرکراوەکانی نێو چوارچێوەی ئێران پاش ٤٣ ساڵ لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هێشتاش هەر بەردەوامن لە خەبات بۆ گەیشتن بە سەربەستی. نەتەوەی کورد زۆر پێش لەم ڕێژیمەش بەشێوەی ڕێکخراو لە دژی داگیرکەر خەباتی کردووە و دانەبڕاوە لە گۆڕەپانی خەبات. ئێستا و پاش تێپەڕبوونی ساڵانێک و لانیکەم لە دوو دەیەی ڕابردوودا نەتەوەکانی دیکەی ئەو سنوورە، بەشێوەیەکی بەرچاو ئاستی زانیارییان لەهەمبەر مافە نەتەوەییەکانیان بەرز بووەتەوە و چیدیکە وەک ڕابردوو ملکەچی ئیرادەی فاشیستییانەی داگیرکەرانی ناوەندگەرا نابن. ئەوەی لە سەراوانی بەلووچستان ڕووی داوە، تەنیا داکۆکی لە خوێنی ڕژاوی ڕۆڵەکانیان نییە، بەڵکوو خەڵکی بەلووچ و نەتەوەکانی دیکەش بەو ئاکامە گەیشتوون کە ژیانی بندەستی لە هەر دۆخێکی ئابووریشدا بێ هەر دارمانی کەسایەتی و داماڵینی کەرامەتی مرۆڤە بۆیە بەردەوام لە هەموو دەرفەتێک کەڵک وەردەگیرێ تاکوو ڕەوتی خەباتیان بۆ وەدەرنانی داگیرکەر درێژ و پوختەتر بکەنەوە. خاڵی گرنگ لێرەدا خوودئاگایی تاکەکانی نەتەوە داگیرکراوەکانە لە «ئێران»دا. ئەم نەتەوانە بەو ئاستە لە تێگەیشتن گەیشتوون کە: وڵاتیان داگیر کراوە، هیچ پشتیوان و یارمەتیدەرێکیان نییە جگە لە خۆیان، سووکایەتی بە هەموو ئەو شتانەیان دەکرێ کە هەیانە (مێژوو، کەرامەت، کولتوور، زمان، ئایین، مەزهەب و...)، ڕەمزی سەرکەوتن و ڕزگارییان یەکگرتوویی و هاودەنگییە و...

تا ئێستا و لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئاستی هاوسۆزیی نەتەوەکان لە ئێراندا بە شێوەیەکی بەرین دەرکەوتووە. لە چەند کارەساتی سروشتیی ساڵانی ڕابردوو لە کوردستان و ئەحواز و بەلووچستان و لوڕستاندا بە ئاشکرا بینیمان کە ڕێژیم نەک هیچ هەنگاوێک بۆ چارەسەری دۆخی ژیانی لێقەوماوان هەڵناگرێ، بەڵکوو کاتێ بینیی نەتەوەکان خۆیان دەبنە پشتیوانی یەکتر و بە هانای یەکدییەوە دەڕۆن، هەموو بەربەستێکی بۆ ساز کردن و بووە گێچەڵ بۆیان. لێرەشدا ئەوە نەتەوەکان بوون کە لێبڕاوانە پشتیوانیان لە یەکدی کرد و سەلماندیان کە ئەم نەتەوانە لەم وڵاتە وەیشوومەلێدراوەدا هاوچارەنووسن و تەنیا بە هاودەنگی و یەکگرتوویی دەتوانن داگیرکەر لاواز بکەن و لە ئاکامدا لە وڵاتی خۆیان وەدەریان نێن.

هەموو ئەوانەی چاوەدێری دۆخی سیاسی و ئابووری و کولتووریی نێو ئێرانن، بە ڕوونی دەزانن کە نەتەوە بندەستەکان بەردەوام لەلایەن زلهێزان و دەوڵەتانی ناوچەوە بوونەتە قوربانی و تەنیا ڕۆڵی ئامرازە سەوداگەرییان بۆیان گێڕاوە، کەواتە دەبێ جارێک بۆ هەمیشە ئەم نەتەوانە بەخۆیاندا بێنەوە و بزانن لە دۆخێکی ئاوا هاوچارەنووسدا چاوەڕوانی لە وڵاتان و هێزی دەرەکی نەک چارەنووسیان بەرەو باشە نابات، بەڵکوو ماڵوێرانییەکە درێژتر دەکاتەوە و پرۆسەی ڕزگاری درێژتر کەواتە وەک ئەرکی ئەو نەتەوانەیە کە یەکگرتووانە بەگژ داگیرکەردا بچنەوە تاکوو دوایین بزمار لە تابووتی فاشیزمی داگیرکەر بدەن و بە یەکجاری نیشتمانیان لە «ئەوی دی»ی داگیرکەر داماڵن و هەنگاو بۆ ئاوەدانیی وڵاتیان خێراتر بکەن. نەتەوەی کورد، وەک هەمووکات پشت و پشتیوانی نەتەوە بندەستەکانی دیکەیە و بە دەیان و سەدان جار لەو تاقیکارییەدا سەربەرزانە هاتۆتە دەر.

# درۆ ئابوورییەکان لە بەرەبەری ساڵی نوێدا!

جاقل



«ناهێڵین لەژێر گوشارە ئابوورییەکاندا پشتی خەڵک بشکێ!» ئەم ڕستە بەشێکە لە وادە و بەڵێنییەکانی ئیسحاق جەهانگیری جێگری یەکەمی سەرکۆماری ئیسلامی کە لە دواسەفەری خۆی بۆ پارێزگای سنە و لە نێو بەشێک لە بەناو چالاکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئەم پارێزگایە کردی! ناوبراو وتوویەتی: «ئەگەرچی داهاتە نەوتییەکانمان کەم بوونەتەوە و دۆخەکە بە گشتی باش نییە بەڵام ئێمە بۆ ئیدارەی دۆخەکە ئامادەین و بەهۆی ئەزموونەکانمان لە ڕابردوو ناهێڵین لەژێر گوشارە ئابوورییەکاندا پشتی خەڵک بشکێ!»

ئەگەرچی ئەمە یەکەمجار نییە کە بەرپرسێکی حکومەتی وەها بە ئاسانی قسەیەکی لەو چەشنە دەکات و پێشتریش زۆر مۆرەی لە جەهانگیری زەلامتر و زەبەلاحتریش قسەی هاوشێوەیان کردووە و دواتر وەک بەرزی بانان بۆی دەرچوون بەڵام ساتەوەختی دەربڕینی قسەیەکی لەو چەشنە پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردنە و شرۆڤەکردنی ئیدیعایەکی لەو چەشنەش لە وەها کاتوساتێکدا بە پێویست دەزانرێ.

تەنیا کەمتر لە ٤ مانگی دیکە بەناو هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێراندا بەڕێوە دەچێ کە وەک زۆرێک لە شرۆڤەکارانی سیاسی دەڵێن ئەم نمایشە دەتوانێ جارێکی تر و بۆ دواجار بە ڕای گشتی لە ئاستی جیهانیدا بڵێ کە کۆماری ئیسلامی خاوەنی ڕەوایی و مەشروعیەت نییە؛ کەواتە زۆر سروشتی دێتە بەرچاو کە مۆرەیەکی وەک جەهانگیری و بەدڵنیاییەوە لە داهاتوودا مۆرەکانی تری سەر بە دەزگای ویلایەت لە شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەرکەون و ئیدیعای لەو چەشنە بخەنە ڕوو. جیا لەم مەسەلە کەمتر لە ٢٠ ڕۆژی تر خەڵکانی ئێران بە پێی نەریتی ساڵانە و دێرینی خۆیان پێشوازی لە جێژنی نەورۆز دەکەن و پێ دەنێنە نێو ساڵێکی تر لە تەمەنیان؛ بەڵام چ ساڵێک؟ شێوەکار و کردەوەکانی دەوڵەتی ڕوحانی لە دوو خولی پێشوودا و هەروەها باقی دەوڵەتەکانی پێش لە ڕوحانیش هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە تاکوو ئێستە بارودۆخێکی خولقاندووە کە چین و توێژە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ڕۆژانە گوشاری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەزموون دەکەن؛ کەواتە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی پێوەرە ئابوورییەکان لە ئێستەی ئێران، بەڵێنی و وادەی ئیسحاق جەهانگیری یان هەر بەرپرسێکی دیکەی ڕێژیم تەنیا دەچێتە خانەی ئیدیعایەک بۆ سەرلێشێواندنی ڕای گشتی و لە ئەنجامدا پێکانی ئامانجێکی شاراوە کە لەلایەکەوە وێنایەکی هەڵە و ناڕاست لە کردارە ئابوورییەکانی دەوڵەت دەکات و لەلایەکی ترەوە دۆخی ژیانی هەنووکەیی خەڵک بە ئاسایی و زۆر نۆرماڵ دەنوێنی؛ وەک بڵێی خەڵک پشتی لەژێر باری گرانی و بێکاری و هەڵاوساندا نەشکاوە!

لێرەدا بۆ ڕوونبوونەوەی باشتر و زیاتری ئەم کەتوارە چەند نموونەیەک دەهێنینەوە: یەکێک لەو چین و توێژانەی کۆمەڵگا کە لەم ساڵانەدا زۆرترین گرفت و کێشەی ژیانکردنی هەبووە چینی کرێکارانن کە بە وتەی چالاکانی ئەم بوارە تێچووی بەستەی مەعیشەتییان لە مانگی بەفرانباری ئەمساڵ بە بەراورد لەگەڵ ڕێبەندانی ساڵی پێشوو ٤ میلیۆن تمەن زیادتر بووە و حەقدەستیان نیزیک بە ٤٠٪ کەمی کردووە واتە حەقدەست و مووچەی کرێکاران بەگشتی ٦١٪ کەمتر لە تێچووی مانگانەی بنەماڵەکانیانە! بەم پێیەش زیاتر لە ٩٠٪ی کرێکاران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

هەر لەم چوارچێوەیەدا زیاتر لە دوو ساڵە کە خانەنشینکراوان سەبارەت بە کەمیی موچە و بەرزبوونی نرخەکان و چوونەسەری ڕێژەی هەڵاوسان ئێعتراز دەکەن و ناڕەزایەتی دەردەبڕن بێ ئەوەیکە هیچ ئەنجامێکی بەرهەستیان دەست کەوتبێ؛ ئەوان دەڵێن مووچەکەیان لانیکەم ٥٠٪ کەمترە لە نرخی هەڵاوسان! لە جۆزەردانی ساڵی ڕابردووشدا ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیس ڕایگەیاند کە «توانای کڕین» بۆ هەر هاووڵاتییەکی ئێرانی بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ١٣٩٠ نیزیک بە یەک لەسەر سێ کەمی کردووە؛ هەروەها ڕایانگەیاندووە کە هەنووکە ٣٥٪ی خەڵکانی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. ئامارێک کە کارناسان و ئابورناسانی سەربەخۆ پێیان وایە درۆیە و ڕێژە و نرخی هەژاری لە ئێران گەلێک لەو ژمارەیە زۆرترە.

گوشارە ئابوورییەکان ئەوەندە زۆرە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دۆخی ژیانی خەڵک لە باری کەیفی یان چۆنایەتیشەوە داناوە؛ بەپێی ئامارەکانی ناوەندی ئاماری خودی ڕێژیم نرخی هەر کیلۆ گۆشتی مریشک و گۆشتی سوور لە یەک ساڵی ڕابردوودا ٢ قات و ٣٠٪ زیادی کردووە و لە بەرامبەریشدا لە ماوەی ٨ ساڵدا واتە لە ساڵی ٩٠ەوە تاکوو ساڵی ٩٨ مەسرەفی گۆشت لە ئێران ٤٠٪ کەمی کردووە.

بەم پێیە و بە لەبەرچاوگرتنی خودی ئامارەکانی ڕێژیم و ناوەندە سەڵاحیەتدارەکان، قسەکانی ئیسحاق جەهانگیری یان هەر بەرپرسێکی دیکەی ڕێژیم کە ئیدیعایەکی هاوشێوەی جەهانگیری بکات دوورە لە ڕاستییەوە و نەتەنیا خەڵک لەژێر باری قورسی گرانی، بێکاری، هەڵاوسان و دەیان ئازاری دیکەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا پشتیان شکاوە بەڵکوو شۆڕشێکی فرەڕەهەندی دەوێ تاکوو بتوانن خۆیان لەو قەیرانەی کە بە «ژیان» ناسراوە ڕزگار بکەن!

# سەری بێ‌کڵاوی ئاخوندەکان لە «سوورییە»دا



**بە پێی بەراوردی دەزگای هەواڵگری هێزەکانیی هاوپەیمانان، بە ڕێبەری ئامریکا، سپای قودس، بە مەبەستی ڕاهێنان، پڕچەککردن و دانی مووچە بە هێزەکانی «فاتمییون» و «زەینەبییون»، کە شیعەی ئەفغانستان و پاکستانی سەر بە تارانن، ساڵانە ٣ میلیارد دۆلار تێچووی دەبێت**

**وردبوونەوەیەکی سەرەپێیی لە ئامارەکان دەریدەخات کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا، ئاخوندەکان، ٢٢٠ بۆ ٢٥٠ میلیارد دۆلاریان بۆ مانەوەی بەشار ئەسەد، لە سوورییە، خەرج کردووە!**

**وەک ڕۆژ ڕوونە کە کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە، کە بناخەی ئایدیۆلۆژییەکەیان لە سەر درۆ دامەزراوە، بە هیچ شێوەیەک ئامادەی بە کردەیی کردنی وادە و بەڵێنییەکانیان نین و تەنیا وەک سەگی هار و بە وادەی درۆ، ئەو چڵکاوخۆرانەیان، لە لاق و لە سەری کۆمەڵانی خەڵکی سوورییە بەرداوە**

**سندووس**

خۆتێهەڵقورتاندن لە کێشە و شەڕە ناوخۆییەکانی وڵاتی سوورییە، کە لە دوای هەڵکردنی شنەبای «بەهاری عەرەبی»، لە ساڵی ٢٠١١ی زایینیدا گەیشتە ئەم وڵاتە، بە گەورەترین هەڵەی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئاخوندی دێتە ئەژمار - هەر چەند ئەو، شەڕانگێزی و کاولکارییانە وەک قووڵایی ئیستراتژیکی خۆی دەبینێت و ماهییەتی ئەم نیزامەش دەخوازێ کە هەر ئاوا بێت - ڕاستەوخۆ، لە ژێر چاوەدێری «بەیتی خامنەیی»دا ڕێبەرایەتی کراوە. هەر ئێستا لە نێو باڵەکانی ڕێژیمدا ئەم ڕاستییە هەستپێکراوە کە مانەوەی هێزە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئاخوندی لە سوورییەدا، بۆ سەرلەبەری دەسەڵاتەکەیان چەندە مەترسیدارە و بە مانەوەیان، زەبری گورچووبڕتریان لێدەوەشێنن و تێچووی زیاتریان دەبێت و ڕەنگە بە بێ ئابڕوویی زیاترەوە لەم وڵاتە، دەریانپەڕێنن. ئاماژە بەم خاڵەش دەکرێ کە کاتی خۆی «قاسم سولێمانی»، بەر لە ڕۆیشتن، چووەتە لای «هاشمی ڕەفسەنجانی» و ناوبراو کە دەمێک بوو دژی سیاسەتەکانی خامنەیی وەستابۆوە، ڕاستەوخۆ پێی وتووە کە خۆی لە کێشەکانی ئەم وڵاتە هەڵنەقورتێنێ بەڵام خامنەیی بەپێی تێفکرینە شەڕانگێز و پاشڤەخوازەکانی، پیلانی بۆ داڕشتووە و ئەمری پاراستنی نیزامی «بەشار ئەسەد»ی پێکردووە.

تێچووی ماڵیی ئەم شەڕانگێزییە، بەپێی درکاندنی مۆرە کۆنەپەرستەکانی نێوخۆی نیزام، تا ئێستا ٣٠ میلیارد دۆلار بووە. «فەلاحەت پیشە»، بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەناهیی ڕێژیم، ماوەیەک بەر لە ئێستا ئەم باسەی لە ژێر پەردەدا درکاند و وتی سوورییە، دەبێ قەرزەکانمان بداتەوە. دیارە کارناسانی سەربەخۆ، باسی زۆر زیاتر لەم ڕێژەیە دەکەن! و تێچووەکان بە ٢٢٠ میلیارد دۆلار دەقەبڵێنن. هاوڕێ لەگەڵ ئەم هاوکارییە مادییانە، سپای پاسداران بە مەبەستی سەرکوتی دژبەرانی بەشار ئەسەد، ساڵانە بە بڕی ٨ میلیارد دۆلار هاوکاری نیزامییان لە ڕێگەی زەوی و هەواوە هەناردەی دیمەشق کردووە.

بەپێی بەراوردی دەزگای هەواڵگری هێزەکانیی هاوپەیمانان، بە ڕێبەری ئامریکا، سپای قودس، بە مەبەستی ڕاهێنان، پڕچەککردن و دانی مووچە بە هێزەکانی «فاتمییون» و «زەینەبییون»، کە شیعەی ئەفغانستان و پاکستانی سەر بە تارانن، ساڵانە ٣ میلیارد دۆلار تێچووی دەبێت.

ڕاگەیەندنەکانی ئەرتەشی ئیسرائیلیش باس لەوە دەکەن، کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا تەنیا لە ڕێگەی بۆردومان و مووشەکبارانی پێگە نیزامییەکانی سەر بە سیستمی ئاخوندی، کە سەدان جار گورزی لێوەشاندوون، چوار میلیارد دۆلار زیانیان لە دامەزراوە نیزامییەکانی ئێران، لە سوورییە داوە.

وردبوونەوەیەکی سەرەپێیی لەم ئامارانە دەریدەخات کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا، ئاخوندەکان، ٢٢٠ بۆ ٢٥٠ میلیارد دۆلاریان بۆ مانەوەی بەشار ئەسەد، لە سوورییە، خەرج کردووە!

ڕێژەی کوژراوەکانیشی زیاتر لە پێنج هەزار و بریندارەکانیش، دەیان هەزار کەس مەزەندە کراوە. تێچووی دیپلۆماسی ئەم شەڕانگێزییە، بە شێوەی قەیران لە پێوەندییەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی عەرەبی و تورکییەدا خۆی نیشان داوە. دیارە لە درێژخایەندا، ئاکامی ئەم شەڕانگێزییانە دەتوانێ لە چوارچێوەی دروستکردنی هێزی بەکرێگیراوی چەکداری «عێراقی»، «سووری»، «ئەفغانی» و «پاکستانی»دا خۆی ببینێتەوە. ئەو هێزە چریکە بێ‌ڕەوشتانە، بە ٨٠ بۆ ١٠٠ هەزار کەس مەزەندە دەکرێن، کە زۆربەشیان بە وادەی پێدانی مافی شارۆمەندیی ئێران، لەگەڵیان کەوتوون. لەو نێوەدا «قاسم سولێمانی»، گەورە تیرۆریست، وادەی بە «پارێزەرانی حەرەم»، دابوو کە دوای کۆتایی هاتنی شەڕ و گەڕانەوەیان بۆ ئێران، دەیانکاتە خاوەن مڵک و زەوی کشتوکاڵیان پێ‌دەبەخشرێ تا کاری وەرزێری بکەن.

ئێستا وەک ڕۆژ ڕوونە کە کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە، کە بناخەی ئایدیۆلۆژییەکەیان لە سەر درۆ دامەزراوە، بە هیچ شێوەیەک ئامادەی بە کردەیی کردنی وادە و بەڵێنییەکانیان نین و تەنیا وەک سەگی هار و بە وادەی درۆ، ئەو چڵکاوخۆرانەیان، لە لاق و لە سەری کۆمەڵانی خەڵکی سوورییە بەرداوە.

لە درێژەی باسەکانی میکانیزمگەلی دیفاعیدا، کە بۆچوونێکی «فرۆید»ییە و مرۆڤ بۆ ڕازیکردنی دەروونی لەهەمبەر پێشهاتە نەخوازراوەکاندا کەڵکی لێوەردەگرێ، «عەلی شەمخانی»، کارگێڕی بەرزی شۆڕای تەناهیی سیستمی ئاخوندیی»، دەڵێ: «یەکێک لە بەرژەوەندییەکانی شەڕی سوورییە، حوزوری ئێمە لە مەدیتەرانەیە، حوزورێک کە ئێران لە زەمانی پاشایەتی «خۆسرەو پەرویز»ەوە، لێی بێبەش کراوە.»

ئەم وتەیە وەکوو بەشی هەرەزۆری وردەفەرمایشەکانی دەسەڵاتدارانی سیستمی ئاخوندی ئەوەندە بێبنەمایە کە پێویست بە بەڵگە ناکات، چونکە لێواری سووری دەریای مەدیتەرانە، ئێستا، لەژێر چاوەدێری هێزی دەریایی ڕووسییەدایە، کە بە سازکردنی چەندین پێگەی هەوایی - دەریایی، لە سەر بناخەی گرێبەست لەگەڵ ڕێژیمی بەشار ئەسەد بەشێوەی فەرمی دانی پێدا نراوە.

لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا، دوو پاپۆڕی شەڕکەری ئاخوندەکان، لە چوارچێوەی دوو سەفەری ڕواڵەتیدا، سەفەریان بۆ لێوارەکانی سووری مەدیتەرانە کردووە. ئەوەی شەمخانی باسی دەکات، کورت دەکرێتەوە بۆ کرانەوەی نووسینگەیەکی بچووک لە بەندەری «تەرتووس»، بە پێنج کارمەند و کامپیوتێر و چەند مێز و سەندەڵی و تەلەفوونێک!!

وادیارە دەریادار شەمخانی ئاگای لەوە نییە کە حوزووری هێزی نیزامی لە دەریایەکی دوورەدەستدا، پێویستی بە توانا و هۆکارگەلی «لۆجستیکی»، «هێڵی پێوەندی» و «ئەمنییەتی زەوی» هەیە، هۆکارگەلێک کە هێزەکانی کۆماری ئاخوندی لێی بێبەشن و ناتوانن جێبەجێی بکەن.

ئێستا وا دابنێین کە هێزەکانی کۆماری ئاخوندی، لە دەریای مەدیتەرانەدا بوونیان هەیە و خەونەکانی خۆسرەو پەرویز، دیسان وەدیهاتوونەتەوە، لەو حاڵەتەدا وەها پرسیارگەلێک ختۆکەی زەینی مرۆڤ دەدەن:

ئەرێ گەلۆ!

ئێوە دەزانن مەبەستی ئەم هێزانە لە وەها مەودایەکی دووردا چییە؟

ئەرێ ئەو هێزانە توانای جوڵە لە بەرامبەر «ناوگانی شەش»ی ئامریکایان هەیە کە لە تەواوی دەریای مەدیتەرانەدا دەغوڕێنێ؟

ئەو هێزانە گەرەکیانە لەگەڵ هێزی دەریایی تورکییە تووشی شەڕ بن؟

ئایا وا بڕیارە چەکدارەکانی کۆماری ئاخوندی لە «پلاژی تل‌ئاویڤ»، دابەزن؟

وڵامی تەواوی پرسیارەکانی سەروو «نەرێنییە» و هیچکات ئەو هێزە بەکرێگیراوانە توانای وەها کارێکیان نییە. ئەوەی بەجوانی دەبیندرێ ئەو وەهمە خاو و منداڵانەیەی ڕێبەری کۆماری ئاخوندییە کە کارەساتبارترینەکەی لە دونیای فانتێزی قاسم سولێمانیدا ڕەنگی دابۆوە و وڵاتی ئێرانیان تووشی ڕووداوگەلی لێڵ و نادیار کردووە و وەک نەهامەتیش بەسەر سەری کۆمەڵانی خەڵکدا دەبارێن. ئێران، لە سوورییەدا زۆر زیاتر لە ڕووسییە، توورکییە و ئامریکا تێچووی گیانی و ماڵی هەبووە، بەڵام پشکی ئاخوندەکان، لە داهاتووی سوورییەدا، زۆر کەمتر لەم وڵاتانەیە. ڕووسییە بە سێ تا چوار هەزار هێزی شەڕکەر، ئێستا بووەتە ئاغا و کوێخای ئەم وڵاتە. ئەوەیە دەڵێین سەری ئاخوندەکان بە تایبەت، شەخسی خامنەیی لە شەڕی سوورییەدا، بێ‌کڵاو ماوەتەوە.

**ویستگە**

## ژنی کورد و ٨ی مارس




**نووسین: هێمۆ**

لە کاتێکدا خەریکین بەرەپیریی ڕۆژی جیهانیی ژن واتە ڕۆژی ٨ی مارسەوە دەچین کە لە زۆربەی شوێنەکانی جیهاندا هێشتا کێشە و ئاریشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ژنان بە چارەسەرنەکراوی و وەک خۆیان ماونەتەوە و وەکوو یەکێک لە پرسە گرینگەکان دەبێ چاوی لێ بکرێت. ئەمەش بابەتێکە کە نەتەنیا توێژی ژنان بەڵکوو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگاش دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و بەدڵنیاییەوە ئاکامەکەشی بە قازانجی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نابێت.

لە ساڵی ١٨٥٧ لە شاری نیۆیۆرک، ژنان بۆ دژایەتیی بارودۆخێکی نالەبار کە تیایدا دەژیان ڕژانە سەر شەقامەکان. هەوڵی پۆلیس بۆ ڕێگری کردن لە خۆپیشاندەران بێ ئاکام مایەوە و ئەوان توانیان بەرپرسەکان ناچار بکەن کە لە سەر کەیسەکەیان کە پێوەندی بە کارکردن و مافەکانیانەوە بوو کار بکرێت و ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورە بوو. دواتر ئەو ژنانەی کە لە کارگەی (ڕستن و چنین) کاریان دەکرد توانییان یەکەمین سەندیکا لە ئامریکا بۆ پێداگری کردن لە سەر مافەکانیان ڕێکبخەن. ئەوان لە سەر داخوازییەکانیان سوور بوون، بۆیە لە ٨ی مارسی ١٩٠٨دا جارێکی تر لەژێر دروشمی (نان و گوڵ) ڕژانە سەر شەقامەکانی نیۆیۆرک و داوای کەمکردنەوەی کاتی کارکردنیان کرد، هەروەها خوازیاری ڕێگریکردن لە کارکردنی منداڵان بوون و ئەیانویست مافی دەنگدان بە دەست بێنن. ئاکامی ئەم نارەزایەتییانە دروستبوونی چەند بزووتنەوەیەکی بەهێزی تایبەت بە ژنان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکای بەدواوە بوو کە لە دروشمەکانیاندا داوای یەکسانی و مافەکانی ژنان بەتایبەت مافی سیاسی خۆپاڵاوتن بەدی دەکرا. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٧٧ داوای لە وڵاتانی جیهان کرد کە ڕۆژێک وەکوو ڕۆژی جیهانی ئافرەتان دەستنیشان بکەن کە زۆربەی وڵاتان سوور بوون لە سەر ئەوەی کە ئەو ڕۆژە، ڕۆژی ٨ی مارس بێت. بۆیە هەموو ساڵێک ئەم ڕۆژە وەکوو سیمبۆل و هێماییێک بۆ یادکردنەوە لەو نەهامەتی و ژیانە سەختەی کە ژنان تێیایدا ژیاون ڕێزی لێدەگیردرێت. لەم نێوانەدا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو دەسەڵاتانەیە کە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی نیزامەکەی خۆیدا هیچکات ئامادە نەبووە کە دان بە ڕۆژی جیهانیی ٨ی مارسدا بنێت و بە هەر شێوەیەکی نامرۆڤانەش کە بۆی کرابێت ژنانی خستووەتە نێو تەلبەندی باوەڕ هەڵە و ئیدئۆلۆژیکەکانی خۆیەوە، تاکوو توێژێکی ئەسیری خواستەکانی خۆی لە کۆمەڵگادا جێگیر بکات، بەڵام جێگای دڵخۆشییە کە لە ماوەی ئەم ساڵانەدا و سەرەڕای هەموو هەوڵە ئیدئۆلۆژیکەکان، دەسەڵاتی ئاخوندی نەیتوانیوە توێژی ژنان لە خواست و داوا بەرحەقەکانی خۆیان دوور بکاتەوە. چالاکییەکانی ژنانی کورد چ وەکوو پێشمەرگەکانی مەتەریزی شاخ و چ وەکوو چالاکانی مەتەریزی شار، بەتایبەت لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کە نارەزایەتییەکان بە دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمە ئاخوندییەکەی گەیشتوونەتە لووتکە، جێگای هیوا و دڵخۆشین، ئەوەش بەو مانایەیە کە ژنان توانیویانە زنجیرەکانی کۆیلەبوون بپسێنن و لە گرینگترین پرسەکانی کۆمەڵگادا کە پێوەندییان بە بونیاتنانەوەی نیشتمان هەیە بەشدار بن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە مانای هەنگاوهەڵێنانی ژنان بۆ کاریگەربوون و ڕۆڵگێڕان لە داهاتووی کۆمەڵگایە. کۆمەڵگایەک کە بەدڵنیاییەوە ئەگەر لەسەر دەستی دایکانێکی وشیار بونیات بنرێت هیچ هێزێک ناتوانێت کاریگەریی نەرێنی لەسەری هەبێت. ئاوڕدانەوەیەک لە مێژوو دەریدەخات کە ژنی کورد بە هزرێکی دەوڵەمەندەوە توانیویە یەکەمین هەنگاوی پرسەروەریی خۆی بنێتە نێو گۆڕەپانی پێشکەوتنی کۆمەڵگاوە. ژنان بە داهێنانەکانی خۆیان وەکوو بەرپرس و کۆڵەکەی سەرەکیی ژیان، بوون بە بنیاتنەری بنەماکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆ. ئەوان توانیویانە لێبڕاوانە قۆناغە هەستیار و گرینگەکانی ژیان تێپەڕ بکەن و ڕەنگە لە زۆربەی بارودۆخەکانیشدا بەپێی توانا و تایبەتمەندییە لۆژیکییەکانیان سەرکەوتنەکانیان زیادتر و بەرچاوتر لە پیاوان بووبێت. ژنان بە بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و گۆڕەپانی سیاسەت و دنیای ئەمڕۆدا بەپێچەوانەی ڕوانین و بیروبۆچوونەکان سەلماندوویانە کە ئەگەر بیانهەوێت نە زەعیفەن و نە ڕەگەزی دووهەم.

قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ژیان و خەبات لە مێژووی کوردەواریدا، بەستێنی دەرکەوتن و سەرکەوتنی بۆ ژنان لە کۆمەڵگادا ڕەخساندووە.

پەیوەستبوونی ژنان و کچان بە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، بەتایبەت پاش دەستپێکی ڕاسان جیا لەوەیکە سەلمێنەری هەستی بەرپرسایەتی ژنان بەرانبەر بە ڕووداو و پرسە سیاسییەکانی نێو کۆمەڵگایە پیشاندەری قووڵی قەیرانێکە کە ژنان لەگەڵی بەرەوڕوون، قەیرانێک کە لە تێکەڵاوی پرسێکی نەتەوایەتی و پرسێکی مرۆڤانە ڕووی داوە و ژنان دەبێ بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان وەکوو ژنێکی کورد هەنگاوی کردەیی بۆ هەڵبگرن. ژنان دژ بە هێزی داگیرکەر ڕاساون و بە هەموو ئیرادە و تواناوە پاڵپشتیی شۆڕشێک دەکەن کە ئاکامەکەی سەرکەوتنی هێزی گەل بە سەر سوپای تاریکیدایە. لە هەر قۆناغێکدا ژنان ڕۆڵی کاریگەر و شوێندانەریان هەبووە و توانیویانە سەنگی خۆیان لە پرسە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها هاوکێشە سیاسییەکانیشدا دیاری بکەن. هیچ هێزێک ناتوانێ پێش بە ئیرادەی تاکی کورد بگرێت، بۆیە ژنانی کوردیش وەکوو بەشێکی شوێندانەر لە کۆمەڵگای کوردستاندا، بە وشیاری تەواوەوە هەوڵی ئەوە دەدەن کە لە هاوکێشە سیاسییەکاندا ڕۆڵ بگێڕن و پێگەی شیاوی خۆیان لە کۆمەڵگای جیهانیدا وەدەست بخەنەوە.

کاتی ئەوە هاتووە کە نەتەنیا ڕۆژی ٨ی مارس بەڵکوو هەموو ڕۆژەکان و ساتەکان ببنە دەرفەت بۆ شکاندنی تابۆی نایەکسانی و ژنان و پیاوان بە گەڕاندنەوەی کەرامەتی مرۆیی، هاوهەنگاو لەگەڵ یەکتر هەوڵ بۆ دادپەروەری و یەکسانی لە کۆمەڵگادا بدەن و هێزی خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان یەک بخەن.

# گەلی بەلووچ و تێکۆشانێک بۆ ئازادی



جەهانبەخش خۆشهەیکەل

وڵاتی ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە دەتوانین وەکوو وڵاتێکی فرەنەتەوە پێناسەی بکەین. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ ئاماژە بەو جۆراوجۆرییە کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئایینییە بکەین کە لە نێو ئەو جوغرافیا سیاسییەدا هەیە. مخابن دەبێ بڵێین کە ئەم نەتەوە ستەملێکراوانە کە هەر لە کۆنەوە لە نێو ئەم جوغرافیایەدا ژیاون، تا ئێستا نەیانتوانیوە بەو جۆرەی کە دەیانهەوێ و شیاوی ژیانێکی تەژی لە کەرامەت و سەروەری بۆ هەر گەل و مرۆڤێکە، لەو جوغرافیایە کە تێیدا دەژین، ببنە خاوەنی دەسەڵاتی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی خۆیان، هەر بۆیە ئەم کەمایەسییە وای کردووە کە لە وڵاتی خۆیاندا ببنە هاووڵاتیی پلە دوو و دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەکەیان و خاکەکەیان وەکوو خاکێکی داگیرکراو چاو لێ بکات و هاوکاتیش چاوەڕوانیی ئەوەی هەیە کە ئەوان خۆیان بە بەشێک لەو وڵاتە لە قەڵەم بدەن.

لە سەدەی ڕابردووەوە هەتا ئێستا نەتەوەکانی ئێران لەگەڵ نایەکسانی و زوڵم و هەڵاواردن بەرەوڕوو بوونە. ئەم هەڵاواردنە یان ئەم تێڕوانینە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوورییە بۆتە هۆی ئەوەیکە لێکدڕی و کەلێنی نەتەوەیی پێک بێت. بێبەشبوون لە دەسەڵاتی ڕامیاری و ئابووری و هەژاری و سەرکوتی سیستماتیک بۆتە هوی ئەوەیکە هەستی دەستکردی سیاسیی «ئێرانیبوون»ێکی سەپێنراو و بەزۆرەملی پێناسەکراو لە کۆمەڵگادا قەت نەبێتە هەستێکی قووڵ و ڕەسەن و بەردەوام بەرەو کەمڕەنگبوون بڕوات و هەستی نەتەوەیی ڕەسەنی هەڵقوڵاوی مێژوو و کولتوور و ئیرادەی سیاسیی هەرکام لە نەتەوەکانی ئێران گەشە بکات. شوناسی نەتەوەیی بۆ ئەم گەلانە ئێستا زیاتر لە جاران جێگای سەرنجە و بە بایەخەوە چاوی لێدەکەن.

ئەو بابەتە کاتێک بایەخدار دەبێت و زیاتر خۆی دەردەخات کە خەڵکی نەتەوەیەک کاتێک کە دەبینن تەنیا بەهۆی ئەوەی کە سەر بە نەتەوەیەکی جیاوازن، لەگەڵ نەتەوەی باڵادەست فەرق و جیاوازیی بنەڕەتییان هەیە و بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە کە وەک نەتەوە هەیانە، لەژێر گوشاری سەرکوت و ئازار و هەڵاواردن و پێشێلکردنی مافەکانیاندان و لە زۆرێک لە مافەکانی ژیان بێبەش دەکرێن، ئەو شتانە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی نارەزایەتی و پێکەوە ڕاوێژکردن بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو دۆخە پڕ لە ستەمکارییەی کە بە سەریاندا سەپێنراوە. بە باوەڕی کۆمەڵناسان، هەرچی ڕادەی چەوسانەوە و بێبەشکران لە نەتەوەیەکدا زۆرتر بێت ئەو کات بۆی دەردەکەوێت کە سەبارەت بە کولتوور و زمان و تەواوی بایەخەکانی دراوەتە بەر هێرش، لە وەها بارودۆخێکدایە کە وزە و هێزی شۆڕشگێڕی لە نێویاندا پەرە دەستێنێ. لەم بارەیەوە دەتوانین هەڵوەستەیەک لەسەر پرسی شوناسی نەتەوەیی بکەین.

شوناسی نەتەوەیی بەو تایبەتمەندییانە دەگوترێ کە نەتەوەیەک لە نەتەوەی دیکە جیا دەکاتەوە؛ کە دەبێتە هوی ئەوەی کە هەستی گرێدراوی بە یەکترەوە دروست ببێت و ئەمە دەتوانێ کۆمەڵگا بۆ گەیشتن بە ئامانج ڕێک بخات، بەڵام لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی باڵادەست لە بەشە جیاجیاکان و نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا هەمیشە هەوڵی داوە بە دوو شێوە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی بێجگە لە فارسەکان هەڵسوکەوت بکات. ئەو دوو جۆرە لە سەرکوت بریتین لە: سەرکوتی ڕاستەوخۆ و سەرکوتی ناڕاستەوخۆ.

لە سەرکوتی ڕاستەوخۆدا دوژمن هەوڵ ئەدات لە ڕێگای دەستوپێوەندییەکانی خۆیەوە زەخت و زۆر بە کار بهێنێت و لەو باوەڕەدایە کە ئەگەر داخوازیی نەتەوەکان بۆ گەیشتن بە فیدرالیزم و ئازادی، کۆنترۆڵ نەکەن ئەوە دەبێتە هۆی یەکڕیزیی نەتەوەیی لە نێو ئەو نەتەوەیەدا و ئاکامەکەی دەبێتە جیابوونەوە. بەپێی ئەم دۆکتۆرینە، نەتەوەکان بە زەبروزەنگ و کوشتار دەبێ کۆنترۆڵ بکرێن. بەشەکەی دیکە پێی وایە کە دەبێ لەسەر ستراتژی «فرسایشی» کار بکرێت، واتە بۆ لەنێوبردنی شوناسی کولتووری و زمان هەوڵ بدرێت و لەو ڕێگەیەوە لەگەڵ یەکدەستکردنی جلوبەرگ و زمان دەتوانێ بە ئامانجی خۆی بگات.

یەکێک لەم گەلانە کە لە نێو ئەم جوغرافیایەدا دەژین نەتەوەی بەلووچە. ئەو نەتەوەیە بە هۆی دابەشکرانی خاکی وڵاتەکەیان بە سەر چەند وڵاتدا، لە ئێران و پاکستان و ئەفغانستان دەژین. لەودیوی وڵاتی ئێران واتە لە پاکستان ئەوان ئەگەرچی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان نییە، بەڵام لە چوارچێوەی پاکستاندا نیمچە حکوومەتێکی فیدراڵیان هەیە. بەلووچستانی ئێران و بەلووچستانی پاکستان لە سێ فاکتەری سەرەکی واتە نەتەوە و زمان و ئایینیدا خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ یەکتر هەیە کە ئەم سێ فاکتەرە بوونەتە هۆی پێکهاتنی جۆرێک لە یەکبوون واتە «همگرایی» لەو دوو بەشەدا. خەڵکی بەلووچ کە زۆرتر هەست بە چەوسانەوە و ستەم بۆ سەر خۆیان لە دیوی ئێراندا دەکەن و بە زمانی بەلووچی لە ناو خۆیاندا قسە دەکەن، زۆربەیان سەر بە ئایینی ئیسلام و سوننە مەزهەبن، هەر بۆیە ئەگەر بمانهەوێ باس لە بەستێنەکانی هەڵاواردن دژ بە ئەم گەلە بکەین، دەتوانین ئاماژە بە جیاوازیی ئایینی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران و جیاوازیی فەرهەنگی و هەروەها ڕاگرتنی لە ئاستێکی دواخراو و پێگەیەکی ئابووریی زۆر نزمدا بکەین. بەپێی ئەو ئامارانەی کە لە بەردەستدایە، ئەو خەڵکەی کە لە ناوچەی بەلووچستان دەژین، بەبەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران، هەژارترین خەڵک لە نێو هەموو ناوچەکانی ئێراندان و ئاستی خوێندەوارییان لە پلەی هەرە خوارەوەی هەموو ناوچەکانی ئێراندایە. هۆکاری ئەم نەخوێندەوارییە دەگەڕێتەوە بو نەبوونی گەشەی ئابووری، لاوازیی ژێرخانە پەروەردەییەکان و زاڵبوونی ئەو هەژارییە سیستماتیکەی کە بە سەر دانیشتووانی ئەو ناوچەیەدا سەپێنراوە.

لەبەر هەژاری و بێداهاتیی خەڵک و ئەوەیکە بەهۆی وشککردنی سەرچاوەکانی ئاووە، ئاوەدانییەکان و خانووەکانیان زور دوور لە یەکتر بینا کراون و لە نزیک یەکتر نین، ئەمە بۆتە هوی ئەوەیکە قوتابخانەکانیش لە یەکتر دوور بن و مەودای نێوان قوتابخانەکانی ئەم ناوچەیە زۆر لە یەکتر دوور بێت و بەشێکی زۆر لە منداڵان نەتوانن بڕۆنە قوتابخانە. باری ژیان یەکجار قورس تێپەڕ دەبێت و بەهۆی نەبوونی بنەمای ئابووریی و نەبوونی کار و پیشە بۆ دانیشتووانی ئەم ناوچەیە، خەڵک ناچار دەبن بۆ بژیوی ژیانی ڕۆژانە دەست بۆ هێندێک کاری وەک گواستنەوەی بێنزین و شتومەکی دیکە لەم دیوی سنوور بۆ ئەو دیوی سنوور ببەن و خۆیان بخەنە مەترسییەوە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە هۆی ئەم کێشەیەوە و هەروەها کێشە کەڵەکەبووەکانی پێشوو، دەسەڵاتدارانی تاران دیسان دەستیان بە کۆمەڵکوژی کرد کە ئەمە بووە هۆی ئەوەیکە خەڵکی وەزاڵەهاتووی بەلووچ، بەرگری لە خۆیان و ئەو ژیانە پڕ لە مەینەتییە بکەن کە گیرۆدەی بوونە و بە گژ دەسەڵاتدارانی تاراندا چوون و جارێکی دیکە بە هەموو جیهانیان وت کە دەسەڵاتدارانی تاران بێجگە لە سەرکوت و هەڵاواردن هیچ شتێکی دیکەیان بو خەڵکی ئەوێ پێ نییە. زاڵبوونی هزری کاولکارانە و فاشیستی بە سەر دەسەڵاتداران و ئێلیتی ناوەندخوازی تاراندا دەبێتە هۆی ئەوەیکە ئەم گەلە و هەروەها گەلانی وەکوو کورد و عەرەب و تورکەمەن و تورک تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەیانتوانیوە کێشەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی چارەسەر بکەن. هەروەک هەموو ئاگادارین هەوڵی دەسەڵات لە تاران لە یەک سەدەی ڕابردووەوە تا ئێستا بۆ پێکهێنانی یەکدەستیی دەسەڵات واتە یەک دەوڵەت و یەک نەتەوە بووە و بۆ گەیشتن بەم مەبەستە هەتا ئەو جێگایەی کە توانیویە، هەوڵی داوە لە ڕێگای سەرکوت و زەبروزەنگ و گرتن و بەندکردنی تێکۆشەرانی نەتەوەکانی دیکەوە، ئەم گەلانە پاکتاو بکات و پێی وا بووە کە ئەم کێشەیە دەتوانێ بەو شێوەیە کە ئاماژەم پێ دا یان لە ناو ببرێت یان هەر نەبێ نەهێڵێ تەشەنە بکات، بەڵام تا ئێستا دەبێ بەو ڕاستییە گەیشتبن کە سیاسەتی حەزف یان تێکەڵکردن یان یەکچەشنکردنی نەتەوەکان هی سەردەمی ناسیۆنالیستەکانی کۆن بووە کە توانیویانە بە زەبروزەنگ، نەتەوەکانی دیکە ناچار بکەن مل بۆ ئەو مەبەستە ڕابکێشن. بە هۆی ئەم باسەوە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا خەڵکی بەلووچ هەر لە کۆنەوە تا مێژووی هاوچەرخ و لە سەردەمی «دوست محمدخان» تا ئێستا تا ئەو جێگایەی کە بۆیان لوابێت بۆ بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانیان بە هەموو شێوەیەک هەوڵی خۆیان داوە و جێگەی ئاماژەیە کە گەلی بەلووچ توانیویانە ڕێکخستنەکانی خۆیان تا ڕادەیەکی زۆر ببەنە نێو جەماوەری خۆیانەوە و خەڵکی ئەو ناوچەیە بە تەواوەتی لە ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران بێزارن بەڵام ئەوەیکە دەتوانێ ئەم گەلە و هەموو گەلانی ناو جوغرافیای ئێران بە ئازادی و یەکسانی و ڕزگاری بگەیەنێت، هاوکاری و هاوخەباتیی نێوان گەلانی بندەست و یەکخستنی هەوڵەکانیان بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە کۆنەپەرستە و خەباتی بۆ دابینکردنی هەموو مافەکانیان و گەیشتن بە ئازادی و فیدرالیزمە کە دەتوانێ سارێژی بەشێک لە برینەکانیان بکات.

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ئاڵوگۆڕی گرنگ دەڕوا

میرۆ عەلیار

تەنیا لە یەک مانگی ڕابردوودا، لە پێوەندیی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دوو ڕووداو ڕاگەیەنەرە گشتییە جیهانییەکانی بەخۆیەوە خەریک کردووە. دوو ڕووداو کە مرۆڤ بەزەحمەت دەیتوانی پێشبینییان بکات.

ئێمانوێل ماکرۆن، سەرکۆماری فەڕانسە، ڕۆژی پێنجشەممە ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٩ پێشنیاری کرد کە عەرەبستانی سعوودی و ئیسرائیل لە وتووێژەکانی وڵاتانی ٥+١ لەگەڵ ئێران سەبارەت بە «برجام»ی نوێ بەشدار بن.

ماکرۆن گوتی: «دەبێ ڕێگایەک بدۆزینەوە هەتا عەرەبستانی سعوودی و ئیسرائیل لەو وتووێژانەدا بەشدار بن، لەبەرئەوەی ئەوان شەریکانی کلیدیی ناوچەیین کە ڕاستەوخۆ لە بەرهەمی ئەو دەسکەوتانەی کە لەگەڵ دۆستەکانی دیکەمان لە ناوچەدا وەدەستیان دێنین، خاوەنبەشن».

حەوتووتەک پێشتر لە ١٠ی ڕێبەندان، سەرکۆماری فەڕانسە باسی بەشداریی عەرەبستانی سعوودی کرد کە لەگەڵ دژایەتیی ئێران بەرەوڕوو بوو. «سعید خطیب زادە» قسەکەری وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕۆژێک دواتر ڕایگەیاند کە «بەرجام ڕێککەوتنێکی چەندلایەنەی نێونەتەوەیییە کە شووڕای ئەمنییەت بە بڕیارنامەی ٢٢٣١ پەسندی کردووە و بە هیچ شێوەیەک وتووێژی سەرلەنوێی لەسەر ناکرێ و لایەنەکانی ئاشکرا و نەگۆڕن».

ئیسرائیل و عەرەبستانی سعوودی گرنگترین هاوپەیمانانی ئەمریکا و ئورووپا لە ناوچەدان و هەموو ڕووداوەکانی ناوچە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ئەوان دەگرێتەوە و پێوەندیی بەوانەوە هەیە.

ئەو دەستپێشخەرییەی «ماکرۆن» ئەگەر وەڕاست گەڕێ، دەبێتە ڕووداوێکی مێژوویی و گۆڕانێکی قووڵ بەسەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دێنێ، هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە دەگۆڕێ و نەزمێکی نوێ لە هەرێمەکەدا دادەمەزرێنێ:

١. ئێران کە سەلماندنی بوونی ئیسرائیل بە هێڵی سوور بۆخۆی دەزانێ و بەردەوام مەوجوودییەت و مەشرووعییەتی ئەو وڵاتە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ناڕاستەوخۆ دان بە بوونی ئیسرائیل دادەنێ و دەبنە «هاوبەش»!

بەڵام کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆیدا تووشی قەیرانێکی قووڵی ئیدئۆلۆژیکی و ڕەوایی دەبێ؛ دوژمنایەتی و نکۆڵیکردن لە بوونی وڵاتی ئیسرائیل ٤٢ ساڵە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامییە.

٢. دەتوانێ پرسی فلستین لە چنگی ئێران دەربێنێ و ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە هەموار بکات. بەوە کە کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای دامەزرانییەوە خۆی کردووە بە خاوەنی پرسی فلستین، کۆسپێکی گەورەی لەسەر ڕێگای چارەسەرکردنی پرسی فلستین دروست کردووە.

٣. ڕاستە کە ئیسرائیل چوار دەیەیە بەردەوام لەژێر هەڕەشەی دەستێوەردان و تێرۆری کۆماری ئیسلامیدا بووە و ناچار بووە دیفاع لە خۆی بکات، بەڵام حاشای لێناکرێ کە دەوڵەتی «نێتانیاهوو»ش سیاسەتی خۆبواردن لە چارەسەرکردنی پرسی فلستینی بە هەڕەشە و دەخالەتی کۆماری ئیسلامی پاساو کردووە. ئەگەر مەترسیی تێرۆر و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بڕەوێنەوە، ئیسرائیلیش چیدیکە ناتوانێ وا بەهاسانی خۆی لە بەرپرسایەتی و لە وەدیهاتنی «ڕێگاچارەی دوو دەوڵەتی» کە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە پشتیوانیی لێدەکرێ، بدزێتەوە. لە ڕابردوودا، پیلان و دروشم و هەڕەشە بەردەوامەکانی کۆماری ئیسلامی بەدژی ئیسرائیل لەلایەک و گرژی و ئاڵۆزیی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی لەلایەکەی دیکەوە، ئەو دەرفەتەی بۆ ئیسرائیل ڕەخساندبوو کە لە بەرگی قوربانیدا خۆی حەشار بدا و نەهێڵێ وەک بەشێک لە کێشەکانی ناوچە سەیر بکرێ. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە تاوانی چارەسەرنەبوونی پرسی فلستین هەمووی بخرێتە ئەستۆی ئیسرائیل! بەڵام ئێستا کە پێوەندیی ئیسرائیل لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە وڵاتە عەرەبییەکان ئاسایی بۆتەوە و تەنانەت هاوپەیمانیی نیزامی لەگەڵ چەند وڵاتی عەرەبی بەدژی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی خەریکە شکڵ دەگرێ، ئیسرائیل بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی فلستین دەکەوێتە ژێر فشارەوە.

٤. ئەو پرسە کە بۆچی ئیسرائیل وەک تەنیا وڵاتی ناوچە مافی هەیە خاوەنی چەکی ناوکی بێ (دیارە ئیسرائیل قەت ئەوەی نەسەلماندووە)، گەرمتر دەکەوێتە ڕۆژەڤەوە.

زۆر لایەن، بەتایبەتی وڵاتانی ئیسلامی، ئەوە بە ناتەبا دەزانن لەگەڵ پڕوپاگەندا و بانگەشەی ئەمریکا و ئورووپا و تەنانەت چین و ڕووسییەش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بێ چەکی ناوکی و ئەوە کە وڵاتانی ناوچە نابێ بکەونە کێبەرکێوە بۆ وەدەستهێنانی چەکی ناوکی.

ئەوانەی بوونی چەکی ناوکی بۆ ئیسرائیل بە ڕەوا دەزانن، هەمیشە ئاماژەیان بە بارودۆخی ئاستەمی ژێئۆپۆلیتیکی و ئەمنییەتی وڵاتی ئیسرائیل لە هەرێمەکەدا کردووە کە دەوری بە وڵاتانی نەیار تەنراوە و پێیانوابووە باڵادەستی نیزامی ئیسرائیل پارسەنگی هێز لە ناوچەی هەستیاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەپارێزێ؛ بۆیە، ئەگەری ئەوە هەیە کە ئیسرائیل، بەپێچەوانەی وڵاتانی عەرەبی، نەخوازێ وەک لایەنێک و ڕاستەوخۆ لە وتووێژەکانی ئێران و وڵاتانی ٥+١ دا بەشدار بێ و بەشداریی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندییە ستراتێژیکییەکانی ئەو وڵاتە بە ناتەبا بزانێ.

«نائێف فەلاح مەبارەک» سکرتێری گشتیی شووڕای هاوکاریی کەنداو لە سەردانی ئەو دواییانەیدا بۆ پێتەختی عەرەبستانی سعوودی ڕایگەیاند کە «لە هەرچەشنە وتووێژێکدا کە پێوەندیی بە ئەمنییەت و سەقامگیریی ناوچەوە هەبێ، دەبێ وڵاتانی شووڕای هاوکاریی کەنداو بەشدارییان هەبێ. ئێران دەبێ دوایی بە ناسەقامگیرکردنی ئەمنییەت و شێواندنی ئاشتیی ناوچە بهێنێ».

٥. هاوپەیمانیی نیزامیی ئەو وڵاتانە دەتوانێ زەبرێکی قورس لە تێرۆریزم و فەلسەفەی وجوودیی تاقمە تێرۆریستییەکانی ناوچە بدات.

ڕووداوی دووهەم هەواڵێک بوو کە ئێوارەی ڕۆژی ٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ لە کاناڵی تلویزیونی ٢٤ی ئیسرائیلییەوە بڵاو بۆوە کە ئیسرائیل، عەرەبستانی سعوودی، بەحرەین و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لە وتووێژدان بەمەبەستی پێکهێنانی کۆبەندێکی (ائتلاف) نیزامی چوارلایەنە بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی ئێران لەو وڵاتانە و نفووزی ڕێژیمی ئێران لە عێراق و سوورییە و لوبنان.

دەوڵەتانی ئەو چوار وڵاتە هەواڵەکەیان پشتڕاست نەکردوتەوە، بەڵام بەرپەرچیشیان نەداوەتەوە. دیارە پێوەندییەکانی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، توووریستی و کولتوری و نیزامی و ئەمنییەتی- ئیتلاعاتییدا بەئاشکرا و بەنهێنی لە پەرەسەندنی بەردەوام دایە. پێکهێنانی یەکێتیی نیزامی لە لایەن ئەو چوار وڵاتەوە، ئەگەر بە فەرمی ڕابگەیەندرێ، بە ڕووداوێکی مێژوویی دەژمێردرێ و دەتوانێ چەند هۆکاری هەبێ:

**یەکەم:** بەهەندگرتنی هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بە دوای پێشێلکارییەکانی ڕێککەوتنی «برجام». دوور نییە ئەو وڵاتانە زانیاری جێی متمانەیان هەبێ کە ئێران لە دروستکردنی بۆمبی ناوکی نزیک بۆتەوە و ئەوان، بەر لەوەی درەنگ بێ، هەنگاوی بەرگریکەر هەڵبگرن.

«بێنیامین نێتانیاهوو» ڕۆژی ٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاناڵی ١٣ی تلویزیونی وڵاتەکەی، لە وەڵامی پرسیارێکدا کە «ئیسرائیل سەبارەت بە پێشگرتن بە دەستپێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی، دەتوانێ پشت بە دەوڵەتی جەو بایدن ببەستێ، گوتی کە «بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەرنامەی ناوکی ئێران تەنیا متمانە بە خۆی دەکا»!

**دووهەم:** پێوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی پێی ناوەتە قۆناخێکی نوێوە و دوژمنایەتی و کێشە جێگەی خۆی داوە بە پێداویستیی هاوپەیمانی و هاوکاریی ستراتێژیک بەمەبەستی بەرنگاربوونەوەی دوژمنی هاوبەش، کۆماری ئیسلامی، بە هێزی یەکگرتوویان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان.

**سێهەم:** ئاشکرایە کە سیاسەت و هەڵوێستی دەوڵەتی «جەو بایدن» بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئەو وڵاتانەی نیگەران کردووە کە لە پشتیوانیی دەوڵەتی ئێستای ئەمریکا دڵنیا نەبن. دەزانن کە بە یەکگرتوویی، دەوڵەتی «بایدن» ناتوانێ بەهاسانی بەسەریاندا باز بدا و بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی ئەوان، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەوێتە ساتوسەوداوە.

**چوارەم:** ئەو وڵاتانە بەو ئاکامە گەیشتبن کە بۆ مەهاری ئێران پێویست بێ ئیسرائیل وەک وڵاتێکی مودێڕن و بەهێزی نیزامی، لەباری جوغرافیاییەوە لە ئێران نزیک ببێتەوە و ببێتە «جیرانی» کۆماری ئیسلامی.

**پێنجەم:** ئیسرائیل بەڵێنی دابێ بە وڵاتانی عەرەبی کە لە بەرامبەر ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانیان، بۆ چارەسەرکردنی پرسی فلستین هەنگاوی لێبڕاوانە هەڵبگرێ. ئێستا دەرفەت بۆ چارەسەرکردنی پرسی فلستین زۆر لەبارترە لە چەند مانگ لەوەپێش.

ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی بەو ئاکامە گەیشتوون کە پرسی فلستین بە چارەسەرنەکراوی، وەک «ئێسکی نێو برین» هەر دەمێنێتەوە و دەستی ئێران بۆ پیلانگێڕان و کەڵکی ناڕەوا وەرگرتن لە مەسەلەی فلستین، کورت نابێتەوە.

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

بەشی بیست و هەشتەم

## ٧:٦ سێ کلیلی سەرەکی سەرکەوتن

Napoleon (١٧٦٩ – ١٨٢١) ئیمپراتۆری فەڕانسە دەڵێت: ‹‹ئەوانەی کە زوو ماندوو دەبن و واز دەهێنن قەت سەرکەوتوو نابن، سەرکەوتووەکان هیچ کات واز ناهێنن››. یەکێک لە ئامانجەکانی هەر تاکێک لە ژیانیدا سەرکەوتنە. سەرکەوتنیش هەروا لەخۆیەوە وەدەست ناکەوێت بەڵکوو دەبێ هەوڵی بۆ بدرێت. سەرەڕای هەبوونی بەربەست و ئاستەنگەکانی سەر ڕێگا مرۆڤ دەبێ بەردەوام لە تێکۆشاندا بێ تا سەرکەوتن. ڕێگاکانی سەرکەوتن زۆرن و بۆ کردنەوەی دەرگای سەرکەوتن چەندین کلیل هەن کە مرۆڤ دەبێ بزانێت چۆن و لەکوێ کەڵکیان لێوەرگرێت؛ بەڵام سێ کلیلی سەرەکی و گشتی هەن کە دەرگای هەموو سەرکەوتنێکیان پێ دەکرێتەوە وەکوو: خۆناسین، بیرکردنەوە و خۆبەڕێوەبردن، بڕوانە وێنەی خوارەوە.

### خۆناسین و بیرکردنەوە


لە بەشی پێشوودا باسی هەبوونی هۆشی هەستیاریم کرد. بۆ هەبوونی هۆشی هەستیاری و خۆبەڕێوەبردن دەتوانی ڕاهێنان بکەی، بە مەرجێک بەر لەهەر شتێک خۆت بناسی؛ کەوابوو پێش ئەوەی بچینە نێو باسەکە، دەبێ بپرسین: مەبەستمان لە خۆناسین چییە؟ خۆناسین بنچینەی مرۆڤایەتی مرۆڤەکانە و بابەتێکی بنەمای مەعریفەی مرۆڤە، لە تیۆری و کردەوەدا بە شێوەیەک دەسەلمێندرێت کە مرۆڤەکە(تاکەکە) خۆی دەبێ بڕوای پێی هەبێت. خۆناسین، یانی هەبوونی باوەڕ بە توانا و لێهاتووییەکانی خۆت بە تایبەت ئەو تواناییانەی شاراوەن و دەتوانی ڕاهێنانیان لەسەر بکەی بۆ بەکارهێنان و کەڵک لێوەرگرتنیان. ڕوانگە و تێڕوانینی جیاواز هەیە لەسەر پرۆسەی خۆناسین. بەگشتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی زیاتر بایەخ دەدات بە پرۆسەی ئەویترناسی هەتا خۆناسی، هەر بۆیەشە کولتوری حوکمدان بەسەر بەرامبەردا زۆر دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی هەیە. من پێم وایە ئەم دوو پرۆسەیە خۆناسی و ئەویترناسی گرێدراوی یەکن و مرۆڤ ناتوانێت لایەنی بەرامبەری باش بناسێت ئەگەر خۆی نەناسێت. ئەو دەروونناسانەی کە لێکدانەوەیەکی مەعریفیان لەسەر ڕوانین و پێکهاتەی خۆناسین هەیە هەموو کاتێک بایەخێکی سەرەکی دەدەن بە لایەنی ناسین و تێگەیشتنی هەستەکان، هۆکارەکان، کردەوەکان، بڕیاراتەکان و باوەڕەکان و هەر لەو ڕوانگەشەوە دیاردە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان پێناسە دەکەن و هەڵدەسەنگێنن. هەروەها باوەڕیان وایە هەموو ئەوانە هۆکاری دروستبوونی هەستی خۆڕاگری و پشوودرێژین لە لای مرۆڤ. بەپێی ڕاپۆرتە توێژینەرەکانی دەروونناسان هەندێ لە مرۆڤەکان توانای خۆناسینیان بەرتەسک یان سنوورداره هەربۆیە خۆناسین بابەتێکی گرنگە لە ناو ژینگەی دەروونناساندا و پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئەو ژینگەی کە تێیدا دەژین چ ڕۆڵ یان کارتێکەرییەکی لەسەر تاکەکان هەیە بۆ خۆناسینیان؟ سەرکەوتن و بوونەپێشەنگ کارێکی ئاسان نییە بەڵام هەنگاوی یەکەم بۆ سەرکەوتن و پێشەن بوون خۆناسینە. خۆناسین یارمەتیت دەدات یان فێرت دەکات کاتێک ڕووبەڕووی کێشە و گرفت و بەربەستەکان بویەوە، چۆن و بە چ شێوەیەک لێیان دەرباز بی و ڕێگاچارەی گونجاویان بۆ بدۆزییەوە.

سوقرات پێیوایە ژیانێک کە لە پێشدا نەبینرابێت و پێداچوونەوە و لێپرسینەوەی تێدا نەکرابێت و نەکرێت، ژیانێک کە دوور لە پرسیارکردن، گەڕان و توێژینەوە بێت بە ژیان داناندرێت و گرنگی ونرخی ژیان کردنی نییە هەر بۆیە بەردەوام پێداگری لە خۆناسین دەکرد و دەیگوت « خۆت بناسە». سوقرات دەڵێت: مرۆڤ کە خۆی ناسی ئەوکات بیردەکاتەوە و لە وڵامی پرسیارەکان دەکۆڵێتەوە. ئەوەش بیرۆکەیەکی تەواو فەلسەفیانەیە، لەبەر ئەوەی فەلسەفە بە واتای بیرکردنەوە و پرسیارکردن دێت. کاتێک فەیلەسووفێک پرسیار دەکات ئەو بە دوای وڵامێکدا ناگەڕێت بەڵکوو تاکەکان بانگهێشت دەکات بۆ بیرکردنەوە و بەکارهێنانی ئاوەز(بیر و هۆش). لێرەدا مامۆستا ئەحمەد موختار جافم وەبیر هاتەوە کە دەڵێت: لە دنیادا ڕەفیقی پیاوی کەر هەرگیز نەکەی ئەحمەد! لەدەس ئینسانی بێ ئاوەز هەتا ئاخر سەرا ڕاکە Martin Heidegger (١٨٨٩- ١٩٧٦) بیرمەند و فەیلەسوفی ئاڵمانی لە کتێبی «What Is Called Thinking? بەچی دەگوترێ بیرکردنەوە؟» دەڵێت: ‹‹ئێمە کاتێک لە بیرکردنەوە تێدەگەین کە خۆمان هەوڵ بدەین بیربکەینەوە››. یانی گرنگیدان بە بیرکردنەوە بە تایبەت بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بۆ ئەوەی بتوانین بیانکەین بە بیرکردنەوەی گۆڕانخوازانە. لەڕووی فەلسەفەوە مرۆڤ بوونەوەرێکی بیرکەرەوەیە، ئەوەشە کە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە. ئەوە بیرکردنەوەکانی مرۆڤە کە دنیایەک پرسیار دروست دەکات و مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگای بیرکردنەوە خەون و پرۆژەکانی وەدی بێنێت و هەر لە ڕێگای بیرکردنەوەشە، مرۆڤ دەتوانێت بە مەعریفە بگات. کەواتە بەو پێیە دەتوانین بڵێین: « بیرکردنەوە» کۆڵەکەیەکی بنەڕەتییە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت خوو و خسڵەتی خۆبەڕێوەبەری تێدا دروست بێت و لە هەموو بیر و هەست و هەڵسوکەوتە نەرێنییەکان دوور بکەوێتەوە. کە خۆت ناسی، دەزانی بۆ دەژی یان بۆچی دەبێ بژی و ئەو کات ژیان کردن مانا دەدات؛ کە خۆت ناسی، ئاسانتر دەتوانی هەموو ئەو هەست وبیرکردنەوانەی ئازارت دەدەن یان تووڕەت دەکەن لە مێشکی خۆت دەریان باوێی و فڕێیان بدەی؛ یان بەهەست وبیرکردنەوەی ئەرێنی جێگۆڕکێیان پێ بکەی؛ کە خۆت ناسی، وڵامی ئەو پرسیارانە و سەدان پرسیاری دیکە دەزانی ئەگەر نەشتزانی بەدوایاندا دەگەڕێی بۆ وێنە: بیر لەچی دەکەیەوە؟ بۆ وا بیردەکەیەوە؟ چ دەکەی؟ بۆ وا دەکەی؟ قازانج و زەرەری ئەو کار و کردەوانەت چییە؟ ئامانجت چییە؟ و .... هتد. خۆناسین یان ناسینی کەسایەتی خۆت، یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی فێر بی چۆن هەستەکانت بناسی؟ ئێمە مرۆڤەکان جیاواز بیردەکەینەوە و تەنانەت بیروبۆچوون و ڕوانگەشمان لەسەر خۆمان جیاوازە. بە ئاوڕدانەوەیەک بە ڕابردوو دەتوانین بزانین ئەزموونەکان چ بوونە لە ژیانی ئێمەدا کە ئێستای ئێمەیان دروست کردووە. خۆناسین بۆ ئەوەی خاڵە نەرێنییەکان، هەستە نەرێنییەکان و بیرکردنەوەکانمان چ لەسەر خەڵکانی دیکە و چ لەسەر خۆمان دەستنیشان بکەین بۆ گۆڕانکاری. خۆناسین بۆ ئەوەیە کە جێپەنجەی خۆمان لە ناو کۆمەڵگەدا بدۆزینەوە، بۆ ئەوەیە باشتر بتوانین ئامانجەکان و شێوازی ژیان کردنمان دیاری بکەین. تایبەتمەندییەکی دیکەی خۆناسین ئەوەیە کە فێردەبین لەناو ڕابردوو، بیر و هەستە نەرێنییەکاندا نەژین. بەداخەوە کەسانێک هەن کە خۆیان ناناسن و بەردەوام چربوونەوەیان لەسەر بیر و هەستە نەرێنییەکان، ترس و دڵەڕاوکێیە. هەر بۆیەشە ئەو کەسانە زوو تووشی خەمۆکی دەبن و بەردەوام ڕەشبین و دوورەپەرێزن. لەو کاتانەدا باشترین ڕێگاچارە ئەوەیە کە لەگەڵ کەسێکی شارەزا و باوەڕپێکراو قسە بکەن و داوای یارمەتی وەرگرن یان ڕاهێنان بکەن. ئەگەر بەڕاستی و بە دڵ پێمان خۆش بێت لە دەست هەست و بیرکردنەوە نەرێنییەکان ڕزگارمان بێت، ژیانێکی پڕ لە خۆشی و سەروەریمان هەبێت، جێپەنجەمان لە کۆمەڵگەدا دیار بێت بۆ ئەوەش یەکەم هەنگاو خۆناسینە. ئەو خۆناسینەش دەبێتە هۆکاری دروست بوون و وڵامدانەوە بەو پرسیارانەی خوارەوە و هێندێک پرسیاری دیکە کە هەر تاکێک بەپێی بارودۆخ یان چلۆنایەتی دەروونی خۆی بۆی دروست دەبن وەکوو: بۆچی دەژی و ئامانجی ژیانت چییە؟ قۆناغی ئێستات چۆنە و لە چ ئاستێکدای؟ ئەتۆ چیت دەوێ؟ قۆناغی داهاتووت چۆن بێت؟ دەتهەوێت چۆن بە ئامانجەکەت بگەی؟ چۆن خاڵە لاوازەکان بدۆزیەوە؟ چۆن و بە چ شێوەیەک بتوانین پێوەندییەکی دروست و باش لەگەڵ خەڵکانی دیکە دروست بکەین؟ وڵامدانەوە بەوانە دەتوانێ لە ڕێگای:

- **ڕاهێنان کردن:** لە بەشەکانی پێشوودا زۆر باسی لەسەر کراوە و بەتایبەت شێوازەکانی ڕاهێنەری.
- **تەگبیرکردن یان بیروڕاگۆڕینەوە لەگەڵ هاوڕێیەک:** بۆ ئەوەی باشتر دڵنیابی ڕاوبۆچوونی هاوڕێ یان هاوکارێکت وەرگرە کە دەزانی شارەزا و باوەڕپێکراوە. کەسێک کە ڕاستگۆ و هاندەر بێت و ڕاستییەکانت پێ بڵێ نەک تەنیا دڵت خۆش بکات.
- **خۆتاقیکردنەوە:** لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی ژیانی خۆمان بەتایبەت ئەو قۆناغەی ئێستا تێیدا دەژین و لەگەڵ قۆناغی داهاتوو یان قۆناغی مەبەستمان. دۆزینەوەی بەربەستەکان و ترسەکانمان بەتایبەت ترسی شکان و سەرنەکەوتن و تاقیکردنەوەیان.
- **ڕاوێژکردن لەگەڵ کەسێکی کارناس یان پسپۆڕ**

لە ئاکامی خستنەبەرچاو یان ڕانانی ئەو پێناسەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، دەتوانین بڵێین کە تیۆری خۆناسین یەکێکە لە بەشە بنەڕەتییەکانی مەعریفی مرۆڤ کە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوە، کردەوە و سەرکەوتنەکان هەیە.

**ئایا حەز دەکەی دڵخۆشتر بژی ؟**




**کەواتە تێکۆشە و خۆت بناسە.**

### هەموو کاتێک هیوا هەیە

دەگێڕنەوە و دەڵێن ڕۆژێک بێچووە فیلێک لە قەراغ مەیدانی سیرکێک بە پەتێکی قایم بەسترابۆوە. بێچووە فیلەکە زۆری حەز دەکرد ڕابکات و وەدوای پەپوولە و باڵدارەکان بکەوێت کە لەسەر دار و گوڵەکان هەڵنیشتبوون. زۆر حەزی دەکرد بڕوات بۆ لای ئەو منداڵانەی کە لە مەیدانێکی تەنیشتی سیرکەکە تۆپێنیان دەکرد. زۆری هەوڵ دا بەڵام بێسوود بوو لەبەر ئەوەی قایم بەسترابۆوە.

**ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێمەش وەک ئەو بێچوە فیلە پڕ لە وزە و هیوا و هەبوونی حەز و ئارەزووی ژیانێکی خۆش و سەربەست بووین.**

کەمێک لەولاتر دایکی بێچوە فیلەکە بە پەتێکی باریک لە پچکە دارێکی ئیشک بەسترابۆوە و بەشێوەیەک ئەگەر ئەو حەزی کردبا بڕوات زۆر ئاسان دەیتوانی خۆی ڕزگار بکا. بەڵام فیلەکە هیچ هەوڵی نەدەدا لەبەر ئەوەی کاتێک ئەویش بچوک بوو بەو پەتە ئەستورە توند و قایم بەسترابۆوە و وا فێر ببوو کە هەوڵدانەکەی بێ ئاکام دەبێت.

**بەداخەوە پەتی پرەنسیپەکانی ئایینی، دابونەریتی کۆن، بیرتەسکی، توونێل بینی و چاویلکەی بە کەم دیتنی خۆمان وای کردووە باوەڕ بە وزە، توانا و لێهاتوویی خۆمان نەکەین. زۆر لە ئێمە وەک دایکە فیلکە بێ هیوا و دەستبەردار بووین و وا دەزانین هەر جموجۆڵێکمان بێ ئاکام دەبێت.**

کاتێک تازە هاتبووینە وڵاتی نۆرویژ من تەمەنم ٢٩ ساڵ بوو و خاوەنی هاوژین و کچێکی تەمەن یەک ساڵانە، نە زمانی ئەو وڵاتەم دەزانی و نە هیوا و باوەڕی ئەوەم هەبوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژەکان بتوانم لە خوێندن بەردەوام بم. من لە ڕۆژهەڵات تا دواناوەندیم (چهارم نظری) خوێندبوو ئەویش نەک بە زمانی دایکیم بەڵکوو بە زمانی داگیرکەر کە لە ڕۆژهەڵات فارسییە، تەنانەت ئەلفوبێی کوردیشم نەدەزانی، ماوەی دوو ساڵیش




لە شارەداری کارم کردبوو. بەهۆی چالاکی سیاسی، ساڵانێک دەربەدەری و ئاوارەیی و شەڕی داسەپاوی ڕێژیمی ئێران بەسەر کوردی ڕۆژهەڵات، هەڵوەدابوون و کەمپنشینی لە ئۆردووگای ئەلتاشی شارێک بە ناوی ڕۆمادی لە نزیک بەغدا زۆر ماندووی کردبووم تەنانەت هیوای فێربوونی زمانی نۆرویژیشم نەبوو. وەک بێچووە فیلەکە خۆم بە پەتێکی قایم بەستبۆوە و تەنیا لەبیری ئەوەدا بووم کارێکی ئاسایی بکەم بۆ وەدەستهێنانی بژێوی ژیان بۆ ئەوەی سەرباری وڵاتی نۆرویژ نەبم. دوو کەس ڕۆڵی گرنگیان لە ژیانی مندا گێڕا یەکەمیان بەرپرسەکەمان کە ژنێکی بە ڕەچەڵەک سوئێدی و ساڵانێک بوو لە نۆرویژ دەژیا بە ناوی ڕوونە کە بەداخەوە ساڵێک دوای هاتنی ئێمە گەڕاوە بۆ سوئێد و دووهەمیش هاوژینەکەم سۆران. هەرچەند ئەویش وەک پیاوێکی کورد بە کلتوور و دابونەریتی کوردی گەورە ببوو بەڵام لەو بەشەدا بۆ خوێندن و چالاک بوونم چ چالاکی سیاسی و چ چالاکی کۆمەڵایەتی زۆر هاندەرم بوو، سپاسی دەکەم. بە هاندانی هەر دووکیان و بە پێداچوونەوەی ڕابردوو بیرکردنەوەکانم، نەخشەڕێگایەکی نوێ بۆ ژیانی داهاتووم وێنا کرد و توانیم بەپێچەوانەی فیلەکە پەتەکە بپسێنم و ڕزگار بم. هەرچەند خوێندنم لەگەڵ کاری چالاکییەکانم لەسەر یەک هێڵ یان هاوتەریب نەبوو و ڕێگایان بەپێچەوانەی یەکتر بوو و وێڕای هەبوونی ماڵ و منداڵ توانیم خوێندنی باڵا لە ئەندازیاری ڕێگاوباندا تەواو بکەم و لە هەمانکاتیشدا چالاکی سیاسیشم لەو وڵاتە هەبێت وەکوو: دەورەیەکی ٤ ساڵە بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی هەڵبژێردرام و هەروەها لە بەڕێوەبەرایەتی گروپی ژنانی چالاک بۆ حیزبەکەم(SV) لە ئاست پارێزگادا بۆ چەند ساڵێک کارم کرد. من لەسەر ئەو باوەڕەم هەر کەسێک بەدڵ بیهەوێت ژیانێکی خۆش و دروست شایانی خۆی هەبێت، دەتوانێت بۆ وەدەستهێنانی هەوڵ بدات. وەدەستهێنانی ئەو ژیانەش تێچوو و نرخی خۆی هەیە، ماندووبوون و شەونخوونی پێویستە. هەرتاکێک بۆ خۆی کارگێڕ، بەڕێوەبەر و بڕیاردەرە لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خۆی کەواتە لە ڕێگای ڕاهێنانەوە دەتوانی ڕێگای سەرکەوتن و هەبوونی ژیانێکی خۆش بۆ خۆت مسۆگەر بکەی. چەند پرسیارێکی بنەڕەتی بۆ دۆزینەوەی ڕێگای هەبوونی ژیانێکی پڕ لەسەروەری و شایستە وەکوو:

- م چۆن و بە چ توانا و هێزێک بتوانی خۆت لەو زنجیرەی لە دەستوپێی خۆت کردووە، ڕزگار بکەی؟
- . چۆن هۆ (ئەنگیزە) و ویستەکانی خۆت بدۆزیەوە؟
- . چت دەوێ؟ چ لە ژیانی کەسی و چ لە شوێنی کارکەتدا.
- . چۆن بەو قۆناغە بگەی کە مەبەستتە (قۆناغی باشتر)؟

مرۆڤ بۆ جارێکیش بێت لە پرۆسەی ژیانیدا دەکەوێتە ناو چاڵ یان تەڵەوە، مەبەستم هەر ئەو پەتەیە کە بێچووە فیلەکەی پێ بەسترابۆوە. جیاوازی نێوان مرۆڤەکان ئەوەیە کە هێندێکیان بە زووترین کات هەڵدەستنەوە و لەو چاڵەی تێکەوتوون دێنە دەر بەڵام هێندێک کەسیش کاتی زۆرتری دەوێت بۆ هاتنەدەر، لەوانەیە هێندێکیش هەر هیوابڕاو بن و وابزانن ئیتر کۆتایی ژیانە و وەک دایکە فیلەکە بەو چارەنووسەیان ڕازی بن. زۆر ڕێگا هەیە بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتن بەڵام من پێموایە ئەو سێ ڕێگایەی لە وێنەی خوارەوە بەسەر یەکەوەن دەتوانن باشترین هەڵبژاردە بن بۆ گەیشتن بە لووتکەی سەرکەوتن



# ژیلەمۆ:

## ڕێژیم گرتنی دز و خائین و ئێختلاسچیان وەک ئاخرین میتۆد بۆ پێشگرتن لە گەندەڵی زیاتر بەکار دەهێنێ. لەحاڵێکدا ماڵی وەلی فەقی و تاران چاوانەی گەندەڵییەکەیە و ئیسڵاحکردنی ڕێژیم یان مووچەخۆرانی حکومەتی بە گرتن شتێکی گاڵتەئامێزە.

**دیمانە: کوردستان**

بارودۆخی ژیان لە ئێران و کوردستان تا دێت ئەستەمتر و پڕکێشەتر دەبێت. سەرباری وادە و بەڵێنییەکانی سەرانی ڕێژیم بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی ژیان، ئاکام و دەرەنجامەکان بۆ خەڵک پێچەوانەیە. بازاڕەکان لە ئێراندا هەر ڕۆژ بەرەورووی قەیرانێکی نوێتر دەبنەوە؛ بەتایبەت لە بازاڕی خانوبەرەدا. بۆ شرۆڤەکردنی ئەم بارودۆخە «کوردستان» وتووێژێکی لەگەڵ چالاکێکی ئابووری لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەنجام داوە کە لێرەدا دەخرێتە بەر دیدی خوێنەرانی ئازیز:

**بارودۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی لە ئێستادا چۆنە ؟**

. ژیان و گوزەرانی خەڵکی گشت جیهان و ئێران و کوردستانیش لە چەند مانگی ڕابردوودا بەرەو قۆناخێکی نوێ و چاوەڕواننەکراو گوازراوەتەوە . نەخۆشینی کۆڕۆنا هۆکاری ئەم وەزعییەتە نوێیە بووە. لەم نێوانەدا وڵاتی ئێران بە گشتی بە قۆناخێکی ناخۆشدا تێپەڕ دەبێت و بەداخەوە هێشتا ڕوون نییە کەنگێ خەڵک دەتوانن ئازادانە هاتوچۆ بکەن یان بە شوێن کاروباری ڕۆژانەیان بکەونەوە. خەڵکی کوردستان بە نیسبەت ناوچەکانی دیکەی ئێران لە قۆناخێکی ناخۆشتردان، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار کە گرفتی ئابووری و کەمی داهاتی خەڵک لەباری ماڵییەوە دەتوانێ یەکێک لەو هۆکارانە بێت . ژیانی خەڵک لەم ساڵەدانە بە شێوەیەکی هەستپێکراو تووشی وەرچەرخانی زیاتر بووە. گرانی پەیتاپەیتا زیاتر دەبێت و بێکاری و نەمان و کەمبوونەوەی داهاتی ماددی بەردەوام زیاد دەکات. بە جۆرێک کە خەڵک بۆ بژیوی ڕۆژانەیان لەگەڵ گرفت ڕووبەڕوو بوونەتەوە.

**یەکێک لەو بازاڕانەی کە لە ئێراندا تووشی خەسار هاتووە و کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵک داناوە، بازاڕی خانوبەرەیە. بەگشتی دۆخی ئەم بازاڕە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

. بەشێکی سەرەکی ئابووری ئێران لە سەر بنەمای دروستکردنی خانوبەرە [ساخت و ساز] بونیات نراوە.
بەو پێیەی کە بۆ سازکردنی خانوو کەلوپەل و پێداویستی تایبەت بە خانوو سەرف دەکرێ جموجۆڵێکی تایبەتیش دەکەوێتە بازاڕەوە و دەبێتە هۆی ئەوەیکە سینفەکانی دیکەش بازاڕیان خۆش بێت.
لەو کاڵایانەوە بگرە کە بۆ سازکردنی بینایەک پێویستە هەتا دەگاتە کەلوپەلی نێو ماڵ؛ بەڵام لە ئەگەری کەمبوونەوەی بیناسازی لە ئێراندا زۆربەی هەرە زۆری سینفەکان تووشی هەڵاوسان و بێ بازاڕی دەبن. لە ئێراندا ئەم وەزعییەتە ساڵانێکی زۆرە بە شێوەیەکی نەپچڕاو درێژەی هەیە.
زەوی و خانوو بەردەوام گران و گرانتر دەبن بە جۆرێک کە دەتوانم بڵێم لە ئێستادا ئیدی گرانی خانوو و زەوی گەییشتووەتە ئاستێکی چاوەڕواننەکراو لە گرانی . شارەکانی کوردستانیش لەم قاعیدە خراپە بێبەش نین و بگرە تا ڕادەیێکیش وەزع لە کوردستان خراپترە.
گرانی مڵک و ماڵ لە کوردستان لە ئاستی شارە گەورەکانی ئێراندا و بگرە زیاتریش دەچێتە پێش. هیچ چاوەدێرییەک بە سەر نرخی خانوبەرەوە نییە و هیچ لایەنێک بە نیسبەت ئەم گرانییە لەغاوپچڕاوە وڵامدەری کۆمەڵانی خەڵک نییە.
ئامارێکی دروست و جێگای متمانە لە خەڵکانی بێ ماڵ لە بەردەستدا نییە.
لە زستانی ساڵی ۱۳۹۷هەتا زستانی ئەمساڵ واتە ساڵی ۱۳۹۹ نرخی خانوو زیاتر لە چوار هەتا پێنج بەرانبەر گرانتر بووە. ئەگەرچی دروستکردنی ماڵ لە ئێران و کوردستان تا ڕادەیەک کەم بووەتەوە بەڵام هێشتا کەم و زۆر هەر خانووی نیشتەجێبوون دروست دەکرێ.
لەم نێوانەدا هەتا دێت خەڵکانی کرێنشین گوشاری زیاتر دەکەوێتە سەریان، چونکە بە نیسبەت گرانییەک کە لە بازاڕدا هەیە خاوەن ماڵەکان کرێی ماڵ زیادتر دەکەن. کرێنشینی ماڵ لە ئێران و کوردستاندا زۆر سەخت بووەتەوە؛ زۆربەی کرێنشینەکان ناچارن ماڵەکان بگۆڕن و بە ماڵی بێ کەیفییەتتر و بچوکتر قەناعەت بکەن.
هەندێ بۆ ئەوەی بتوانن کرێی ماڵ بدەن، لە خواردن و پۆشاک و پێداویستییە ڕۆژانەکانیان کەم دەکەنەوە یان دەست هەڵدەگرن هەتا بتوانن کرێی خانوو بدەن. سەرەتای بەهار و پاییز گرێبەستی بەکرێگرتنی خانوو دەبەسترێ یان تازە دەکرێتەوە.
لە ئێستادا زۆربەی بونگاکانی کڕین و فرۆشتنی خاک و ماڵ قەرەباڵغن و بەردەوام خەڵک بۆ بەکرێگرتنی خانوو ڕوویان تێدەکەن.
کرێی خانوویێکی ۸۰ میتری لە شوێنێکی وەک شاری سەقزدا مانگانە زیاتر لە ۱ میلیۆن و ۵۰۰هەزارتمەنە . ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەندێ خاوەن ماڵ بێعانەش وەردەگرن و بەپێی بێعانە کە لە کرێی خانووەکە کەم دەکەنەوە.
بۆ نموونە ۵۰ میلیۆن پوڵی نەقد وەردەگرن و ۵۰۰ هەتا ۸۰۰ هەزار تمەنیش کرێ دەستێنن. گەڕەکێک کە ماڵەکەی لێهەڵکەوتووە یان کەیفییەتی ماڵەکە، شوێندانەریان لە کەم و زۆری کرێکە هەیە. نرخی هەر میتر ماڵ بۆ فرۆشتن لە نێوان چوار هەتا چل میلیۆن تمەندایە.

**حەقی ئاو و برق و گاز و ... چۆنە ؟**

. هەر خاوەن ماڵێک دەبێ لەگەڵ کرێی خانووەکەدا حەقی ئاو و برق و گاز و تەلەفوون و مۆبایلیش بدات، ئەمە بەڕواڵەت شتێکی ئاساییە و بەپێی ئەو ڕێژەیە کە ئاو یان گاز سەرف دەکرێ دەبێ تێچووەکەیشی بدرێ. کێشەکە لەوەدایە کە ساڵێک چەند جار تەعرەفەی ئەم پێداویستییانە بە شێوەی تاکلایەنانە لەلایەن حکومەت یان ئەو سازمانانەوە گران دەبێ بێ ئەوەیکە ڕای خەڵک وەربگیرێ.
لەوە سەیرتر ئەوەیە کە هیچ شەفافییەتێک لە فیشەکاندا نییە و زۆربەی کات بەو نیسبەتە کە دەبێ خاوەن ماڵێک حەقی برق یان ئاو یان گاز و تەلەفوون بدات هەندێ پارەی شتی دیکەش بدات کە ڕێژیم بە فیشەکانییەوە گرێی دەدات.
ڕێژیم لەم ڕێگاوە بە نەوعێک دزی لە خەڵک دەکات بێ ئەوە بهێڵێ خەڵک بە قوڵایی بابەتەکە بزانن.
ماوەی زیاتر لە یەکساڵە بە بیانووی دەستپێوەگرتن بە کاغەز و پێشگیری لە برینی دارەکان فیش بۆ بنەماڵەکان نایەتەوە بەڵکوو بە پەیامەکێک بۆ سەر مۆبایلەکانیان پێیان دەڵێن کە دەبێ چەندە پوڵ بابەتی فلان ئینشعاب بدەن. لەم پەیامەکەدا هیچ شیکردنەوەیەک بۆ خاوەن ماڵ نادرێ بەڵکوو تەنیا و تەنیا داوای پوڵی لێدەکرێ. ئەمەش دەستی ڕێژیم بۆ دزی زیاتر ئاوەڵا دەکات هەر بۆیەش بەردەوام خەڵکانی زۆر سەردانی ئیدارەکان دەکەن و بەم غەدر و دزیە نارەزایەتی دەردەبڕن و زۆربەی کاتەکان شەڕ و بەزمی لێدەکەوێتەوە. جگە لە هەمووی ئەمانە شێوەی دابەشکردنی ئاو و برق و گاز لە گەڕەکەکانی شارەکانی کوردستاندا یەکسان نییە و زۆربەی کات گەڕەکە پەراوێزنشینەکان لەم خزمەتگوزارییانە بێبەش دەکرێن.

**ئێوە زۆر باسی کەیفییەتی خانووەکان دەکەن؛لەمبارەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەن:**

. لەباری ڕفاهیەوە و بەهۆی زۆربوونی کەرەستە و بەرهەمە نوێکانی تیکنۆلۆژی زۆر سروشتییە ژیان و گوزەرانی ناو ماڵ لە ئێران و جیهانیشدا هەم گۆڕاوە و هەم ئاسانتر بووەتەوە. ئەمە حیکایەت لە وێکچوونێکی گشتی و جیهانی دەکات بەڵام لە ئێران و کوردستاندا باری فەرهەنگی خەڵکەکە لە پێش چاو ناگیرێ و بەنیسبەت جیاوازی نەتەوەییەوە زۆر ئاساییە هەندێ جیاوازیش لە ماڵ و شوێنی ژیاندا هەبێت؛ بۆ نموونە شوێنی ڕابواردنی گشتی، شوێنی عیبادەت، شوێنی وەرزشی گشتی، شوێنی کڕینی کاڵا و کەلوپەل و هتد. بەداخەوە ئێستا شتێک بە ناوی شارسازی لەژێر کاریگەری کەلتوری سەرمایەدارانەی مافیای ئێرانیدا کەمڕەنگ بووەتەوە. خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بەتایبەت لە شارەداریدا زۆر کەم بووەتەوە و شارەدارییەکان زۆرتر بەو گەڕەکانە ڕادەگەن کە کەسانی بەرپرس و حکومەتییان تێدا نیشتەجێیە. باشگاکانی وەرزشی لە ناوەندی شارەکان یان گەڕەکێکی دیاریکراودان کە دەبێ خەڵکی گەڕەکەکانی دیکە خۆیان و منداڵەکانیان بە سەرفی کات و پوڵی زیاتر ڕوویان تێبکەن. لە گەڕەکەکان شوێنێک بۆ خزمەتگوزاری فەرهەنگی وەک فێربوونی زمانی دایکی یان زمانی دیکە یان فێربوونی مۆسیقا و هتد تەرخان نەکراوە یان کەمتر بوونی هەیە و هاوشێوەی باشگا وەرزشییەکان ئەو شوێنانەش بۆ خەڵک لە شوێنێکی نیزیکەدەستدا نین. خەڵک خۆیان زەوی بۆ مزگەوت دابین دەکەن و دیسان بە هیمەتی خۆیانە مزگەوت دروست دەکەن یان نۆژەنی دەکەنەوە. سازمانی ئەوقاف یان ڕێژیم کە دەبێ بەرپرسیاری یەکەمی ئەم بابەتە بن هیچ کارێک لەمبارەوە ناکەن . بە گشتی شارەداری و ئیدارەی شارسازی دوو سازمانن کە هیچ پلانێکی بەرۆژیان بۆ ئەم شتانە نەبووە و نییە هەر بۆیەش ناو شارەکان بەردەوام ناخۆشتر دەبێت و ژاوەژاوەکان و ترافیکی هاتوچۆ ژیانی خەڵکی ناخۆشتر کردووە.

**لە چەند مانگی ڕابردوودا لە زۆربەی شارەکانی ئێران و کوردستان چەندین کەس لە شارەدارەکان و شۆراکانی شار و خەڵکانی پەیوەندیدار بەم ناوەندانەوە لە لایەن ڕێژیمەوە گیراون. ئەم بابەتە چۆن دەبینن؟**

بەڵێ لە زۆربەی شارەکان ئەم بەناو گیرانانە هەیە ئەوەش دوو هۆکاری لە پشتە یەکەم: شەڕی باندەکانی دەسەڵاتە. دووهەم: ڕێژەی زۆربوونی گەندەڵی ماڵی و ئیدارییە کە تەواوی ئیدارەکانی گرتووەتەوە.
هەوڵدان بۆ دەسەڵاتداری شتێکی غەریزی مرۆڤە بەڵام لە ئێراندا ئێستا گروپە جۆراوجۆرە سیاسییەکان لە تارانەوە ئەم ڕەوتە هیدایەت دەکەن.
شەڕی دەسەڵات بە ناوەندە سیاسییەکانەوە نەوەستاوە و ئێستا هەموو قوژبن و سوچێکی ئیدارەکانی گرتووەتەوە. هەر ئەمەش چەندین جۆری گەندەڵی، کەمکاری و خزم خزمێنێ و دزی لێکەوتووەتەوە.
شەڕی دەسەڵات شارەدارییەکان و شۆراکانی شاریشی گرتووەتەوە و لایەنی دەسەڵاتدار دزی و خیانەتەکانی لایەنی کەم دەسەڵاتتر دەخاتە ڕوو هەتا لە ساحەکە بیکاتە دەرەوە.
ڕێژیم گرتنی ئەم دز و خائین و ئێختلاسچیانە وەک ئاخرین میتۆد بۆ پێشگرتن لە گەندەڵی زیاتر بەکار دەهێنێ.
لەحاڵێکدا ماڵی وەلی فەقی و تاران چاوانەی گەندەڵییەکەیە و ئیسڵاحکردنی ڕێژیم یان مووچەخۆرانی حکومەتی بە گرتن شتێکی گاڵتەئامێزە.
شارەدارەکان و شۆرای شارەکان بە دزی و ڕانت و هاودەستی سەرمایەدارەکان زەوی و خانویان بە چەندین بەرانبەر لە نرخی واقعی خۆی، بە خەڵک گرانتر دەفرۆشتەوە ئاکامەکەی ئەو بارودۆخە خراپەیە کە ئێستا خەڵکی تێیدایە.
ئایا لە تەواوی ئەو شارانەدا کە ئەم دز و خائینانە گیراون نرخی ماڵ و مڵک یەک لە سەد دابەزیوە؟ بێگومان نا! کەوابوو ئەم گرتنانە جگە لەو دوو هۆکارە کە عەرزم کردن هیچی دیکە نییە و هیچیش لە گوزەرانی ناخۆشی خەڵک لە بابەتی مەسکەنەوە ناگۆڕێ.

**لە سەردەمی دەسەڵاتداریئەحمەدی نژاددا پرۆژەی مەسکەنی مێهر بەڕێوە چوو، شوێندانەری ئەم کارە چۆن بوو؟**

. بە هۆی ئەوە کە لە ئێران و کوردستاندا بەتایبەت شوێنی سەرمایەگوزاری ئابووری و بەرهەمهێنانی باش نییە هەرچی پوڵە درەنگ و زوو دەخرێتە کاناڵی مڵکەوە؛ هەر ئەوەش وەهای کردووە کە هەرچی سەرمایە لە مڵکدا بخەوێ پاش چەند ساڵێک، چەند بەرانبەر دەبێتەوە.
ئەمە لەواقعدا خێر نییە بەڵکوو بڵقێکە کە بەردەوام گەورە و گەورەتر دەبێتەوە.
ئەو خانوانە بێکەیفیەتترین خانویەکن کە لە ئێراندا دەتوانم ئاماژەیان پێبکەم بەڵام خەڵک ناچارن تێیدا بژین و کورد گوتەنی خۆیانی تێدا بشارنەوە.
بەنیسبەت ئەو گرانییە کە بە سەر مڵک و ماڵدا زاڵ بووە، ئەو خانوانەش گران بوون بە جۆرێک کە هەر ئێستا واحیدێکی ئاپارتمانی مێهر لە شاری سەقزدا نرخی لە نێوان ٤٠٠ هەتا ٧٠٠ میلیۆن تمەنە.

**لاوەکان کە دەیانەوێ ژیانی هاوبەش پێک بهێنن چۆن لەگەڵ ئەم هەمووە گرفتەدا ڕوبەڕوو دەبنەوە؟**

. بۆ کەسانێک کە لە ساڵانی پێشوودا پاشەکەوتێکی ماددیان هەیە وەزعەکە بڕێک باشترە و دەتوانن یاریدەری کوڕ و کچەکانیان بن بەڵام بۆ ئەو لاوانەی کە لەباری ماڵییەوە لاوازن وەزعەکە زۆر خراپترە بە جۆرێک کە دەتوانم بڵێم زۆربەی لاوەکان ئێستا ناتوانن ژیانی هاوبەش پێک بهێنن.
تەنانەت ئەوانەش کە ژیانی هاوبەش پێک دەهێنن ناتوانن بە دڵخوازی خۆیان یان بەگوێرەی پێویست منداڵیان بێت. تەواوی ئەمانەش لە فەقر و گرانییەکەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕێژیمی گەندەڵی تاران لێی بەرپرسیارە.
دەڵێن ماڵە بچوک و تەنگەڵانەکانی خەڵک لە کاتی حکومەتی تێزاری ڕوسیادا بوونە هۆکاری زۆر لە ئاڵوگۆڕەکانی پاش خۆیان. ئێرانیش لەباری خانووی نیشتەجێبوونەوە لە وەها بارودۆخێکدایە.
ئەگەرچی ئەم وەزعە لەوانەیە بڕێک جیاوازی لەگەڵ ڕوسیای ئەو کاتدا هەبێت بەڵام گومانی تێدا نییە کە نەبوونی مەسکەنی گونجاو زۆر ناهەنجاری کۆمەڵایەتی دروست کردووە و لە داهاتووشدا زیاتر دروست دەکات.
خۆکوشتن، هەڵاتن لە خێزان، فەسادی ئەخلاقی، تەشەنەسەندنی کەلتورە خراپەکان وەک مەسرەف کردنی ماددە هۆشبەرەکان، کارتۆنخەوی و لە قەبردا نوستن و دەیان دیاردەی دیکە دەتوانن لە نەبوونی مەسکەنی گونجاوەوە سەرچاوە بگرن.
بۆ کۆمەڵگای کوردستان کە کۆمەڵگایەکی لەحاڵی شۆڕشدایە، نەبوونی مەسکەن دەتوانێ یەکێک لە هۆکارەکانی دوورکەوتنە لە ئەدەب و ئەخلاق بێت.
شیرازەی بنەماڵەکان بەم هۆکارانەوە دەتوانێ لە یەک بپچڕێ و بێسەرەوبەرەیی ڕوو بدات و بە نەوعێک دەتوانم بڵێم مرۆڤ بە لای بێ شوناسیدا هان دەدات.
دورکەوتنەوە لە ڕەسەنایەتی و هاوسۆزی کۆمەڵایەتی و یەکگرتوویی دەتوانێ تەئسیری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە سەر داهاتووی کۆمەڵگاکەمان دابنێ.

**مەسکەنی میللی پرۆسەیەکی نوێ بوو کە لە ساڵانی ڕابردوودا لەلایەن دەوڵەتی ڕوحانییەوە ناوی لێبرا و هەندێ خەڵکی بێ خانوو ناونوسیان بۆ کردووە، ئاکامی ئەم پرۆسە پاش زیاتر لە یەکساڵ بە کوێ گەییشتووە؟**

. ئەوەی ڕاستی بێ لە ئێراندا هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتی حاکمییەت بە مانا سیاسییەکەی. مەسکەنی میللی لە واقیعدا بابەتێکی نوێتر بوو بۆ خۆدزینەوەی حکومەت لە کێشە و گرفتەکانی پەیوەندیدار بەم بابەتەوە.
ڕێژیم وتی یاریدەر دەبێ بە تەواوی ئەو کەسانە کە بێ خانون. ڕێژیم بە وەرگرتنی پارە لە پێشدا دەیهەویست خۆی لە دەست گوشارە ئابوورییەکان ڕزگار بکات و هەناسەیێک هەڵبکێشێ.
ئەگینا هەموو کەسێک دەزانێ بە کردەوە لەمبارەوە هیچ شتێک جێبەجێ نەکراوە، تەنانەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا زۆربەی ئەو کەسانە کە ناونووسییان بۆ مەسکەنی میللی کردووە خەریکی فرۆشتنەوەی ئیمتیازەکەیانن.
چونکە دەزانن ئاکامی مەسکەنی میللی حەسەن ڕوحانی هیچ لە مەسکەنی مێهرەکانی ئەحمەدی نژاد باشتر نابێ

**وەزعییەتی دێهاتەکان بە گشتی لەمبارەوە چۆنە؟ کۆتای باسەکەتان لە بارەی خانووەوە چییە؟**

. ژینگەی دێهاتەکانی کوردستان شوێنێکی خۆش و ئارامترە بە نیسبەت شارەکانەوە. خزمەتگوزاریگەلی ئاو، برق، گاز و تەلەفوون بۆ ئەوان کەمترە. بەو حاڵەش ژیان لە دێهاتدا بەردەوامە و تەنانەت خەڵکانێکی زۆر لەم یەک دوو ساڵەی ڕابردوودا بە هۆی گرانی خانووبەرە لە شارەکاندا ڕوویان کردووەتەوە دێهاتەکان.
دێهاتەکانی نیزیکی شارەکان ئێستا حەشیمەتیان زیاتر بووە لەچاو ساڵانی پێشوو. ڕێژیم بە نیسبەت زیادبوونی حەشیمەتی دێهاتەکانەوە هیچ خزمەتگوزارییەکی [بێهداشت، خوێندنگە، ڕێگاوبان و هتد] زیادتری بۆ ئەو خەڵکە دابین نەکردووە .
کۆتا قسەم لەمبارەوە ئەوەیە کە بە ئەزمون بۆمان دەرکەوتووە و دڵنیام هیچ شتێک لە ئێراندا بە خانووبەرەیشەوە بەرەو باشی ناڕوات؛ چونکە حکومەتێکی تیرۆریست و گەندەڵ و دواکەوتوو لە سەر کارە و ئەم حکومەتە هیچ گرینگییەک بە ژیانی خەڵکی ئێمە نادات. ڕوخانی ئەم حکومەتە دەتوانێ دەرگایەک بێت بەرەو ژیانێکی باشتر لە هەموو بوارەکاندا. لە سەردەمێکدا کە تیکنۆلۆژی بەستێنێکی دابین کردووە کە دروستکردنی خانویەک تەنیا چەند کاتژمێرێک درێژە دەکێشێ.
خەڵکی ئێران و کوردستان کە ڕێژەیێکی زۆری زەویان لە بەردەستدایە بەهۆی نامسئولبوونی حکومەتەوە لە سەرەتاییترین مافی ژیان وەک خانویەکی ئاسایی بێبەهرە دەکرێن. لە ئێراندا گەندەڵی ئەوەندە پەرەی سەندووە کە گەندەڵکاران پوڵی دزیەکانیان دەدەن بە خانوو و یەک کەس بە تەنیا خاوەنی هەزاران خانووە بێ ئەوەی کەس ڕاپێچی دادگای بکات یان لێپرسینەوەی لێبکات تەواوی ئەو خانوانە بە خەڵکی هەژار بە کرێ دەدات و مانگانە پارەکانی وەردەگرێ.
مۆنۆپۆلکردنی زەوی و ماڵ لە هەر شارێکدا لە دەست تۆقەنێ ئینسانی بێ ڕەوشتی سەر بە حکومەتدایە هەر ئەمەش بووەتە هۆکاری گرانی ماڵ و زەوی. تیکنۆلۆژی ئێستا دەتوانێ بەشێکی زۆری ئاواتە وەدینەهاتووەکانی مرۆڤ وەدی بێنێ بۆ نمونە ئینتێرنێت و کۆدی میللی دەتوانن لە چرکەساتێکدا ڕونی بکەنەوە کە کەسێک تاپۆی چەند خانوی بە ناوەوەیە.
ئایا حکومەت ناتوانێ لەم ڕێگاوە ئاماری ڕاستەقینەی ئەو خەڵکانە دەربێنێت کە چەشنی زالو خوێنی کۆمەڵگایان هەڵمژیوە و بەشی زۆری داهاتە دزییەکەیشیان هەر داوە بە مڵک و خاوەن ماڵە ڕاستەقینەکانیان تێدا کردووە بە کرێچی؟
بێگومان بەڵێ، ڕێژیم دەتوانێ لە چەند چرکەدا تەواوی ئەو شتانە بزانێ بەڵام لەژێر چەتری مالکییەتی تاکەکەسیدا بیانوو بۆ بێ عەمەڵی خۆی دەهێنێتەوە. چون تەواوی ئەو دز و گەندەڵکار و ڕانت وەرگرانە سەر بە ڕێژیمن و جەستە و ناخی ڕێژیم لە گەندەڵی سیستماتیکەوە بە تەواوی مانا گلاوە بۆیە هەر چەشنە ڕونکردنەوە و شەفافییەتێک دەبێتە هۆی وشیاربوونەوەی زیاتری خەڵک و لە تەمەنی نگریسی ڕێژیمی ئاخوندی کەم دەکاتەوە.

## چیرۆک

# لەژێر ڕەهێڵەی باراندا

**عەلی سۆهرابی**

نمنم باران دەباری. سێچەرخەکەت لاجەولاج کەوتبووە ناو جۆگە ئاوەکە و پێشی ئاوەکەی گرتبوو. ئاوەکە پنداوی دابووەوە و وەسەر لێوی جۆگەکە کەوتبوو. جارجار تەوژمی ئاوەکە نەختێک سێچەرخەکەتی دەجوولاندەوە.
بەسەریدا قیژاندی: باوکە ئەو ژن و منداڵە قوڕوەسەرانە کلفەت و نۆکەری تۆ نین. دە لێمان گەڕێ نەختێکیش بۆ خۆمان بژین.
ئەوە یەکەم جار نەبوو دڵت دەشکا. لە پاش ڕەحمەتی، دڵت هەزار جار شکابوو. ئیتر هەر ڕۆژە و لەتێکی ورد و خاش دەبوو. زۆر جار حەزت دەکرد پێی بڵێی: «دەسمایەکەت بەرهەمی ڕەنجی چەندین ساڵەی من و خوێنی ناوادەی دایکتە. دەنا تۆ ئەو کوڕە نەبووی و ئێستاش نی». بەڵام نەتدەگوت... قەت نەتدەگوت. کە خوێنی دایکیت بیر دەکەوتەوە، کزەت لە جەرگی دەهات. دیسان ڕووداوەکەت دەهاتەوە بەر چاو و دەچوویەوە ناو ئەو تڕومبێلە تێکشکاوەی تەرمی هاوژینەکەت و جەستەی نیوەگیانی تۆی تێدا بوو. بۆیە بەردەوام پشووت دەخواردەوە و چەندی دەتکرد بەسەر زمانتدا نەدەهات. چاوت دەبڕییە وێنەی سەر دیوارەکە و دەتناڵاند: «بیری ئێرەمان نەکردبووەوە هاوژین... بیری ئێرەمان نەکردبووەوە...».
- لەم هۆدەیە گەڕێ... ئەوە هۆدەی من و دایکت بوو...
- ناکرێ باوکە.
- هەزار بیرەوەریی خۆش و ناخۆشم لەو هۆدەیە هەیە. هێشتا بۆنی دایکتی لێ دێ. لانیکەم تا من ماوم...
نەیهێشت قسەکەت تەواو بکەی. گوڕاندی: دەڵێم ناکرێ باوکە. دە واز بێنە.
- باشە کوڕەکەم... هیچ نەبێ وێنەکەمان...
بە ئانقەست بەری داوە یان هەر بەڕاست لە دەستی بەر بووەوە؟ بووکەکەت دەیگوت لە دەستم بەربووەوە. بەڵام تۆ و هیوا هیچ کات باوەڕتان پێی نەکرد.
- دڵگیر مەبە باوکە. وێنە کۆنێک ئەوەندە ناهێنێ. بۆتی لە قاب دەگرمەوە.
دەتزانی ڕاست ناکا. دەتزانی ئیتر هەرگیز چاوت بەم وێنەیە ناکەوێتەوە. هەر واشی لێ هات.
دڵ و هۆدەکەتی پێکەوە بەسەر یەکدا ڕووخاند. لە دوورەوە بە حەسرەتەوە چاوت لە ڕووخاندنەکەی بوو. فرمێسکی بێ دەسەڵاتیی تۆ و تۆزی داڕووخانی هۆدەکەت بۆ ساتێک تێکەڵ بوون. قورسایییەکی تواناپڕووکێن هەموو لەشی داگرتی :
- ئاخ کە چەندە بەڵایەکی گەورەی بێ دەسەڵاتی !
ئەوەت کەنگێ گوت؟ تۆ گوتت؟ بە کێت گوت؟
- هۆدەیەکت بۆ ساز دەکەم تێیدا بحەسێیەوە. هەموو شتی دەناوەخۆی دابێ. زۆر بە سانایش بتوانی بە سێچەرخەکەت هاتوچۆی دەر و ژوور بکەی .
ئەوەی ڕاست دەرچوو. لە پەنا کۆشکەکەی خۆی، هۆدەیەکی بۆ چێ کردی کە هەموو شتی لە ناوەخۆیدا بوو. هۆدەیەکی گەورە و ڕووناکیی پڕاوپڕ لە تەنیایی. ئیتر وێنەی هاوژینەکەشت نەمابوو لەگەڵی بدوێی. هەر تەنیایی و هەر تەنیایی و هەر تەنیایی... .
بووکەکەت دەیگوت: پیرە سەگ تۆ چەندە گیان سەختی. ئەدی کەنگێ لە کۆڵمان دەبییەوە؟
هیوا دەیگوت: باپیرە خەم مەخۆ... من هەر دێمە لات. دەست و لاقە سڕەکەتی بۆ دەشێلای. ئاوی بۆ دەهێنای و هەوڵی دەدا دڵت بداتەوە. کە تۆ خەمبار دەبووی، خەمێکی قووڵ و منداڵانە لە چاوەکانی دەخزا.
ئەو ڕۆژە لەگەڵ هیوا تێر بەسەر ئەو وێنەیەدا گریان کە هیوا کێشابوویەوە و بۆتی هێنابوو. وێنەی تۆ و هاوژینەکەت لە کاتی بووک و زاوایەتیتاندا. ڕاست وەک ئەو وێنەیەی بووکەکەت بەری داوە و شکاندی. بۆی بە دیوارەوە هەڵواسی. جۆرێک کە دەستت بیگاتێ. جۆرێک کە لەسەر سێچەرخەکەتەوە لە ڕاستی چاوەکانت بێ. کە دەستی تەنیایی دڵی دەگوشی، لە وێنەکە دەهاتە دەر و دەبووە ئاواڵی تەنیاییت. لەگەڵت دەدوا. لەگەڵت پێدەکەنی و لەگەڵت دەگریا... .
هیوا، ئەو منداڵە ژیکەڵەیەی جاروبار کفتە و شامی کەبابی بۆ دەدزی و لەسەر ئەوەش لێدانی بەردەکەوت، توانیبووی نەختێک سێبەری قورسی ئەو تەنیاییەت کەم بکاتەوە.
- باپیرە تۆ لەگەڵ ئێمە نایەی بۆ سەفەری نەورۆزی؟
- نا کەسی باپیرەی. من ناتوانم.
ئێوارەیەکی درەنگ بوو. نمنم باران لە هێڵی تاریکی دەدا. باران دەباری و باران دەباری. بەسەر هەموو خەم و خەفەت و ماندوویەتیتدا باران دەباری. شریخەی هەور و ترپەی باران، ئاوپرژێنی دڵی دەکردی. وەکوو پێشوو دڵت پێی هێور دەبووەوە. حەزت دەکرد بچییە ژێر باران. بە یادی ئەو ساڵانەی لەگەڵ هاوژینەکەت بەبێ چەتر لەژێر باراندا پیاسەتان دەکرد... هاوژینەکەت دەیگوت: چەتر پێوەندیت لەگەڵ باران دەپچڕێنێ. چەتر ناهێڵێ هەست بە ڕووحی باران بکەی. مژ و باران و تاریکی بەسەر خۆت و سێچەرخەکەت و بیرەوەرییەکانتدا دەباری. تۆ نوقمی بیرەوەرییەکانی ڕابردوو، ڕابردوو نوقمی مژ و تاریکی و مژ و تاریکیش نوقمی خەم و حەسرەت.
- وەرە پیاوەکە وەرە... وەرە بە شوێنمدا...
پاڵت بە سێچەرخەکەوە نا. بە هەست و گوڕی لاوەتیتەوە شوێنی کەوتی. لەناو مژ و تاریکیدا جارجارە دەردەکەوت و بانگی دەکردی. تۆش بە هەموو تواناتەوە، بە ناو ئەو قوڕ و زێڵەقەدا پاڵت بە سێچەرخەکەتەوە دەنا. ئەو هەر دەڕۆیشت و تۆش بێ ئەوەی بزانی چەندە لە ئاوەدانی دوور کەوتوویەتەوە، جار بۆ جارێ بەگوڕتر پاڵت بە سێچەرخەکەتەوە دەنا. هەمیسان کراسێکی سپی گوڵگوڵی لەبەردا بوو. کە شمشیری برووسک تاریکایی ئاسمانی دەقەڵاشت، گوڵەکانی سەر کراسەکەی دەترووسکانەوە. هێندێک جار هەستت دەکرد تەواو لێی نزیک بوویەتەوە. باران بە هەموو هێزیەوە دەباری و دەر و دەشت ئاوی لەبەر دەڕۆیی. هەموو لەشت ئاوی لێ دەچۆڕا. تەنانەت جلەکانی ژێرەوەشت تەڕ ببوون.
- وەرە پیاوەکە... وەرە... شەکەت بووی بە دەست ئەم ژیانەوە... .
هەتا هێزت هەبوو پاڵت بە سێچەرخەکەوە نا. بەو جووڵەیە، سێچەرخەکەت سووڕا و بە ناو ئەو قوڕ و زێڵەقەدا ڕووی لە جۆگە ئاوەکە کرد. لەسەر تەنیشت چەقی و سەرانگرێ بووی. بە سێچەرخەکەتەوە لەسەر تەنیشت کەوتییە ناو جۆگە ئاوەکە. هاوارت کرد: بمگەنێ... کوڕە خنکام... بمگەنێ... .
لە پەستا پەلەقاژەت دەکرد. بە هەموو هێزتەوە خۆت دەکوتا و قایشەکە نەیدەهێشت لە سێچەرخەکەت ببیەوە. نەختێک ئاوەکەت قووت دا. تام قوڕاو بەر ئەوکی گرتی. سەرت لەژێر ئاوەکە هێنا دەر. هەناسەیەکی قووڵت هەڵمژی. ئاوەکە هەر دەهات و پنداوی دەداوە و زیاتر تەوژمی بۆ دەهێنای. سەرت بەردەوام لە بن ئاو و سەر ئاودا لە هاتوچۆدا بوو. هەستت بە ماندووبوونێکی بێ کۆتایی دەکرد. هاوارەکانت لەسەر ئاوەوە دەبردە ژێر ئاو. دیسان لەو قوڕاوەت قووت دا و دیسان و دیسان و دیسان...
هەناسە سپییەکانت دەبوونە بوڵق و بە بەر چاوتەوە لە قوڕاوەکە دەردەچوون. وەک پێی ڕاهاتبی، ئیتر تام قوڕاوەکەت پێ ناخۆش نەبوو. هەستت کرد سووکتر بوویە. ئیتر هیچ ژان و ئێشێکت لە لەشتدا هەست پێ نەدەکرد. گوێت لە دەنگی پێی بوو. چاوت هەڵێنان. تەواو لێت نزیک ببووەوە. بزەیەکی نەرمی لەسەر لێوان بوو.
- دەستم بگرە... هەستەوە...
- ناتوانم. چۆن هەستمەوە؟
- هەستەوە پیاوەکە هەستەوە. شەکەت بووی بەسەر ئەم سێچەرخەیەوە.
بە کراسێکی سپی گوڵگوڵییەوە دەستی بۆ ڕاداشتبووی.
- هەستەوە. ئەم سێچەرخە نەفرەتییە جێ بهێڵە... تۆ حەزت لە پیاسەی ژێر باران نییە؟
دەستیت گرت. هەستایەوە. چاوت لە چاوانی بڕی. شایی لە چاوەکانیدا دەگەڕا. هەستت بە خۆشییەکی سەیر کرد. توند لە باوەشت گرت. بۆن خاوی پرچەکانی بە بەر لووتتدا هات. دیسان چاوت لە چاوانی بڕی. قۆڵی لە قۆڵت کرد :
- با بڕۆین پیاوەکە... با بڕۆین.
لەناو مژ و تاریکیدا ، باران بەسەر خۆت و هاوژینەکەت و تەرمی سێچەرخەکەتدا دەباری.

## وەخەبەر بێن

وەخەبەر بێن، وەخەبەر بێن چرا خامۆشەکانی شەقامە یەخسیرەکان
وەخەبەر بێن ئەویندارە ئەوین کوژراوەکان
شکۆی ئەم جەردە هەناسەکوژانە بشکێنن
وەخەبەر بێن ژنانی نیشتمانی لە خەم مارەکراو
بازنەکانی ناو دەستتان بە فیشەک دروست کەن
گوارەکانتان قەڵەم بێ، لە دەمتان سروودی ڕزگاری بباریێ!
سەمای ئازادی لە هەنگاوتان هاوار بکات و هەیبەتی
وەک پووشی دوژمن بە هەناسەی تووڕەی ئێوە لەبەر یەک
هەڵبووەشێ .
ڕاپەڕن کچانی پرچ پەخشانی شێوە وەک خۆر
ڕاپەڕن و بازگەکانی زۆرداری بەسەر یەکدا بڕووخێنن
ڕاپەڕن، بە باڵای وەک چنارتان پەرچەمی ستەمکاران لەسەر دوند،
لەناو گۆڕەپانەکانی شار هەڵکەنن، چاوی وشەی خیانەت کوێر
بکەن
بە دەنگی شەرافەت و کەرامەتتان گوێی وشەی کۆیلایەتی
کەڕ بکەن
زیندانەکانی ناهومێدی گەمارۆ بدەن، کەلپچەی دەستی هیواکان
بکەنەوە
میلی بەندیخانەکان بە بڵێسەی بەتینی ناو دڵتان بتوێننەوە
خەونی پێشینییەکانمان لە خەو هەستێنن و لەگەڵ ڕاستیدا
ئاشتی بکەنەوە
بە حەزرەتی ئازادی بەڵێن بدەن، تۆڵەی ساڵە شەهیدەکان لە
دوژمنی سەرماپەرست دەکەنەوە
وەخەبەر بێن، وەخەبەر بێن بارانەکانی سەردەمی وشکەساڵی،
قاقڕستانی نیشتمانم بۆ بژێننەوە
مەرگفرۆشەکان لە بازاڕی ژیان دەر بکەن
بە بزەی سەر لێوتان ڕەحمەتی خوداوەند بەسەر بەیار و کێڵگەی
وڵاتی هەژاران بباریێنن !
عەداڵەت لە خەو هەستێنن، سەربەستی لە سیاچاڵەکانی
هومێدکوژدا بخەنە دەستی ڕزگاری
چەکوچ لە دەست دادوەری زگپەرست بستێنن و ژوورە تاریکەکان
کە دەستکردی خۆیانە بە دیاری پێشکەش بە پاشماوەی ژیانیان
بکەن .
پەنجەرەکان بکەنەوە، دەرگاکان بکەنەوە، با بۆن و بەرامەی
وەچەکانی شۆڕش و ڕەهایی بۆگەنیوی دەسەڵاتی ئیزرائیلپەرستانی
بێگانە ڕاو بنێ
وەخەبەر بێن شاژنەکانی داهاتوو، وەخەبەر بێن ئەندێشە جوانەکانی
ڕابوون، وەخەبەر بێن و ڕەهایی بە نیشتمان ببەخشن بە پانەوە !

**پیرە چریک**

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No : 794 · 5 March 2021

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# «ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی ڕەشەمەی ساڵی ۹۹ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکوومکردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان:

ڕۆژی سێشەممە ٥ی ڕەشەمە، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «بێهزاد ئەدوایی»، خەڵکی گوندی «سلێن» سەر بە شاری سەوڵاوا، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.
ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی ڕەشەمە، چوار هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «مادێح مەحیەدینی»، «ئارمان شێرزاد»، «ڕۆژگار فەرقیزادە» و «محەممەدساڵح گوودەرزی»، خەڵکی شاری مەریوان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون.
ڕۆژی سێشەممە ١٢ی ڕەشەمە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئیبراهیم پوورمحەممەد»، کوڕی ڕەزا و خەڵکی گوندی «قەرەجەوران» سەر بە چاڵدران، بەهۆی سەرمابردووییەوە لە بەرزاییەکانی ئەو شارە گیانی لەدەست دا.

### بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئیتلاعاتییەکان:

ڕۆژی سێشەممە ٥ی ڕەشەمە، جەوانمیر مورادی، چالاکی کرێکاری، بانگهێشتی لقی ١ی دادگای ئینقلابی کرماشان کرا. لقی ١ی دادگای ئینقلابی کرماشان، ئەو چالاکە کرێکارییەی بۆ ئامادەبوونی لە کۆبوونەوەی پێڕاگەیشتن بە دۆسیەکەی، بە تۆمەتی «پڕۆپاگەندە دژی نیزام» بانگهێشت کردووە.

### ڕاگواستن بۆ زیندان:

ڕۆژی شەممە ٢ی ڕەشەمە، فەرهاد مووساپوور، خەڵکی شاری ڕەبەتی سەردەشت لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سپا لە ورمێ، بۆ زیندانی ئەو شارە ڕاگوێزرا.
ڕۆژی دووشەممە ٤ی ڕەشەمە، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «محەممەد مەنگووڕ کوردستانی»، کوڕی مامەند و خەڵکی گوندی «کەوپەڕ» سەر بە پیرانشار، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی، ڕەوانەی زیندانی نەغەدە کراوە
لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «سیاوەش عەینی» و «کەیوان ئەندار»، خەڵکی شاری مەهاباد، پاش کۆتایی ماوەی لێپرسینەوەکەیان لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سپا لە ورمێ، بۆ بەندی دابڕگەی زیندانی ئەو شارە ڕاگوێزراون.
ڕۆژی شەممە ٩ی ڕەشەمە، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئەحمەد عەبدوڵڵاپوور»، کوڕی عومەر و خەڵکی شاری پیرانشار، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی نەغەدە کرا.

ڕۆژی شەممە ٩ی ڕەشەمە، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «کەیوان نژادڕەسووڵ»، تەمەن ٢٨ ساڵ، کوڕی محەممەد و خەڵکی گوندی «شیناوێ» سەر بە پیرانشار، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی نەغەدە کراوە.
ڕۆژی سێشەممە ١٢ی ڕەشەمە، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «فەرەیدوون مووساپوور»، خەڵکی شاری ڕەبەتی سەردەشت، بۆ بەندی زیندانییانی سیاسیی زیندانی ورمێ ڕاگوێزرا.

### مەحکووم کرانی هاووڵاتییان بە زیندان و کەمکردنەوەی حوکمی زیندانی:

حوکمی ١٥ ساڵ زیندانیی شاناز (بێریوان) سادقی فەر، زیندانیی سیاسیی کورد لە دادگای پێداچوونەوەی ورمێ، بۆ ٥ ساڵ و ڕۆژێک کەم کرایەوە.
حوکمی ١١ مانگ زیندانی سەعید سەنگەر، زیندانیی سیاسیی بەندکراو لە زیندانی ورمێ بە «تسلیم بە رأی»، بۆ ٩ مانگ زیندان کەم کرایەوە. لقی ١ی دادگای ئینقلابی ورمێ بە پشتبەستن بە مادەی ٤٤٢ی یاسای ئایینی دادڕەسیی کەیفەری ٢ مانگ لە ١١ مانگ زیندانی ئەو زیندانییە سیاسییەی کەم کردووە.
هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «فەرشاد فەتاحی»، خەڵکی ورمێ، لەلایەن لقی ٢ی دادگای ئینقلابی ئەو شارە بە سەرۆکایەتی دادوەر «شێخلوو»، بە سێ ساڵ زیندان مەحکووم کرا.

### دژایەتی لەگەڵ ئازادکردنی زیندانیی سیاسی:

بەرپرسانی زیندانی ورمێ، لەگەڵ داواکاریی مەرەخەسیی دەرمانیی زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی «نایب حاجیزادە یەنگیجە»، دژایەتییان کردووە.

### گیان لەدەستدان و برینداربوونی کرێکاران:

ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی ڕەشەمە، کرێکارێکی ئیدارەی بەرق لە شاری سەقز، بە ناوی «ئەحمەد ئەردەڵان» پاش ٢٦ ڕۆژ خەواندن لە نەخۆشخانەی سنە، گیانی لەدەست دا.
ڕۆژی سیشەممە ١٢ی ڕەشەمە، لە ڕووداوێکی نەخوازراودا، یەکێک لە کرێکارانی شارەداریی تیکاب، وەبەر ماشین دەکەوێت و بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە گیانی لەدەست دا. شوناسی ئەو کرێکارە «ئیسماعیل محەممەدی» کوڕی محەممەد» خەڵکی شاری تیکاب ڕاگەیەندراوە.
لە لایەکی دیکەوە، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٣ی ڕەشەمە، کرێکارێکی تەمەن ٥٤ ساڵەی خەڵکی شاری مەهاباد، لە کاتی کارکردن بەهۆی بەربوونەوە، دەکەوێتە ناو چاڵەی ئاسانسووری بینایەکی نیوەکارە و گیانی لەدەست دا.
هاوکات و لە شاری «مەریوان»ـدا، کرێکارێکی «نۆدشە»یی و دانیشتووی مەریوان بە ناوی «عەباس مەساعید»، لە کاتی کارکردن لە بینایەکدا، بەهۆی بەربوونەوە بە سەختی بریندار بوو.

### ئێعدام:

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران ڕایگەیاندووە، ڕۆژی دووشەممە ٦ی ڕێبەندان، حوکمی لەسێدارەدانی دوو زیندانیی تۆمەتبار بە «قەتڵ»، بە ناوەکانی «هووشەنگ محەممەدی»، کوڕی نەزەرعەلی و «عەلی ئەنگەزی»، کوڕی میرزاجان، لە زیندانی کرماشان جێبەجێ کراوە.
ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی ڕەشەمە، حوکمی ئێعدامی زیندانییەک لە زیندانی دیزڵاوای کرماشان، جێبەجێ کرا.
هەواڵدەریی «هێرانا»، شوناسی ئەو زیندانییەی «حامید مستەفایی»، خەڵکی شاری هەرسین، ڕاگەیاندووە کە پێشتر بە تۆمەتی پەیوەندیدار بە مادە سڕکەرەکان بە ئێعدام مەحکووم کرابوو.

### تەقینەوەی مین:

ڕۆژی پێنجشەممە ٣٠ی ڕێبەندان، تەقینەوەی یەکێک لە مینە بەجێماوەکانی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق لە سنووری شاری مێهران، دوو کوژراوی لێ کەوتەوە. میدیاکانی حکوومەتی ئێران، شوناسی کوژراوەکانی ئەم ڕووداوەیان بە «عەلیڕەزا گوڵمحەممەدی» و «مەحموود حاجقاسمی»ی، ڕاگەیاندووە.
ڕۆژی سێشەممە ١٢ی ڕەشەمە، وەرزێڕێک بە ناوی «ستار ئەزهەری»، خەڵکی گوندی «لکبن» سەر بە پیرانشار، بەهۆی تەقینەوەی مین بریندار بوو.
هاوکات لە هەمان ڕۆژدا، فەرمانداری شاری قەسرشیرین ڕایگەیاندووە کە یەکێک لە کۆچەرییەکانی ناوچەی «سومار»، بەهۆی تەقینەوەی یەک تیر مینی بەجێماو لە شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا، دەستی بریندار بووە.
هەر لەو پەیوەندییەدا، ڕۆژی دووشەممە ٤ی ڕەشەمە، تەقینەوەی یەکێک لە مینە بەجێماوەکانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق لە شاری قەسرشیرین، بوو بەهۆی ئەوەیکە منداڵێکی تەمەن ٧ ساڵ دەست و لاقی بریندار بێت.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:

ڕۆژی شەممە ٩ی ڕەشەمە، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری شاری نەوسوود، کۆڵبەرێکی کورد بریندار بووە. هەواڵنێری کوردپا شوناسی ئەو کۆڵبەرە کوردەی بە ناوی «محەممەد» خەڵکی گوندی «داریان» سەر بە شاری پاوە ڕاگەیاندووە.

### کوژرانی هاووڵاتییان:

شەوی شەممە ٢ی ڕەشەمە، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ئەبووبەکر یاهوو»، تەمەن ٣٦ ساڵ و خەڵکی گوندی «گۆڕەشێر» سەر بە سەردەشت و «ئەسکەندەر محەممەد»، تەمەن ٣٥ ساڵ و خەڵکی «پشدەر» سەر بە هەرێمی کوردستان، لە ئەنجامی تەقە و ڕاوەدوونانی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، گیانیان لەدەست داوە.
ڕۆژی چوارشەممە ٦ی ڕەشەمە، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «عەبدوڵڵا نادری» و «عوسمان نادری»، کوڕی مارف و خەڵکی شاری پیرانشار، بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران، گیانیان لەدەست داوە.

